

ئۆنۆره دو باڵزاک

# کچە

## چاو ئاڵتوونییەکە

وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا ڕەسووڵی

GOLDEN BOOK


کتێبخانەی (PDF)

ناوی کتێب: کچە چاو ئاڵتوونییەکە
نووسینی: ئۆنۆرە دو باڵزاک
وەرگێڕانی : عەبدوڵڵا ڕەسووڵی
پیداچونەوە: سیروان سلیمان
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: تاران
تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠١٩

GOLDEN BOOK

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٥٣٥) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

ئۆنۆره دو باڵزاک له دایکبووی ۲۰ی مه‌ی ۱۷۹۹، نووسه‌ری ناوداری فه‌ره‌نسیه، به‌پێشه‌وای قوتابخانه‌ی ریالیزمی (ئه‌ده‌بیات) کۆمه‌ڵایه‌تی داده‌نرێت. وێناکردنی ورد و سه‌رنجڕاکێش له فه‌زای ڕووداوه‌کان و شیکاریی وردی ڕۆحیه‌تی که‌سایه‌تییه‌کانی چیرۆک، باڵزاکی کردۆته یه‌کێک له ناسراوترین و کاریگه‌رترین ڕۆماننووسه‌کانی ئه‌م دوو سه‌ده‌یه.

خۆشه‌ویستی

هه‌ست

له‌خۆبردوویی

توخمه پێکهێنه‌ره‌کانی بوونی ژنێکن.

## ئۆنۆره دو باڵزاک

ئۆنۆره دو باڵزاک له ٢٠ی مەی ١٧٩٩ له فەرەنسا له دایکبوو و له ١٨ی ئۆگۆستی ١٨٥٠ کۆچی دوایی کرد. نووسەرێکی ناوداری فەرەنسیه که به پێشەوای قوتابخانەی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی له ئەدەبیات دادەنرێت و له نووسەره چالاکەکانی دونیایە. له ماوەی تەمەنی کورتی زیاتر له سەد وتار، ڕۆمان و شانۆنامەی نووسیوە. باڵزاک له نووسراوەکانیدا له ئەشرافی زاناکانەوە بگره هەتا جووتیاره ڕەشۆکییەکانی له کۆمیدیای مرۆیی خۆیدا جێگا دەکاتەوە و لایەنه جۆراوجۆرەکانی کەسایەتی ئەوان نمایش دەکات. سوودوەرگرتنی ئەو له تەکنیکی دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان کەسایەتییەکان و دووبارەکردنەوەی ئەوان له چیرۆکه جیاوازەکان، دەبێته هۆی ئەوەی له بەرفراوانکردنی دەروونناسی کەسایەتییه جیاوازەکاندا سەرکەوتوو بێت.

ڕیالیزمی ڕووت و ڕەشبینی باڵزاک له ئاست سروشتی مرۆیی که له بەرهەمەکانیدا دەبیندرێتەوە، ئەوی کردۆتەوە پێشڕەو و بوارڕەخسێنی بزوتنەوەی ناتۆرالیزم له ئەدەبیاتی فەرەنسادا. کاریگەریی زۆری ئەو لەسەر نووسەرانی ناتۆرالیست به تایبەت

"ئێمیل زۆلا" بەئاشکرا دەبیندرێت. هۆکاری زۆری وەکو قۆناغی منداڵی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەردەمی ئەو، پشکیان لەم ڕەشبینیەدا هەیە.

"کۆمیدیای مرۆیی" ناوێکە باڵزاک بۆ کۆبەرهەمی خۆی هەڵیبژارد، نزیکەی ٩٠ ڕۆمان و چیرۆکی کورت لە خۆدەگرێت. وەسفکردنی ورد و سەرنجڕاکێشی لەبارەی فەزای ڕووداوەکان و شیکاریی ناسکی ڕۆحیەتی کەسایەتییەکانی چیرۆک، باڵزاکی کردۆتە یەکێک لە ناسراوترین و کاریگەرترین ڕۆماننووسانی دوو سەدەی ڕابردوو. باڵزاک لە خێزانێکی مامناوەند لە شاری "تور"ی فەرەنسا لەدایکبووە. لەتەمەنی هەشت ساڵی ڕەوانەی قوتابخانەیەکی شەوانەڕۆژی کرا. بەڵام لە ساڵی ١٨١٣ قوتابخانەی بەجێهێشت و ساڵی دواتر هاوڕێ لەگەڵ خێزانەکەی بۆ پاریس ڕۆیشت. لەساڵی ١٨١٩ لە بەشی یاسا بڕوانامەی وەرگرت. بە پێچەوانەی خواستی خێزانەکەی بڕیاری دا سەرقاڵی ئەدەبیات بێت.

سەرەتادا لەژێر کاریگەری "ڤالتێر سکات" نووسینی ڕۆمانە مێژووییەکانی دەست پێکرد، ڕۆمانگەلێک کە دوایی خۆی ناوی لێنان "قسە قۆڕە ئەدەبییەکان". لەم قۆناغەدا ئاشنایی لەگەڵ ژنێک بەناوی "لۆر دو بێرنی" پەیدا کرد. ئەم ژنە زیاتر لە بیست ساڵ لەو گەورەتر بوو، لە ژیانی باڵزاکدا ڕۆڵی دایک و هەروەها خۆشەویستی گێڕا. ئەو لە بواری مادی و مەعنەوییەوە

پشتیوانییەکی زۆری لە باڵزاک کرد و خۆشەویستییەک کە باڵزاک لە تەمەنی منداڵی لێی بێبەش بوو بۆی قەرەبوو کردەوە. یەکەمین بەرهەمی جێی سەرنجی باڵزاک "دەروونناسی هاوسەرگیری" لەساڵی ١٨٢٩ بڵاوکرایەوە. دوای نووسینی چەند ڕۆمانێکی پەسەندکراو، لای خەڵکی ئاسایی و پێکەنیناویی و هەوڵدان بۆ بوونی داهات لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوە کە قەرزێکی زۆری بەسەردا هێنا، بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی "تاوانی جادووگەرانە" لە ساڵی ١٨٣١ ناوبانگێکی زۆری بۆ دەستەبەر کرد.

دواتر باڵزاک شەو و ڕۆژ سەرقاڵی نووسین بوو، بە سەرنجدان بە چانسێک کە بەرهەمەکانی هەیانبوو و کەشخەیی و قسەخۆشی میوانی هۆڵەکانی پاریس بوو.


کچـــه
چاو ئاڵتوونییەکە
وەرگێرانی: عەبدوڵڵا ڕەسووڵی


کچە
چاو ئاڵتوونییەکە

بێگومان یەکێک لە تۆقێنەرترین دیمەنەکان کە لە پاریس ڕووبەڕووی دەبینەوە، بارودۆخی گشتی خەڵکی ئەم سەرزەمینەیە ـ خەڵکی بێ ڕەنگ و ڕوو، لاواز و خەمۆک، لەوە دەترسن ببیندرێن. پاریس، پانتاییەکی بەرفراوانە کە لە کۆنەوە هەتا ئێستا بە زریانێک لە بەرژەوەندییەکان بەدەوری کەسایەتییەکاندا دەسووڕێتەوە، دەست و پەنجە نەرم دەکات. خەڵک زیاتر لە هەر سەرزەمینێکی دیکە دەکەونە داوی مەرگەوە، بەڵام بەهەمان ڕێژەش ئاماری لە دایکبوون بەرزە و وارسکە و هەوەس و خۆشەویستییەک کە لە مێشکی ئەواندا کەڵەکە بووە، لە درزی ئەم دەموچاوە سیس و بێڕۆحانەوە کڵپە دەستێنێت.

ئەمانە زیاتر لەوەی کە دەموچاوی خەڵک بن، دەمامکگەلێکن کە دەموچاویان لە ژێردا شاردۆتەوە، دەمامکگەلێک لە لاوازیی، هێز، چارەڕەشی، سەرخۆشی و دووڕوویی، ئەوان بە دووی چییەوەن؟ سامان یا شەهوەت؟ ڕەنگە خوێندنەوەی پێشینە و ڕۆحی پاریس بتوانێت پاساوێکی باش بۆ هۆکاری دەموچاوە دژیەکەکانیان بخاتەڕوو. گەنج بەڵام ڕەنگ زەرد و سیسەڵە، پیر

بەڵام سوراو سپیاو کراو بۆ ئەوەی گەنج ببیندرێت. ئەو بێگانانەی کە ئاگایان لە پشت ئەم دەمامکانە نییە و زۆر لەو ورد نابنەوە، لە یەکەمین نیگادا تووشی هەستێکی بێزلێکردنەوە لە پایتەخت دەبن، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا غەرقی چێژ دەبن و ناتوانن دڵ لەوێ هەڵکەنن و بە حەز و ئاواتێکی زۆرەوە لەوێدا دەمێننەوە، بۆ ئەوەی وەکو ئەوانیتر دەموچاویان بگۆڕێت.

پاساوهێنانەوەی فیزیۆلۆژی دەموچاوی جەهەنمی پاریسییەکان پێویستی بە ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند نییە و تەنانەت بەم بۆنەوە پاریسیان بە "جەهەنم" ناونا، ڕەنگە لە هەندێ لایەنەوە بە گاڵتە بێتە ئەژمار، بەڵام ئەم تایبەتمەندیانە ئەوەندەش بێکاریگەر نەبوون لەم ناونانەدا. دەبێ هەقیقەت پەسەند بکەین، ئەم هەقیقەتە کە لەوێدا هەموو شتێک ئاگر دەگرێت، دووکەڵ دەکات، دەدرەوشێتەوە، دەتەقێتەوە، گڕ دەگرێت، دەبێتە هەڵم، لەنێودەچێت و دوایی دیسان بە بریسکەیەک ڕۆحی دەکەوێتەوە بەر و دیسان لەنێو دەچێت. لە هیچ وڵاتێکی دیکەدا ئەوەندە ژیان بەرز و نزمی نەکردووە. وا هەست ئەکەی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی ئەمەیە کە تەنانەت لە خراپترین حاڵەتی کۆتایی هاتنی کارێکیش دروشمی "ئەمەش تێپەڕ دەبێت" دووبارە دەکاتەوە، دروست وەکو سروشت کە دوای هەر خەزانێک دیسان شین دەبێتەوە و ڕۆحێکی نوێ وەردەگرێت.

ئەم کۆمەڵە وەکو سروشت خۆی بە حەشەرە و گوڵی یەک ڕۆژە و شتی کاتییەوە سەرقاڵ دەکات، و لە زاری گڕکانی ئەزەلی

خۆی بەردی تواوە فڕێ دەداتە دەرەوە. باشتر وایە پێش ئەوەی شیکاری بەڵگەڵیک کە سیمایەکی تایبەتی بەهەر خێڵێک لەم نەتەوە زیرەک و چالاکە داوە، هۆکاری گشتی گۆڕینی ڕەنگ و کاڵ بوونی کەسەکان تاووتوێ بکەین.

سنووری نێوان ئەڤین و کەمتەرخەمی پاریس زۆر باریکە. سیمای بێڕۆحی بەتاڵە لەهەر جۆرە هەست و هەڵچوونێک و ئینتیمای بۆ خۆڵەمێشی هەیە. وەکو ئەو خانووانەی کە لە ژێر تەپوتۆز و دووکەڵدا ڕەنگیان گۆڕا. لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین پاریس لە هەر تەمەنێکدا بێت وەکو منداڵێک لە ساتەکاندا دەژێ. سکاڵای لە هەموو شتێک هەیە، خۆی بە هەموو شتێک ئارام دەکات، لە ئاست هەموو شتێک پێدەکەنێت، ئاواتی هەیە، لە بیری دەکات، بە حەزەوە دەست دەگرێت بەسەر هەموو شتێکدا و بە کەمتەرخەمی لە دەستی دەدات - پادشاکانی، سەرکەوتنەکانی، گەورەیی و شکۆ، پەرستراوە شوشەیی یا برۆنزییەکانی - بەهەمان شێواز کە گۆرەوی، کڵاو و سامان و دارایی خۆی فڕێ دەدات. لە پاریس هیچ هەستێک توانای خۆڕاگری لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا نییە، و ڕەوتی ناچاریی ئەم ڕووداوانە کێشمەکێشێکی لێدەکەوێتەوە کە لەودا هەستەکان و خۆشەویستی کوژاوەتەوە. لەوێدا خۆشەویستی هەوەسێک و ڕقی ئینتیمایەکە. هیچ خزمایەتییەک جیا لە پارە و هیچ برادەرییەک جیا لە کەسانێک کە قەرز دەدەن، بوونیان نییە.

ئەم غافڵبوونە بەسەر ژیانی هەموو خەڵکی پاریسدا زاڵە،

و دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە لە ماڵەوەش وەکو شەقام هیچ کەسێکی نەخوازراو نەهاتووە، هیچ کەسێک زیادی نییە، هیچ کەسێک بەتەواوی بەسوود یا بەتەواوی زیانبار نییە، لە دز و رژد و شێتەوە بگرە هەتا قسەخۆش و دروستکار و ساڵح زیاد نین. لەگەڵ هەموو کەسێک و هەموو شتێک لێبوردویی هەیە: حکومەت، ئایین، گیوتین و کۆلێرا. لەم سەرزەمینەدا هەمیشە ئێوە وەردەگیرێن، هیچ کات دەست بە سنگتانەوە نانێن. کەواتە لەم وڵاتەدا پاڵنەرێکی زاڵی بێ ئاکار، بێ باوەڕ، بێ ئایین، بێ هیچ هەستێک چییە؟ سەرەتا و ئامانجی بیروباوەڕ و ئاکار و هەستەکان چییە؟ خۆشی و ڕابواردن یا ماڵی دونیا و سامان؟

ئەم دوو وشە بکەنە چرای دەستتان و بە نێو ئەو قەفەسە گەورە گەچییە، ئەو کەنوە پڕ لە چاڵی ڕەشە بگەڕێن و بەو پێچاوپێچانەدا بگەڕێن کە فکر و خەیاڵ دەبزوێنن و بەهێزی دەکەن و سەرقاڵی دەکەن. بە وردی سەیری بکەن. لەهەنگاوی یەکەمدا تاووتوێی جیهانی پوچ و بێمانا بکەن.

پیشەسان، مرۆڤێک لە چینی زەحمەتکێش و کرێکار، مرۆڤێکە کە دەستەکانی، زمان، پشتی و تەنانەت پێنج پەنجەی لە ژیاندا بەکار دێنێت، هەمان مرۆڤی ڕاستەقینەیە، یەکەمین کەسێکە کە دەبێ ئاگای لە تەندروستی خۆی بێت. کەسێک کە لە بەکارهێنانی تواناکانی زێدەڕۆیی دەکات، هاوسەری وەکو مەکینە بەکار دێنێت، منداڵەکانی ماندوو دەکات و دەیانپووکێنێتەوە. نازانم

بەرهەمهێنەران چ هەوسارێکیان خستۆتە ملی هەموو خەڵک، کە بە جووڵاندنی هەمووان بەکار دێنن، بە دەستە پیس و ڕەشەکانیان قاپی فەغفوری پاک و بریقەدار دەگرنە قاڵب، جلوبەرگی ژنانە و پیاوانی کەشخە دەدورن، بیچم بە ئاسن و پۆڵا و ئەڵماس دەدەن، خوری و کەنەف دەڕێسن، بلوورەکان بە نیوقەوسی گوڵ دەرازێننەوە، گوڵی دەستکرد دروست دەکەن، ئەسپەکان ماڵی دەکەن، هەوساری ڕازاوە دروست دەکەن، لەسەر مس کاری هەڵکۆڵین دەکەن، شێوەکاری لەسەر عەرەبانە و داشقە دەکەن، هەموو جۆرە کانزایەک زاخاو دەکەن، لەسەر بەردی ئەتیق کار دەکەن، فکر دەڕازێننەوە و هەموو شتێک ڕەش و سپی دەکەن.

ئەم مرۆڤە بە بەڵێنی مووچەیەکی بەخشەندانە هاتۆتە نێو دونیایەکی پڕ لە ڕەنج و برادەری و خوێندنەوە و پشوودرێژییەوە. بۆیە ئەم بوونەوەرە چوار دەست و پێیانە بە ڕەنج و سەختی کار دەکەن، ئارەق دەڕێژن، ڕۆژوو دەگرن و هەموو توانای خۆیان بەکار دێنن بۆ ئەوەی ببیندرێن، ئەوکات شازادەی غافڵ لە داهاتوو و تەماحکاری چێژ، وەکو شێوەکارێک لە پالێتی ڕەنگ دەپاشێتە سەر تابلۆکە و ڕۆژانی دوو شەممە لە مەیخانەکان کە وەکو حەسارێکی زەلکاویی دەوری شاریان داوە، پارە بڵاو دەکەنەوە. مەیخانەگەلێک کە شوێنی کۆبوونەوە و کەسابەتی بێشەرمترین کچانی جوانکیلەیە و دەسترەنجی ئەم خەڵکە کە لە ڕابواردن و مەستی، تەماحکار لە کار و زەحمەت، لەسەرخۆ وەکو یارییەکی لە پێشڕا دۆڕاو، قورت دەدەن.

بۆ ئەم توێژی زەحمەتکێشەی پاریس لە پێنج ڕۆژ لە هەفتەدا هیچ پشوویەکی کار نییە. بە شێوەیەکی وەها غەرقی کار دەبن کە ماندوو و مەلوول دەبن، لاواز و ڕەنگ زەرد دەبن و بە هەر شێوەیەکی لواو وزەیان لەنێو دەچێت. دەتوانین بڵێین چێژ و پشویان ڕابواردنێکی بێمانایە، کە ئەنجامی ئەو تەنها مەستی و بەدخۆراکی و ڕەنگ زەردییە. ئەم ڕابواردن و خواردنەوە تەنها دوو ڕۆژ دەخایەنێت، بەڵام پاشەکەوتی داهاتوو، خۆراکی هەفتەی داهاتوو و جلوبەرگی ژنان و منداڵەکان بەخەسار دەدات.

بێگومان مرۆڤ لەدایکبووە بۆ ئەوەی جوان بێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئافرێندراوەکان جوانییەکی ڕێژەییان هەیە، نەک لە منداڵییەوە ئارەق برێژن و سەروکاریان لەگەڵ چەکوش و مەکینەی لەحیمدا بێت.

ڤۆلکانی ناشیرین و بەهێز هێمای هێز و ناشیرینی نەتەوەیەک نییە. نەتەوەیەکی زیرەک ماشێنێکی پڕ، پشوودرێژ لە بەرامبەر گۆڕانکاری سەردەمەکان و پێشتر لە سەدەیەکی تۆقێنەر، نەتەوەیەک کە وەکو barووت بە بریسکەیەکی بچوک دەوروژێن. بە ئارەق ڕشتن باڵغ دەبن و توندوتیژییەک لە ئاستی شۆڕشێک لە دەروونیان کڵپە دەستێنێت، بەتایبەت لەبەرامبەر دوو چەمکی ئەزەلی سامان یا شەهوەت کڵپە دەستێنێت!

بەلەبەرچاوگرتنی هەموو توێژەکان، لەو کەسانەی کە بۆ خێرکردن دەست پان دەکەنەوە، بگرە هەتا کەسانێک کە مافی

یاسایی وەردەگرن، هەتا بگات بەو کەسانەی کە لە مەیخانەدا لەشفرۆشی دەکەن، واتە هەموو داهاتە حەلال و حەرامەکان لەبەرچاو بگرین، ژمارەی ئەم کەسانە سێسەد هەزار کەسە. ئەگەر ئەم مەیخانانە نەدەبوو، ئایا حکومەت هەموو سێ شەممەیەک نەدەڕوخا؟ بە خۆشییەوە ئەم خەڵکە کە هەتا بینەقاقایان ڕایانبوارد، بێپارەن و بەپێی خووی ئەزەلییان بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی ژیانیان بۆ سەرکار دەڕۆن.

بەوەشەوە، ئەم خەڵکە تایبەتمەندی لەڕادەبەدەری تایبەتی خۆیان هەیە، ناپلیۆنگەلێکی نەناسراو، کەسانێک کە دەسەڵاتیان بە باشترین شێوازی لواو پەروەردە دەکەن و توانای کۆمەڵایەتییان لە هەبوونێکدا کورت دەبێتەوە، کە فکر و کاریان بۆ کەمکردنەوەی چێژ و پوچەڵکردنەوەی غەم و پەژارە تێکەڵ دەبێت. چانس کرێکارێکی دووربینی لەو دروستکردووە، دەتوانێت چاوێکی لە داهاتوو بێت، دەتوانێت هاوسەرێکی هەبێت و ئەزموونی باوکایەتی بکات و دوای چەندین ساڵ بێبەشبوون و چارەڕەشی، کار و کاسبییەک بۆ خۆی ڕێکبخات و دووکانێک بە کرێ بگرێت. ئەگەر نەخۆشی و گوناه نەبێتە لەمپەری بەردەم ژیانی، واتە ئەگەر لە کارێکدا سەرکەوتوو بێت، تازە بەستێنی ژیانێکی ئاسایی بۆ ئەو دەرەخسێت.

لە هەنگاوی یەکەمدا سڵاو بۆ پادشای فەرەنسا دەنێرێت، کە زەوی و زەمەن لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دایە. بەڵێ سڵاو بۆ

بوونەوەرێک دەنێرێت کە پێکهاتەیەک لە پۆتاسیۆم و نیترات و غازە، بوونەوەرێک کە لە شەوانی پڕ لە ڕەنج و دژواری منداڵگەلێکی بۆ فەرەنسا دروستکردووە و لە ڕۆژدا هەموو توانای خۆی بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیانی بەکار دێنێت. ئەم پیاوە ئاگاداری هاوسەری خۆشەویستی، دەستووری، دڵی، گاردی نیشتمانی، ئۆپرا، بەڕێوەبەرایەتییەکەی و خواوەندەکانیەتی، بەڵام تەنها لەبەر ئەوەی کە هاوسەر، ئۆپرا، گاردی نیشتمانی و ... بکاتە پارە.

بە کورتی، سڵاو بۆ کرێکارێکی بێ کەموکوڕی بنێرن.

هەموو ڕۆژێک کاتژمێر پێنجی بەیانی لە خەو هەڵدەستێت و وەکو پەلەوەرێک مەودای نێوان ماڵەکەی و شەقامی مۆنتمارتێ تێپەڕ دەکات. چ بەفر ببارێت و چ باران، ئەو لە کۆنستیتۆسیۆنێل ئامادەیە، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەیەک کە ئەرکی دابەشکردنی ئەوی لەئەستۆ گرتووە، وەربگرێت. ئەو ئەم نانە بەسیاسەتە بە حەزەوە وەردەگرێت و دەیبات. کاتژمێر نۆ لە باوەشی خێزانەکەی دایە، لەگەڵ هاوسەری گاڵتە دەکات و ماچی دەکات، کوپێک قاوە دەخواتەوە و ئامۆژگاری منداڵەکانی دەکات.

کاتژمێر چارەک بۆ دە خۆی دەگەیەنێتە نووسینگەی سەرۆکی شارەوانی. لەوێدا لەسەر کورسییەک دادەنیشێت، دروست وەکو بابەغایەک کە لە شوێنی خۆی دانیشتووە، خوو بە شاری پاریسەوە دەگرێت و بەبێ فرمێسک یا پێکەنینێک، هەتا کاتژمێر چوار هەموو

مردن و لە دایکبوونەکانی ناوچەیەک تۆمار دەکات. بە پێنووسی خەم و پەژارە و خۆشحاڵی گەڕەکێک دەگێڕێتەوە، بە شێوەیەک کە هەست ئەکەی ناوەڕۆکی کۆنستیتۆسیۆنێل قورسایی لەسەر شانی دەکات. هیچ شتێکی بۆ گرنگ نییە و هەمیشە ڕاستەوخۆ بەرەو پێشەوە دەڕوات.

نیشتمانپەروەری لە ڕۆژنامەوە فێر دەبێت، بەرهەڵستکاری هیچ کەسێک ناکات، لەگەڵ ڕەوتی ژیانی هاوڕێ دەبێت و وەکو پەلەوەرێک دەژی. مەودایەکی زۆری لەگەڵ کڵێسای گەرەکدا نییە، لە ڕێوڕەسمی گرنکدا دەتوانێت شوێنی خۆی بە ئەویتر بدات و خۆی بۆ مردوشۆرخانەی کڵێسا بڕوات، شوێنێک کە یەکشەممان ئەو لەوێدا بە دەنگی بە گوڕوتینی لە کاتی وتنی ئامین، دەیڕازێنێتەوە، بە شێوەیەک کە هەست دەکەی بانگدەرە.

کاتژمێر چوار کاری فەرمانگەی تەواو دەبێت و دیسان بە شادی و چێژەوە لە باشترین فرۆشگاکانی شار دەبیندرێت. خۆزگەم بە هاوسەری، لەبەر ئەوەی پیاوی ژیانی هیچ کاتێکی بۆ وروژاندنی ئیرەیی بردن نییە، لەبەر ئەوەی زۆرتر ئەهلی کار و هەوڵدانە نەک هەستیاربوون و سۆزداری. هاوکات لەگەڵ گەیشتنی، خاتوونە گەنجەکانی پشت پێشخوان کە ڕواڵەتی سەرنجراکێشیان موشتەری زۆر ڕادەکێشێت، لە شوێنی خۆیان وشکیان دەکات. بە نێو ڕەفەکانی فرۆشگادا دەگەڕێت و چێژ لە هونەری ئەو کەسانە وەردەگرێت کە ئەوانیان بە ڕێکوپێکی داناوە.

زۆربەی کات تەنانەت پێش شێوان کاریی موشتەرییەکان جێبەجێ دەکات، لاپەڕەیەک لە ڕۆژنامەکە کۆپی دەکات، یا ئەو کاڵایانەی درەنگ گەیشتوون تەسلیمی پاسەوان دەکات.

هەموو ڕۆژێک لەسەر وادەی خۆی کاتژمێر شەشی بەیانی لەسەر کارەکەی ئامادە دەبێت. ئەو گۆرانیبێژێکی ئۆپرایە، ئەو گۆرانیبێژێکی هەمیشەییە، کە بوونی دەنگە گڕەکەی بووەتە هۆی جێگیربوونی، هەمیشە ئامادەی ئەوەیە کە سەربازێک، بەندییەک، وەحشییەک، جووتیارێک، ڕۆح، وشتر، شێر، جنۆکە و پەری، کۆیلە و خەسێندراو، ڕەش یا سپی بێت، هەمیشە بۆ پیشاندانی بەزەیی یا سەرسوورمان، شادی یا غەم، ڕاو یا شەڕ بۆ میسر یا ڕۆما ئامادەیە، بەڵام لە قوڵایی دڵیدا هەمیشە دەستگێڕێکی سادەیە.

نیوەی شەو ڕۆڵی سەرەکی خۆی پەیدا دەکاتەوە، پیاوێک، مێردێکی باش و باوکێکی دلۆڤانە، کاتێک دەخەوێت خێرا خەوی قورس دەبێت، وەکو ژیانی ڕۆژانەی لە خەوتنیش پەلەیەتی. هەموو شتێک لەلای ئەم پیاوە کۆبووەتەوە، مێژوو، ئەدەبیات، سیاسەت، حکومەت، ئایین، زانستی سەربازی. ئایا ئینسکلۆپیدیایەکی زیندووە یا نەخشەیەکی جیهان کە وەکو پاریس بێپسانەوە و بێ ئیسراحەت لە جووڵە دایە؟

سەرتاپای لەشی پێیە. هیچ سیمایەک ناتوانێت لە نێو ئەم هەموو ڕەنجەدا، جوانی خۆی بپارێزێت. بەپێی بۆچوونی هەندێ فەیلەسوفی بەختەوەری، ڕەنگە کرێکارێک کە بەهۆی ڕەنجی

زۆرەوە لە تەمەنی سیساڵی پیر دەبێت و بە هۆی زێدەڕۆیی لە خواردنەوەی ئارەق دەمرێت، لە بەراورد لەگەڵ کاسبێکی وردەواڵەفرۆش پشکێکی زۆرتری لە ژیان هەبێت و بەختەوەرتر بێت. یەکێک لە چاو تروکانێکدا لەنێودەچێت و ئەویتر کەم کەم دەمرێت.

داهاتی لە هەشت پیشە، لە کرێکار و ئازاری شانەکانی، قورگی، دەستەکانی، لە هاوسەری و کەسابەت و کاری و تەنانەت لە منداڵەکان و کێڵگەکانی، بەشێک لە هەزاران فرانک کە پەیدای دەکات و ئەم پڕڕەنجترین بەختەوەرییەیە کە دڵی مرۆڤ داگیر دەکات. ئەم سامان و ئەم منداڵانە، منداڵگەلێک کە هەموو کارێ بۆ ئەوان دەکەن، دەبنە قوربانی دونیای زاڵ و باڵادەست، کەسانێک کە بە زەربی پارە کچ یا کوڕیان ڕەوانەی زانکۆ دەکەن بۆ ئەوەی پلەیەکی سەرتر دەستەبەر بکەن. زۆربەی کات کوڕی بازرگانێکی وردەواڵەفرۆش پێگەیەک لە نێو حکومەتەدا بەدەست دێنێت.

ئەم جۆرە پەرەخوازیانە، فکری ئێمە بەرەو لای چینی دووەمی پاریسییەکان ڕادەکێشێت. کەواتە چینێک وەرنە سەرەوە و بڕۆنە نێو چینی یەکەم و دووەمەوە، یا لە ژووری ژێر شێروانی وەرنە خوارەوە و لە نهۆمی چوارەمدا بمێننەوە و لە جیهانێک کە هەندێ دەستکەوتی هەیە بە هەمان ئەنجامەوە دزە بکەنە ناوی. بازرگانە جوملەفرۆشەکان و خزمەتکارەکانیان، خاوەنی بانکە بچوکەکان، فێڵبازەکان، فەرمانبەرانی پیر و گەنج، فەرمانبەرانی دادگا و پۆلیس

و لەدواییدا هەموو ئەو کەسانەی کە کار دەکەن، بیر دەکەنەوە و ئەندامی چینی مامناوەند بۆ خوارەوە، کە بەرژەوەندییەکانی پاریس پێک دێنن، سکە کۆدەکەنەوە و بەرهەمی چینی کرێکار کۆدەکەنەوە، میوە باشوورییەکان، ماسییەکان و شەرابەکان هەڵدەگرن، دەستدرێژی دەکەنە سەر وڵاتانی خۆرهەڵاتی و ئەو شاڵانەی کە ڕووسەکان و تورکەکان پەسەندی ناکەن هەڵدەگرنەوە، هێندە دروێنە دەکەن و لە تەماحی قازانج، چاوەڕوانی وادەی فرۆشتن دەبن، هەموو شتێک بە داشکانەوە دەخەنە بازارەوە، دەگەڕێنەوە و هەموو کەلوپەلەکانی پاریس کۆدەکەنەوە.

ئەوان وەکو کرێکارەکان ئارەق ناخۆنەوە، ڕۆ ناچنە نێو زەلکاوی هەرزەییدا، هەموویان پێکەوە دەسەڵاتیان لە دەست دەدەن، زەین و جەستەیان بە توندی لە ئاگری خواست و هەوەسە سووتاوەکانیان بەخێرایی لەنێوچووە، لە دەست دەدەن.

باڵایان لە ژێر شەلاخی پەرەخوازی و شەلاخی بەرژەوەندییەکاندا چەماوەتەوە، ئەو بەڵایانەی بەرۆکی خوێندەوارانی ئەم شارە تۆقێنەرەشی گرتووە، دروست وەکو چینی کرێکار کە هەمیشە لە پێچاوپێچی بێبەزەییانەی پێویستیەکانیان پشتیان دەچەمێتەوە. ئێرەش بۆ گوێڕایەڵ بوون لە ئاست ئاغای جیهان، سامان یا شەهوەت، نابێت کات لە دەست بدەن، تەنانەت کاتێکی زیاتر لە بیست و چوار کاتژمێری شەوانەڕۆژ دروست بکەن، خۆیان بە خەسار بدەن و هەتا سەرەمەرگ زەحمەت بکێشن و دوو ساڵ

سەرخۆشی ناتەندروست بگۆڕنەوە بە سی ساڵ تەمەن.

لەکاتێکدا کرێکاران لە دوایین ڕۆژەکانی تەمەنیان توانای قسەکردنیان نییە و لە نەخۆشخانە گیان دەدەن، لە کاتێکدا کە خەڵکی چینی خۆشگوزەران بە پارە، ژیان دەکڕن و بە زەربی دکتۆر و دەرمـان کەمێک زۆرتـر دەژیـن. بـەڵام ئیدی وەکو ڕابردوو نییە، دەموچاوێکی زەرد و بێڕۆح، چاوگەلێکی سیساو و جەستەیەکی بێتوانا کە بە سەختی خۆی بەسەر زەوییدا دەکێشێت و ڕێگا دەبڕێت.

خواستی ئەو چییە؟ چینی خۆشگوزەران چی دەوێت؟

تیپی گـاردیی نیشتمانی، سەرمایەی ئـەزەلـی، دیزانکردنی گۆڕێکی جوان لە پێری لاشێز و بۆ سەردەمی پیری و بێتوانایی، کەمێک زێڕ کە بە شێوەیەکی دروست پەیدا کرابێت، لای ئەو پشوو مانایەکی نییە و هەفتەکەی لە یەکشەممەوە دەست پێدەکات، بۆ پشودان لە دەوروبەری شار بە عەرەبانەی کرێ دەڕوات، هاوڕێ لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی و هەموویان پێکەوە غەرقی چێژ دەبن و بێ ئەوەی بیانەوێت خۆیان دەدەنە بەر خۆر. هاوپەیمانی ئەوان لە ڕێستۆرانتەکانە، نانی شێویان بە هۆی ژەهراوی بوونیان بەناوبانگن، یا کاتی سەمای خێزانی کە هەتا شەو نیوە ببێت لەوێدا خۆیان بخنکێنن.

هەندێ لە دەبەنگەکان بە بینینی وردیلە بجووڵەکان کە بە یارمەتی میکرۆسکۆپ لە دلۆپێک ئـاودا دەیبینن، تووشی

سەرسوورمان دەبن، بەڵام ئەگەر گارکانتوا ئەم کەسایەتییە کە هێشتا بەدروستی لە لایەنە باڵاکانی تێنەگەیشتووین، ئەم دێوە کە لە ئاسمانەوە هاتووە، بە بینینی جووڵەی چینی خۆشگوزەرانی پاریس کە لێرەدا ڕێسایەکی ئەومان باسکردووە بیرمان دەکردەوە، چ پەرچە کردارێکمان پیشان دەدا؟ ئایا ئەو بینا بچوکانەی کە لە هاوین فێنکن و لە زستان گەرمایەک جیا لە کوورەیەکی خەڵوزیان پێویست نییە و گومەزێکی مسی خڕیان هەیە، بینیوە؟

خەڵک دەڵێن مادام هەموو بەیانییەکی زوو لەوێیە، لەبەرئەوەی لەوێ لە دوکانێک کار دەکات و ساڵانە نزیکەی دوانزە هەزار فرانک داهاتیەتی. "مۆسیۆ" پێش ئەوەی "مادام" بگاتە ئەوێ، سەردانی ژووورە تاریکەکان دەکات و هەتا کۆتایی هەفتە بڕێک پارە بە قەرز دەداتە دوکاندارەکانی ناوچەکەی. کاتژمێر نۆ لە فەرمانگەی پاسپۆرتە، لەبەر ئەوەی یەکێکە لە بەرپرسانی ئەوێ.

شەوان لە شوێنی فرۆشتنی بلیتی شانۆ ئیتاڵیاییەکان یا شانۆکانی دیکە کە پێی خۆشە، ئامادە دەبێت. منداڵەکان دەدرێنە پەرستار و کاتێک بەپێی پێویست گەورە بوون بۆ قوتابخانەی شەوانەڕۆژی یا زانکۆ دەڕۆن، "مۆسیۆ و مادام" لە نهۆمی سێیەمی بینایەکدا دەژین و چێشتخانەیەکیان هەیە، لە هۆڵێکی دوانزە بە هەشت مەتری کە بە گڵۆپی پرتەقاڵی ڕووناک کراوەتەوە سەما دەکەن و سەد و پەنجا هەزار فرانک بە کچەکەیان دەدەن و لە پەنجا ساڵیی گۆشەگیر دەبن. واتە هەمان تەمەن کە خۆیان لە

باڵکۆنی هۆڵی ئۆپرا پیشانی دەدەن، بە عەرەبانەیەکی کرێ بۆ دەوروبەری شار دەڕۆن، یا لەو ڕۆژانەی خۆرە بە جلوبەرگی کۆن لە پارکەکان دەبیندرێن. ئەمە کورتکراوەی تێکڕای ئەو ڕۆژە سەختانە بوو.

لە نێو دراوسێکانیان ڕێز و ئیحترام پەیدا دەکەن و سەرنجی حکومەتیش ڕادەکێشن و پەیوەندی لەگەڵ چینە دەوڵەمەندە باڵاکان دەگرن. مۆسیۆ لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵی مەدالیای لیژیۆن دونۆر وەردەگرێت و خەزوری کچەکەی کە سەرۆکی شارەوانییەکی بچوکە، ئەو بۆ میوانییەکی شەوانە بانگهێشت دەکات. تێکڕای ئەم کارانە لە قازانجی منداڵانی ئەم چینە مامناوەندەیە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پێگەیەکی بەرز دەستەبەر بکەن. بەمشێوە هەر توێژێک هەموو هەوڵی خۆی دەدات بگاتە توێژی سەروتری خۆی.

کوڕی بەقاڵی دەوڵەمەند، دەبێتە دەفتەردار و کوڕی بازرگان، دەبێتە گۆچانی فەرماندەی پۆلیس. هەمووان هەوڵ دەدەن کەڵک لە هەر دەرفەتێک وەربگرن، هەموو شتێک لە ئاراستەی زۆربوونی هێزی پارە دەڕواتە پێش. بەمشێوەیە ئێمە دەگەینە چینی سێیەمی ئەم جەهەنمە، جەهەنمێک کە ڕەنگە ڕۆژێک دانتێی خۆی لەودا ببینێتەوە. لەم چینەی سێیەمدا کە بە شێوەیەک ورگی پاریسە و هەموو بەرژەوەندییەکانی شاری لە خۆیدا هەرس کردووە و بە شێوەی بازرگانێکی شارەزا هەموو ڕۆژێک کاڵتر دەبێت و لەوێدا

پارێزەرەکان، پزیشکەکان، دەفتەردارەکان، ئەندامانی ئەنجومەن، بازرگان، سەڕافەکان، خاوەن زەوییەکان و دادوەرەکان بە جووڵەی زیندوو لە چالاکی دان و پەرێشانن. لەم چینەدا زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکە بەڵگە و پاڵنەرگەلێک بۆ تێکدانی ئاکار و پوکانەوەی ڕواڵەتی دەبیندرێت.

ئەم خەڵکە تا ڕادەیەک زیاتر لەوان لە ژووری ناتەندروست و هۆڵگەلێکی پڕ لە بۆنی ناخۆش و پیس و کۆلیتی بچوک دەژین و لە سەرتاسەری ڕۆژ پشتیان لەژێر گوشاری کاردا دەچەمێتەوە. سپێدەی بەیانی لە خەو هەڵدەستن بۆ ئەوەی لە کاروان دوانەکەون، هەموو شتێک بە دەست بێنن و شتێک لە دەست نەدەن، بۆ ئەوەی کاسبی و کارێک دەست پێ بکەن یا کۆتایی پێ بێنن، بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئیمتیازەکانی دەرفەتێکی کاتی، بۆ لە سێدارەدانی پیاوێک یا ئازادکردنی ئەو ئەسپەکانی زین دەکەن و ئەوەندە بێگارییان لێ دەکێشنەوە، کە خێرا پیر و پەککەوتوو دەبن.

زەمەن، حاکمی ستەمکار و دیکتاتۆری ئەوانە، لە نێویان دەبات، ئەوان تێدەپەڕێنێت، توانای کۆنترۆڵکردنی ئەویان نییە، نە دەتوانن ئەو ڕابگرن و نە خێراییەکەی زیاد بکەن. کام ڕۆح دەتوانێت لەم بازارە بێمانا و پیشە گەندەڵەدا کە پێوەری هەڵسەنگاندنی دانانی بارێکی قورس و گەورە لە خەم و پەژارەیە، بەرز و پاک و ئاکارتەوەر و بەخشەندە بمێنێتەوە و لە ئەنجامدا کام سیما دەتوانێت جوانی خۆی لەم بازارە پەرێشانەدا بپارێزێت؟

ئەم خێڵە دڵی خۆیان لە کوێ بە جێهێشتووە؟... زمانی من توانای وەڵامدانەوەی نییە، بەڵام گومانم لەوە هەیە دڵێک لە دەروونیاندا هەبێت.

ئەمانە هەموو ڕۆژێک بەیانی پێش ئەوەی قوڵایی ئازارێک کە ئەشکەنجەی خێزانەکان دەدات درکی پێ بکەن، دڵیان - هەڵبەتە ئەگەر دڵیان هەبێت - لە شوێنێکی دیکە ئەسپەردە دەکەن. ئەوان لە پێگەی قەشەوە دانپێدانان لە خەڵک وەردەگرن، کەواتە هیچ شتێک لەوان شاراوە نییە و ئاگایان لە ئازاری کۆمەڵگایە، بەڵام بە سووکی سەیری دەکەن. بەڵام لەبەرئەوەی بەردەوام ئەم کارە دەکەن و لەدواییدا بە هۆی ماندوێتی یا هۆکاری شاراوە، گەندەڵی دزە دەکاتە نێو ژیانیانەوە و هێدی هێدی دەبێتە بابەتێکی ئاسایی لەبەرچاوی ئەوان.

لە ئەنجامدا دڵیان بێ هەست دەبێت و بە دڵخۆش بوون بە بوونی پشتیوانی یاسا و داد، وەکو داڵەکان هێرش دەکەنە سەر جەستەی زیندووی خەڵک. هەر ساتێک هەر کەسێک لەهەر پێگەیەک گەندەڵی زیندوو دەکاتەوە، بازرگانەکان کڕین و فرۆشتن بە ژیانەوە دەکەن، پارێزەرەکان تەرمەکان و دادوەرەکان ویژدان پێشێل دەکەن. لەبەر ئەوەی ناچارن بە بێپسانەوە قسە بکەن، بەبێ ئەوەی بیر لە قسەکانیان بکەنەوە بە وشەگەلێکی بچڕبچڕ یاری بە فکر و هەست و وشەکان دەکەن و هێدی هێدی ڕۆحیان دەبێتە قورگێکی پێکەوە لکاو.

لە بازرگانەوە بگرە هەتا دادوەر و پارێزەر، هیچ یەکیان شوێنکەوتووی یاسا نین و چەندین ساڵ پێشتریش هەست لە دەروونیاندا مردووە، یاساگەلێک کە خاوەنی هیچ لۆژیکێک نین بەبێ ئەوەی بیری لێ بکەنەوە پەسەندیان دەکەن. پەککەوتن لە ژێر باری ژیان، توانای بە هاوسەربوون، عاشق بوون و باوک بوونی ئەوانی گرتۆتەوە. بەسەر هەقیقەتەکانی ژیاندا دەخلیسکێن و هەر ساتێک بازرگانی و گەورەیی شار ئەوان بەرەو گوشارێکی زۆرتر پاڵ پێوە دەنێت. کاتێک دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان دەبێ بۆ شوێنگەلێک وەکو سەما و ئۆپرا بڕۆن، بۆ ئەوەی بتوانن برادەر، ئاشنا یا پشتیوان ببیننەوە. زۆر دەخۆن و قومار دەکەن و شەو ناخەون و دەموچاویان سوور و ئاوساو و نەخۆش دەبێت.

توانا و هێزێکی فکری نائاساییان بۆ ئەم خۆش ڕابواردنانە تەرخان دەکەن، بەڵام دیسانیش خۆڕاگری دەکەن و لەسەر پێی خۆیان ڕادەوەستن هەتا ئەو شوێنەی کە بە هەرزەیی و گوناه لە پێ بکەون، لەبەر ئەوەی هەموو شتێک لە دەستی ئەواندایە و ئاکاری کۆمەڵگا دروست دەکەن. دەبەنگی سەرەکی ئەوان لەژێر پەردەی پسپۆڕییان دەشارێتەوە. لە کەسابەت و کاری خۆیاندا شارەزان، بەڵام کەمێک لەولای ئەو سنوورەوە بۆ ئەوان نامۆیە. بەڵام بۆ ئەوەی متمانە کردن بە خۆیان بپارێزن و لووتبەرزییان نەشکێت، لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەدەکەن و بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن، دروست یا هەڵە گرنگ نییە، تەنها ڕەخنە دەگرن.

ڕواڵەتێکی پرسیار خولقێن دەگرنە خۆیان لە کاتێکدا کە دەروونێکی گەمژانەیان هەیە. بە بەڵگاندنگەلێکی نالۆژیکیانە ئاوەزیان لە زەلکاوێک لە نەزانین غەرق دەکەن. بۆ ئەوەی پێویستیان بە دانانی تیۆر نەبێت، تا ڕادەیەک بە ئاسانی هەموو ڕەخنە کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و سیاسییەکان پەسەند دەکەن، دروست بەهەمان شێوە کە ویژدانیان لە بەرامبەر پێوەرە یاساییەکان یا دادگای سزاکان بە جێهێشتووە.

لە ڕێڕەوی گۆڕین بە سیمایەکی ناودار و پیاوێکی پایەبەرز بە هەنگاوی گەورە بۆ پێشەوە دەڕۆن، بەڵام لە نیوە ڕێگادا دەمێننەوە، لە بەرزاییە سەختەکاندا بێتوانا دەبن و بەسنگەخشی دەڕۆن، بۆیە سیمای فیڵبازی ئێستایان ناشیرین و هەڵخەڵەتێنەر دەبیندرێت، چاوەکانیان بێ سوو و زاریان فرەبڵێ و شەهوانی دەبێت، کە بەربێژ لەلای دەروونیان نیشانەکانی دارمانی تێفکرین و سووڕانی ئەو لە حەڵقەی ئایدیایەکی تایبەتدا دەبینێتەوە، کە دەبێتە هۆی لەنێوچوونی بەهرە داهێنەرەکانی مێشک و توانای بەڵگاندن. کەواتە مرۆڤێک کە خۆی گرفتاری چەرخەکانی ئەم ماشێنە گەورە کردووە، هیچ کات ناتوانێت بگاتە پلەیەکی باڵا.

ئەگەر پزیشکە یا شارەزاییەکی کەمی لە زانستی پزیشکیدا هەیە، وەکو بیشا لە تەمەنی گەنجیدا دەمرێت. ئەگەر بازرگانێکی گەورەیە تا ڕادەیەک هاوشێوەی ژاک کور دەبێتە شتێک بۆ خۆی. ئایا روبیسپێر لەم پانتاییەدا هێزی خۆی تاقی کردەوە؟.... دانتۆن

پیاوێکی تەمبەڵ و تەوەزەل بوو، هەمیشە بە بێ هیچ جوولەیەک چاوەڕوانی پەرجوو بوو. بەڵام چەندەش سیمای روبێسپێر و دانتۆنیش بایەخدار بێت، چ کەسێک ئیرەیی بەوان دەبات، یا ئاوات بەوان دەخوازێت؟ ئەم کۆیلانەی کار کە بە هەوڵێکی وەسف نەکراو، بە هێزێکی سەرسووڕهێنەر پارە دەردێنن و ماڵداری دەکەن بۆ ئەوەی بچنە ڕیزی چینی ئەشرافییەوە، دروست وەکو کرێکارێک کە دوکانێکی بچوکی هەیە و هەوڵ دەدات خۆی بگەیێنێتە چینی سەرەوە.

ڕەنگە نمونەی بەرچاوی ئەم چینە، بۆرژوازێکی پەرەخواز بێت، کە دوایی لە ژیاندا لە بێبەشبوون و کاری بەردەوام گەیشتبێتە ئاستی وەزیرەکان، دروست وەکو مێرولەیەک کە دەچێتە نێو کونێکەوە، یا پەیامنێرێکی ئاژاوەگێڕی ڕۆژنامەیەک کە پادشا بۆ تۆڵەکردنەوە لە چینی ئەشراف ئەوی کردۆتە ئەندامی ئەنجومەنی پیران، یا دادوەرێک کە دەبێتە سەرۆکی شارەوانی ناوچەیەک، تێکڕای ئەم خەڵکە لەژێر کار و قازانج و بەرژەوەندیدا دەتلیقێنەوە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەبێ گیانی خۆیان بەخت بکەن و ئەمە ئەو کاتە ڕوودەدات کە توانای بەردەوامبوونیان نییە. لە فەرەنسادا وا باوە کە کاروبار تەسلیمی گەورەپیاوان دەکەن، بەڵام ناپلیۆن و لویسی چواردەیەم تەنها ئەو دەسەڵاتدارە گەورانە بوون کە دەرفەتیان بە گەنجەکان دا و بۆ جێبەجێکردنی کارەکان متمانەیان پێکردن.

لە سەرەوەی ئەم چینە، هونەرمەندەکان بوونیان هەیە، بەڵام سیمای ئەم گرووپەش بە بوونێک کە مۆری ڕەسەنایەتی و بەهرە و داهێنانیان لێدراوە، بریندار و ماندووە. هونەرمەندانی پاریس کە بەهۆی پێویستی بەرهەمهێنانەوە ماندوو بوون، بەهۆی هۆگرییە خەرجدارەکانیانەوە دواکەوتن، بەهۆی تەماحکاربوون لە بەکارهێنانی بەهرەیان، لە گێژەنە دەرچوون، تینووی ڕابواردن و خواردنەوەن، هەوڵ دەدەن هەموو شتگەلێک کە بە هۆی تەمبەڵی لەدەستیان داوە وەربگرنەوە و هەوڵ دەدەن دونیا لەگەڵ پارە و هونەر و چێژ ئاشت بکەنەوە.

هونەرمەند لە سەرەتای کاریدا لەژێر گوشاری خاوەن قەرزەکانی هەناسە بڕکێیەتی، پێویستییەکانی قەرزیان لێدەکەوێتەوە و قەرزەکانی ئارامی لێ هەڵدەگرن، کەواتە بۆ ئارامی زەینیان تەنانەت شەوانیش کار دەکەن و دوای کار، دیسان ڕابواردن و خۆشی دەست پێدەکرێتەوە. ئەکتەری شانۆ کۆمیدییەکان هەتا نیوەشەو سەرقاڵی شانۆن، بەیانی وانە دەخوێنێن و دوای نیوەڕۆ ڕاهێنان دەکەن، پەیکەرساز پێش پەیکەرەکەی دەشکێت، پەیامنێر وەکو سەربازێک لە گۆڕەپانی شەڕ بەردەوام لە جووڵە دایە، شێوەکارێک کە بەوە بەناوبانگە لە ژێر کاردا دەپرووکێت و شێوەکارێک کە موشتەری نییە، ئەگەر باوەڕی بە بەهرەی خۆی هەبێت، لە دەروونەوە دادەڕمێت و لەنێودەچێت، ململانێ و چاولێکەری و تۆمەت هەڵواسین بکوژی بەهرەکانن.

لەم بازارە پەرژوبڵاوەی بێهیوابووندا هەندێ کەس غەرقی گەندەڵی دەبن، هەندێ کەس جوانەمەرگ دەبن و بە نەناسراویی دەمێننەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان لەنێوچوونیان لەگەڵ داهاتوو ئاڵوگۆڕ کرد. ژمارەیەکی کەم لەم سیمایانە کە بە ڕەچەڵەک شکۆدار بوون، بە جوانی دەمێننەوە، بەڵام هیچ کات ناتوانین لە جوانی زەینی ئەوان تێبگەین. سیمای هونەرمەندێکی هەمیشە بەرجەستە و جیاواز لە دەوروبەرەکانیەتی و هەمیشە لە شتێک کە دەبەنگەکان بە جوانی تەواوی دەزانن کەمێک سەرتر یا خوارترە. کام هێز هانی ئەم سیمایانە دەدات یا ئەوان لە نێو دەبات؟... شەهوەت... لە پاریس هەر شەهوەتێک ئاماژە بە یەکێک لەم دوو مانایە دەدات: سامان و چێژ.

ئایا ئێستا دیسان هەناسە هەڵنامژن؟ ئایا هەست ئەکەن هەوا پاکە؟ لێرەدا نە کار هەیە و نە ڕەنج. قەوسی سامان گەیشتۆتە بەرزترین ئاستی خۆی. ڕەوتەکە لە جۆگەکانی خوارەوە دەست پێدەکات، دەچێتە نێو دووکانە بچوکەکان و لە سندوقی ئەواندا پاشەکەوت دەکرێت، لە کارگە بچوکەکاندا دەبێتە شمشی زێڕ و وەک دیاری بە کچە گەنجەکان دەدرێت، یا وەکو میرات لە پیرەمێردە ئەشرافییەکانەوە بۆ ئەندامانی خێزانیان دەمێنێتەوە.

پێش بەجێهێشتنی ئەم چوار چینە کە زۆرترین سامانی پاریس پێک دێنن، دوای باسکردنی هۆکارە ڕۆحییەکانی چارەڕەشی خەڵکی پاریس، دەبێ تاووتوێی جەستەی ئەوان بکەین و تاعوونی

شاراوە لە سیمای پیشەساز و دووکاندا و حەماڵ وێنا بکەین و سەرنج بدەینە ئەم خاڵە کە کاریگەرییە زیانهێنەرەکانی ئەم گەندەڵییە لەگەڵ گەندەڵییەکە کە لە ناوکی بەڕێوەبەریی پاریسدا لە ئارادایە، یەکسانە. ئەگەر هەوای ئەو خانووانەی کە چینی ئەشرافی تێدا دەژین، ژەهراوییە، ئەگەر فەزای شەقامەکان ژەهراویتر لە پەستووی دووکانەکانە، لەبیری مەکەن جیا لەم تاعوونە، چل هەزار خانووی ئەم شارە گەورە بە تەواوی ڕۆچوونەتە نێو زەلکاوەوە و هێشتا حکومەت هیچ هەنگاوێکی جیدی بۆ دروستکردنی دیوارە پتەوەکانی نەناوە، بۆئەوەی ڕێگە لە ڕۆچوونی پیسایی بۆ نێو خاک بگرێت. ژەهراوی بوونێک ئەگەر دزە بکاتە نێو خاکەوە، بیرە ئاوەکانیش ئالوودە دەکات و ناویی بە ناوبانگی لوتێسیش دەباتە ژێر زەوییەوە. نیوەوی خەڵکی پاریس لە نێو بۆنی پیسایی شەقامەکان، حەوشەکان و ئاوەڕۆکاندا دەخەون.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە سەرێک لە هۆڵە گەورە ئاڵتوونکاری کراوەکان، خانووگەلێک لەنێو باخە بەهەشتییەکانی دونیای دەوڵەمەندان و خۆشگوزەرانی پارەپەرست بدەین. شوێنێک کە بە هۆی لووتبەرزی و خۆبەزلزانینەوە ڕەنگ بە سیمایانەوە نەماوە و سیس بوون، شوێنێک کە هیچ نیشانەیەکی هەقیقەت بوونی نییە. ئایا بەردەوام بە دووی چێژ و شەهوەتەوەبوون ماندووکەر نییە؟ خەڵک لە کۆمەڵگا جیاوازەکان لەتەمەنی خوارەوە خود و ناوەڕۆکیان پاک دەکەنەوە. کارێک جیا لە چێژوەرگرتن لە ژیانیان

نییە و وەکو کرێکارێک لە خواردنەوەی ئارەقدا زێدەڕۆیی دەکەن، غەرقی چێژ دەبن. خودی چێژ وەک هەندێ مادەی دەرمانیی پزیشکییە کە بۆئەوەی دەرمان هەمیشە کاریگەرییەکی یەکسانی هەبێت، دەبێ دۆزی ئەو دوو بەرامبەر بێت و لە دواییدا کاتێک دەرمانێک کۆتایی دێت، مەرگ یا گێژبوونی خۆی پیشان دەدات.

تێکڕای ئەندامانی چینی خوارەوە لە بەرامبەر دەسەڵاتداراندا چۆک دادەن و چاوەڕوانن چێژەکانی ئەوان بە گەندەڵی تەعبیر بکەن و سوود لەوان وەربگرن. کەواتە ئەم گرووپەی خەڵک لە تەمەنی خوارەوە لە جیاتی هۆگرییە نەگۆڕ و جێگیرەکان دەرگیری خۆشەویستی کاتی و وەهمی فەنتازی دەبن. لێرەدا بێتوانایی زاڵە و فکرەکان لە بەرامبەر ناز و کریشمەی ژناندا ڕادەستن. لێرەدا گەنجانێک بە چل ساڵ ئەزموون و ریش سپی گەلێک لە ئاستی مێرمنداڵانی شانزە ساڵ بوونیان هەیە.

دەوڵەمەندەکان لە پاریس دەستیان بە زیرەکی زۆر و تیۆرگەلی نووسراوی زانستی ڕادەگات کە ئەوان لە پێویستی بە زانست و بیروباوەڕ و زەوق بێبەری دەکات. لە دونیایەکی وەها نالۆژیکی شان لە شانی لاواز و هەرزەیی دەدات. ئەوەندە کاتیان بە بێهۆ بەخەسار داوە کە لەئاستی تەماحکار بوون. لێرەدا هەر ئەوەندەی لەگەڵ تێفکرین نامۆن سۆز و خۆشەویستیش دەگمەنن، ماچەکانی نەبوونی هۆگرییەکی قوڵ و ئەدەبی سووکایەتییەکی ئەزەلی دەشارێتەوە. هیچ بایەخێک بە عاشق بوون نادەن.

قوڵایی ناسکبوونی سروشتیان بەستراوە بە تاڵە موویەکەوە و لەوەش نامۆتر ئەوەیە کە زۆربوونی بێ ئاوەزیی و تۆمەت لێدان بووەتە بابەتێکی ئاسایی و نوقلی میوانی و ئەنجومەنەکانە. بەڵام ئەم بەختەوەرە ڕازییانە وا پیشان دەدەن کە بۆ دوبارەکردنەوەی ڕێسا ئاکارییەکانی لاروشفۆکۆ لە دەوری یەکتر کۆبوونەتەوە، بە شێوەیەک کە لە سەدەی هەژدەیەم هیچ بەردێکی مەحەک بۆ دەست نیشانکردنی فەزایەک لە نێوان پوچی ڕەها و فرەیی نیعمەتدا بوونی نییە. هەر ئەو ژمارە کەمەی کە هەندێ کات بە قسەی خۆشیان ژینگەکە شاد دەکەن، هیچ کاتێک کەسێک لەوان تێناگات. بەم بۆنەوە زۆر زوو ماندوو و خانەنشین دەکرێن و پانتاییەکە بۆ دەبەنگەکان بەجێ دەهێڵن. ئەم ژیانە پوچە، ئەم چاوەڕوانییە ئەزەلییە بۆ چێژێک کە هیچ کات بەدی نایەت، ئەم لۆمەکردنە ئەزەلی و ڕۆح و دڵ و زەینی بەتاڵ و ماندوویەتی بە هۆی جەژنی گەورەی پاریسەوە، دیسان لە سیمای بەدەردەکەوێت. پاککردنەوەی مۆری سامان لە دەموچاوە کاغەزییەکاندا، لە لۆچبوونی لە ناکاوی، لە سیمایەکی بەهێز کە لاواز و بێتوانایی لەودا شەپۆلانیەتی، ڕەنگ دەداتەوە و زیرەکی لەوێ هەڵدێت.

هەروەها نمونەیەک لە ڕۆحی پاریس دەیسەلمێنێت، جەستە و فیزیای ئەو ناتوانێت شتێکی جیاواز لەمە بێت. ئەم شارە کلاوزەڕە وەکو شاژنێک هەمیشە دووگیان و تووڕەیە. پاریس تاجی جیهانە، مێشکێک کە بە هۆی بلیمەتییەوە دەمرێت و ڕابەری شارستانیەت

و کلتوری مرۆڤایەتی دەکات. بوونەوەرێکی زۆر نائاساییە، هونەرمەندێکی داهێنەری ئەزەلی، سیاسەتمەدارێکی داهاتوو بێن، کە دەبێ لۆچەکانی دروستبوو بەهۆی تێفکرین لەسەر نەخشی ناوچەوانی، کەموکوڕی پیاوێکی گەورە، خەیاڵی هونەرمەندێک و دڵەڕاوکێی سیاسەتمەدارێکی هەبێت.

سیمای ڕەوتی گەشەکردنی خێر و شەڕ و جەنگ و سەرکەوتن وێنا دەکات، جەنگی مەعنەوی ٨٩ کە هێشتا دەنگی زوڕناکانی ئەو لە گۆشە و کەناری دونیا دەبیسرێت و هەروەها ڕوخانی ساڵی ١٨١٤. کەواتە ئەم شارە ناتوانێت میهرەباتر، پاکتر و ئایینیتر لە ماتۆری مەنجەڵی هەڵمی پاپۆڕەگەورەکان بێت کە کاتێک سینگی شەپۆلەکان هەڵدەدڕن، هەر بوونەوەرێک ناچار دەکەن ستایشیان بکات. قبوڵی بکەن کە پاریس پاپۆڕێکی شکۆدار لە زیرەکییە، کە هەندێ کات باوشی لەگەڵ قەزا و قەدەری خوایی دەبێتە هاوپەیمان.

شاری پاریس دوکەڵێکی گەورەی برۆنزی هەیە، کە بەسەرکەوتنەکانی ڕازاوەتەوە و پاسەوانی ناپلیۆنە. ئەم پاپۆڕە گەشت دەکات و لە بەرزبوونەوە و دابەزینی شەپۆلەکاندا بەرز دەبێتەوە و دێتە خوارەوە، بەڵام دونیا هەڵدەدرێت، بە سەدان نوریش دونیا ڕووناک دەکاتەوە، دەریای زانستەکان دەدرێت و بە چارۆکەیەکی هەڵکراو ڕێگای خۆی تێپەڕ دەکات، لە سەرەوەی بەرزترین دوکەڵەکان بە دەنگی زانایان و هونەرمەندانی دەقیڕێنێت:

"پێش بەرەو سەرکەوتن و پێشکەوتن، بە دووی ئێمەدا وەرن."

خزمەتکارگەلێکی زۆری هەیە کە چێژ لە هەڵکردنی ئەو بە ئاڵای شەکاوە وەردەگرن. گەشتیارانی ئەم پاپۆرە دەوڵەمەندان و سەربازان و کرێکاران و منداڵگەلێکن کە بە شادان و خەندان لەسەر گوریسەکانی چارۆکە سەرقاڵن. لەنێو کابینەکە فێرخوازانێکی بەختەوەر بە جگەرەی سەر لێویان پاڵیان داوە بە دیواری پاپۆڕەوە و لەسەر عەرشی پاپۆڕەکە سەربازانێکی لووتبەرز و خۆبەزلزان کە بە هەر کەنارێک کە نزیک دەبنەوە لە هەوڵی بینینەوەی ناوبانگێکن کە چێژ یا خۆشەویستی یان سامانە.

کەواتە بزوتنەوەی ڕادیکاڵی چینی کرێکار، گەندەڵبوونی بەرژەوەندییەکان کە بووەتە هۆی ئەوەی دوو چینی خۆشگوزەران بەپێدا بێت، توندوتیژی فکری هونەرمەند و زێدەڕۆیی لە چێژ کە بەردەوام گەورەپیاوان خوازیاری ئەون، بەشێوەیەکی سروشتی وێنای سیمای پاریس دەکات. تەنها لەسەرزەمینی خۆرهەڵات، نەژادی مرۆڤایەتی جوانە، بەڵام ئەم جوانییە قەرزداری ئارامیی ئەزەلییە، فەیلەسوفە ڕۆشنبیرەکانی پێشکەشی ئەویان کردووە، فەیلەسوفە کەتەکان بە پێی کورت و پیپی درێژ کە ڕقیان لەهەر جۆرە جموجۆڵ و چالاکی فیزیاییە، لە کاتێکدا کە لە پاریس، گەورە و بچوک و مامناوەند هەموویان لە چالاکی دان و دیلی تەماحی بێبەزەیین ، تەماحکاری و حەریس بوون بۆ سامان و گەورەیی و چێژ. کەواتە هەر سیمایەکی زیندوو و جوان و بە

ڕاستی جوان لە پاریس حاڵەتێکی بەدەری نائاسایییە کە بەدەگمەن شتێکی وەها دەبیندرێت. ئەگەر قیافەیەکی وەهات لێرەدا بینی گومانت لەوە نەبێت یا قەشەیەکی جوانە یا پیاوێکی ئایینی چل ساڵەی فرەبلێ، یا گەنجێکی دەروون پاک کە هەست ئەکەی لە نێو خێزانێکی خۆشگوزەراندا گەورە بووە، یا دایکێکی بیست ساڵەیە کە بە دونیایەک ئاواتەوە شیر بە یەکەمین منداڵی دەدات، یا پیاوێکی گەنج کە بە تازەیی بە پاپۆڕ بۆ شار نێردراوە و تەسلیمی بێوەژنێکی باوەڕدار کراوە، کە بێبەرامبەر ئاگای لەوە، یا ڕەنگە شاگردی دووکانێک بێت کە ماندوو و مردوو لە کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی شتەکانی لە نیوەشەو خەوی لێ دەکەوێت و دیسان سپێدە دەبێ بۆ دانانی ڤیترینی خەبەری بێتەوە، یا زۆربەی زانایان کە بە فکر و بۆچوونی جوانی بەختەوەرانە دەژین و پشوودرێژ و گەنج و داوێن پاک دەمێننەوە، یا دەبەنگگەلێکی خۆبەزلزان کە بە دەبەنگی تێر دەخۆن و بە پێکەنینێکی هەمیشەیی سەر لێو درێژە بە ژیانی دەبەنگانەی خۆیان دەدەن، یا ئاسایشخوازانی خۆشحاڵ کە لەڕاستیدا تەنها گرووپی خۆشحاڵی پاریسن و هەر ساتێک بە دروشمێکی هەستبزوێن شادی دەکەن. بەمەشەوە، بزوتنەوەی گەورەی پیشەسازی، هونەر، زێڕ و کارگەکان لە پاریس بۆ توێژی خۆشگوزەران بەسوودە. لەڕاستیدا ئەم توێژە ژنانن. هەرچەندە هەزاران بەڵگەی شاراوە بوونی هەیە بۆ ئەوەی ئەم سیمایەی ژنان لە پاریسدا زیاتر لەهەر شوێنێکی دیکە ورد دەبێت، بەڵام

ژمارەیەکی کەم خۆشحاڵ دەبیندرێن، لەبەر ئەوەی توانییان لە خۆرهەڵاتی زەوی ژیان و جوانی دەموچاویان بپارێزن. بەڵام ئەم ژنانە کەمتر لەسەر شەقام دەبیندرێن، وەکو ڕووەکێک کە تەنها لە کاتگەلێکی تایبەت لە ساڵدا شکۆفە دەکەن. بەهەر حاڵ پاریس بەپێی زەرورەت وڵاتی دژیەکەکانە.

هەرچەندە هەست لەوێ دەگمەنە، بەڵام وەکوو هەموو شوێنەکانی دیکە برادەری ڕاست و پاک و گەرموگوڕی زۆر دەبیندرێت. لەم ململانێیەی بەرژەوەندی و ئاواتەکان وەکو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان کە لووتبەرزی زاڵە و هەر کەسێک ناچار دەبێ بەرگری لە خۆی بکات، ئێمە ئەو بە سوپا ناودەنێین. وا هەست ئەکرێت کاتێک هەستەکان دێنە ئاراوە هەموو شتێک کامڵ دەبێت و بە کۆکردنەوەی لە دەوری یەک دەگەنە پلەیەکی زۆربەرز. ئەم یاسایە لەبارەی هەموو دەموچاوەکان بە ڕاست دەگەڕێت.

لەپاریس ماوە نا ماوەیەک دەموچاوێکی سیحراوی گەنجێک لە چینی ئەشراف کە وەک ئەستێرە دەدروشێتەوە، سەرنجی هەمووان ڕادەکێشێت و لە ڕاستیدا وەکوو کەسانێک کە میوەی پەروەردە و فێرکردنی بەدەرن لە پتەوبوون و خاکەڕایی تایبەتی نەژادی باشوور، جوانی گەنجانی بەریتانی و ڕۆحی فەرەنسی بەهرەیان وەرگرتووە. برقی چاوەکانیان، شکۆفەی دڵڕفێنی لێوەکانیان، ڕەشی درەوشاوەی پەلکەکانیان، ڕەنگی سپی جیاکەرەوەی دەموچاوی ئەوان وەکو گوڵی تەڵبژێری نەژادی

مرۆڤایەتی جیا کردۆتەوە.

لە نێو ژمارەی زۆری ئەم هەمووە دەموچاوە پیر و چین و لۆچ و ڕەنگ زەردەدا، بینینی ئەم هەموو جوانییە لە دەموچاوی ئەوان چێژی هەیە. ژنان ستایشی ئەم گەنجە سەرنجڕاکێشانە دەکەن، دروست بە هەمان شێوە کە پیاوێک چاو دەبڕێتە کچێکی جوان و ناسک و سەرنجڕاکێش، کە بە خشڵی زۆرتر لە وێناکردن ڕازاونەتەوە، سەیری ئەم گەنجانە دەکەن.

بەهەرحاڵ، ئەگەر چاوێک بەم خەڵکەی پاریسدا بخشێنین، ئێمە لە دەگمەنی سیمایەکی بەهەشتی تێدەگەینێت و ئەگەر ستایشێکی سەرسووڕهێنەر لە یەکەمین نیگا بە ئێمە ئیلهام دەکرێت، کەواتە بە باشی ڕاکێشانی سەرەکی مێژووی ئەم سەرزەمینەمان پاساو بۆ هێناوەتەوە. ئەگەر ڕێگامان پێبدرێت میتۆدە کۆنەکان لە زانستی ڕەفتار بەکار بێنین، دەتوانین بڵێین: "چیمان دەویست پێکرا."

بەیانی یەکێک لە ڕۆژە دڵڕفێنەکانی بەهار، تازە گەڵاکان چرۆیان کردبوو، هێشتا شین نەببوون و خۆر نەرم نەرم لەگەڵ دەهاتە دەر، و شینی ئاسمان لەبەرامبەر ڕەنگی زەردی خۆر درەوشانەوەیەکی تایبەتی هەبوو، قەرەباڵغی خەڵکی پاریس لە پارکەکان مرۆڤی دەخستەوە یادی کۆمەڵەی مێرولەکانی دەوری شیرینی، خەڵکێک کە وەکو ئەژدیهایەک کە هەزاران پێچی لە خۆی داوە، لە کۆلانی ئاشتی بەرەو توئیلری لە جووڵەدا بوون و لە جەژنی شین بوونی سروشتدا شادییان دەکرد.

دوایی لە یەکێک لەو ڕۆژە شادانەدا پیاوێکی گەنج کە لە جوانیدا هاوشێوەی ڕۆژەکانی بەهار کەشخە بوو، لە شەقامی گەورەی توئیلری پیاسەی دەکرد. گەیشتنە ئەوەی نهێنییەک ئاشکرا بکەین، نهێنییەک کە ئەم گەنجە منداڵی خۆشەویستییە یا منداڵە زۆڵەکەی لۆر دودلی و مارکێز دو ورداک . ئەم گەنجە بێوێنە ناوی هێنری دو مارسە بوو، کە کاتێک لۆرد دودلی، ژنێکی گەنج کە دایکی هێنری بوو لە نەجیب زادەیەکی پیر بە ناوی مسیو دو مارسە مارە کرد، لە فەرەنسادا لە دایک بوو.

ئەم پەپولە سیس و لەسەرەمەرگە، لەبەر سەدان هەزار فرانکێک کە دەبڕا بە منداڵی زۆڵی هاوسەری، ئەوی بە منداڵی خۆی هەڵگرتەوە، سەخاوەتێک کە هیچ تێچوونێکی بۆ لۆردیش نەبوو، لەبەر ئەوەی هەموو خەرجیەکەی هەڤدە فرانگ بوو. نەجیب زادە پیرەکە پێش ئەوەی هاوسەری بناسێت کۆچی دوایی کرد. خێرا دوای ئەم ڕووداوە، مادام دومارسە لەگەڵ مارکیز دو ورداکب هاوسەرگیری کرد، بەڵام تەنانەت پێش ئەوەی ببێتە مارکیز هیچ دڵەڕاوکێیەکی لە کوڕەکەی و لۆرد نەبوو.

بۆ یەکەمین جار شەڕی نێوان فەرەنسا و بەریتانیا ئەم دوو عاشقەی لە یەکتر جیا کردەوە و وەفاداری کە لە پاریس مانایەکی نامۆیە، لەم باریشەوە خۆی پیشان نەدا و تەنانەت هەستی دایکانە بووە قوربانی جوانی و سەرنجراکێش بوونی ئەم ژنە گەنجە، و لۆردیش وەکو ئەم ژنە گەنجە ئەوەندە نیگەرانی منداڵەکەی نەبوو.

ڕەنگە خیانەتێک کە بەم نزیکانە لە کچێکی گەنج کە عاشقی ببوو ڕوویدابوو، بووە هۆی ڕق هەڵگرتن لە منداڵەکەی.

جیا لەمە ڕەنگە باوکەکان تەنها ئەو منداڵانەی کە لەلای دەستیان گەورە دەبن خۆش بووێت، ئەم باوەڕە کۆمەڵایەتییە کە گرنگترین بەڵگەی ئارامی خێزانەکانە، بیروباوەڕێک کە دەبێ هەموو سەڵتەکان خووی پێوە بگرن. لە بیرمان نەچێت لەڕاستیدا ڕەفتاری باوکانە هەستێکە، کە لە سەنتەری گەرمی خێزان و بە یارمەتی ژن، یاسا و دابونەریت گەشە دەکات.

****

"هێنری" چارەڕەش خۆشەویستی باوکایەتی لە کەسێکدا بینیەوە کە ناچار نەبوو باوکی بێت. بەمشێوەیە ڕۆڵی باوکایەتی "مسیۆ دومارسە" بەناتەواویی مایەوە. لەسەر بنەمای دەستورێکی نەنووسراو منداڵەکان لە ساتگەلێکی زۆر کورتدا باوکیان هەیە، و "مسیو دومارسە" لەو بارەیەوە دەستوری نەنوسراوی پەسەند کرد. ئەو پیاوە شایستە ئەگەر حیسابی پاک و بێگەرد دەبوو ناوی خۆی نەدەفرۆشت. کەواتە هەمان قازانجی کەمیش کە لە خەزێنەی نیشتمانی بە قەواڵەکانی دەدرا لە قومار دەدۆڕاند و لە مەیخانەکان دەیخواردەوە.

منداڵەکەشی تەسلیمی "دو مازل دومارسە"ی خوشکی بەتەمەنی خۆی کرد، کە بە دڵسۆزییەوە ئاگای لەو بوو، وە

بەهەمان مووچەی کەمەوە کە براکەی بە پەرستاری منداڵەکەی دەیدا، قەشەیەک بەمووچەی کەم ڕازی بوو، وەک مامۆستای منداڵەکە دامـــەزرا، و ئـەو قەشە بـە لەبەرچاوگرتنی گرنگی داهاتووی منداڵەکە بڕیاری دا، مووچەکەی لەو سەد فرانگ پارە وەربگرێت کە لە داهاتوو بە قوتابیەکەی دەبڕا و بەمشێوەیە بە خۆشەویستییەوە پەروەردەی کرد.

چانس یـاوەری بـوو، مامۆستا بـەتـەواوی مانا قەشە بوو بۆئـەوەی ببێتە کاردینـاڵ ، لە فەرەنسا، بە لوتفی پاپا لەگەڵ بۆرژیا لە ڕۆ□مـاوە هاتبوو. هەموو ئەو شتەی لەماوەی دە ساڵ لە کۆلێژ فێری ببوو، لەماوەی سێ ساڵدا فێری منداڵەکەی کرد. دوایـی ئەم پیاوە گـەورە کە نـاوی "پاپا دومـارۆنی" بوو، لەهەموو ڕەهەندێکەوە شارستانیەت و مرۆڤایەتی بۆ قوتابیەکەی شیکردەوە و بەمشێوەیە پرۆسەی فێرکردنی کامڵ کرد. "پاپا دومارۆنی" قوتابیەکەی فێری ئەزمونەکانی خۆی کرد و کەمتر ئەوی بۆ کڵێسا دەبرد. هەڵبەتە لەو کاتەدا کڵێسا داخرابوو، ماوە نا ماوەیەکیش پێکەوە بۆ سەیرکردنی شانۆ دەڕۆیشتن، یەکبەیەکی سۆزەکانی مرۆڤی بۆ شیکردەوە، سیاسەتی لەو هۆڵانە فێری ئەو کرد کە لەوکاتەدا کەلاوەیەکی مابووەوە، ڕێکخستن و ڕێکخراوە حکومەتییەکانی بۆ شیکردەوە و هەوڵیدا ئەم منداڵە دەروون پاکە بەرەڵاکراوە، پیاوانە دایکایەتی بۆ بکات.

ئایا کڵێسا و پیاوانی ئایینی دایکی هەتیوەکان نین؟

"هێنری" سوپاسگوزاری ئەو هەموو خۆشەویستییە بوو. لە ساڵی ١٨١٢ ئەم قەشە شایستە کەئۆسقۆفی یەکێک لە پیاوە ئایینیە پایەبەرزەکانی مەسیحی بوو، بە دڵێکی ئاسوودەوە کۆچی دوایی کرد، لەبەر ئەوەی منداڵێکی پەروەردە کردبوو کەدڵ و مێشکی ئەوەندە باش بڕبەن کرابوو کە لەئاستی پیاوێکی چل ساڵەدا بوو. چ کەسێک چاوەڕوان بوو دڵێکی بڕۆنزی و مێشکێکی پۆلایین لەژێر ڕواڵەتێکی هەڵخەڵەتێنەردا ببینێت؟ شتێک کەهەمیشە شێوەکارە پیرەکان، ئەو هونەرمەندە گەمژانە، لەوەسفی ئەژدەها لەبەهەشتی زەینی وێنەیان کێشاوە. ئەمە هەموو چیرۆکەکە نییە. قەشەی پایەبەرزی دڵ پاک، "هێنری" بە برادەران و ئاشنا هەڵبژێردراوەکانی لەباشترین کۆمەڵەکانی پاریس ئاشنا کرد، کەسانێک کە هەر یەکێکیان بایەخێکی تایبەتیان بە هێنری دابوو، بایەخی ئەو بە سەد هەزار فرانگ ئاڵوگۆڕ ناکرێت.

بەمەشەوە، قەشەی نیەت پیس بەڵام سیاسی، بێ ئیمان بەڵام دانا، خائین بەڵام دلۆڤان، لەڕواڵەت لاواز بەڵام لەبواری فکرییەوە بەهێز، بۆ قوتابییەکەی بەسوود بوو. لەبەرامبەر هەڵە و خلیسکەکانی زۆر دلۆڤانانە ڕەفتاری دەکرد، حیسابی هەموو کاروبارەکانی ڕاگرتبوو، لەهەموو شتێکدا شارەزا بوو، تەنانەت شارەزایی ئەو نەدەهاتە ئەژمار، ئەوەندە باش بوو کە "هێنری" سوپاسگوزار کە بەدەگمەن دەکەوتە ژێر کاریگەریی شتێکەوە، لەساڵی ١٨١٤ کاتێک سەیری وێنەی قەشە و مامۆستای

خۆشەویستی دەكرد، نەبوونی ئەو ئازاری دەدا، ئەمە تەنها شتێک بوو کە هەستی هێنری بریندار دەکرد.

لەو مرۆڤانەی شیاوی ستایشکردن بوو، بەهرەی زۆری یارمەتی مانەوەی کڵێسای رۆما و کاسۆلیکی دا، کڵێسایەک کە ئێستا بەهۆی لاوازیی توانای فێرکردنی نوێ و پیربوونی قەشەکانی بایەخی نەمابوو، بەڵام ئەمە هەمان ئەو ڕووداوە بوو کە دەبوو چاوەڕوانی بن.

شەڕی کیشوەریی بووە هۆی ئەوەی "دومارسە"ی گەنج لەناسینی باوکی بێبەش بێت، کە ناوی ئەویشی نەدەزانی. ئەم منداڵە فڕێدراوە زانیارییەکی وەهاشی لەبارەی دایکیشیەوە نەبوو، بەپێی سروشتیش ئەوەندە خەمی بۆ کۆچی دوایی زڕباوکی نەخوارد. بەڵام کاتێک دایکی تاقانەی، واتە خاتوو "دومارسە" کۆچی دوایی کرد، لە گۆڕستانی "پێرلاشێز" گڵکۆیەکی جوانی بۆ هەڵواسی.

قەشە "دومارۆنی" بۆ ئەم خاتوونە پیرە یەکێک لەباشترین پێگەکانی لەئاسماندا گرەنتی کرد، کاتێک "هێنری" گەنج دایکی تاقانەی خۆی لەبەرامبەر مەرگدا بەخۆشحاڵ بینی، قورگی گیرا و دەستیکرد بەگریان. بە بینینی ئەم خەم و پەژارەیە، قەشە فرمێسکەکانی قوتابیەکەی خۆی پاک کردەوە و بیری هێنایەوە کە ئەم ژنە باشە ڕووبەڕووی خراپترین شێوازی مردن بووەوە و ئیدی کەم کەم کەڕوکوێر دەبوو، تەحەمول نەدەکرا. کەواتە دەبێ

خۆشحاڵ بێت لەمردن و ئارامی ئەزلی ئەو.

لەساڵی ١٨١١ قەشە کۆتایی بەسەرپەرشتیاری خۆی بەسەر قوتابییەکەی هێنا، دواتر کاتێک دایکی "هێنری" دیسان هاوسەرگیری کردەوە، قەشە لەئەنجومەن یەکێک لەنەزانە ڕاستگۆکان کە بۆ دانپێدانان بۆ لای ئەو هاتبوو بۆ بەڕێوەبەری دارایی قوتابییەکەی هەڵبژارد، لەبەر ئەوەی نەیدەویست ئەو سەرمایە لەنێو بچێت، ئەمەش لە کاتێکدا بوو قازانجی ئەو بۆ کلێسا خەرج دەکرا.

بە نزیک بوونەوە لەکۆتایی ساڵی ١٨١٤ هێنری هیچ هەستێکی دروستی لەئاست دونیادا نەبوو، وەکو پەلەوەرێکی بێ جووت و ئازاد و بەڕەڵا بوو. هەرچەندە بیست و دوو ساڵ بوو، بەڵام بەسەختی بە هەڤدە ساڵە دەهاتە بەرچاو، ئیرەییبەرە رکابەرەکانی ئەویان بە جوانترین گەنجی پاریس ناودەهێنا. هێنری چاوی شینی هەڵخەڵەتێنەر و سەرنجڕاکێشی لە باوکی و قژی ڕەشی پڕی لە دایکی بەمیرات بردبوو، خوێنگەرمی، پێستی ناسکی کچانە، دەموچاوێکی نەرمونیان و دلۆڤان، هەیکەلێکی ئەشرافی و سەرنجڕاکێش و دەستگەلێکی جوانی لە هەردوکیان بەمیرات بۆ مابوەوە. لەڕاستیدا باشترین تایبەتمەندییەکانی ئەوانی گوڵچین کردبوو.

هەر ژنێک کە دەیبینی عەقڵ لەسەریدا نەدەما. پیاوێکی سەرنجڕاکێشی وەها شیاوی وێناکردنە؟!

وێناکردنی قورس نییە، هەندێ لە ئاوات وەکو خۆرە، دەکەوێتە

گیان و ڕۆحی مرۆڤەوە، بەڵام لەبەرئەوەی نالوێت بەوان بگەین لەبیر دەکرێن، لەبەرئەوەی ژنان لەپاریسدا خۆڕاگرییان نییە و تەنها ژمارەیەکی کەم لەوان وەکو پیاوان رستەی بەناوبانگی ئۆرانژ "ویستن، توانایییە" لەبەرخۆیانەوە دووبارە دەکەنەوە. وەرزێکی نوێ لە ژیانی "هێنری" گەنج دەستی پێکرد، بە پاکی بەهاریی چاوەکانی وەکو شێرێک ئازا و وەکو مەیمونێک چالاک بوو.

لەئاسمانەوە بەچەقۆ تۆپێکی دەکردە دوو کەرتەوە، بە ئەسپەکەی بە شێوەیەکی وەها غاری دەدا کە هەر بینەرێکی دەخستەوە یادی ئەفسانەی سێنتۆر . عەرەبانەی چوار ئەسپیی بەشارەزایی دەڕاند، وەکو مەلائیکەیەک جوان و وەکو مەڕێک دەستەمۆ بوو، بەڵام کە کاتی دەهات لە شمشێر زەنی و شەڕەشەق، توندوتیژی و هێزی دەدا بە چاوی هەمووواندا. جیا لەمانە لە ژەنینی پیانۆدا ئەوەندە شارەزا بوو، ئەگەر ڕۆژێک تووشی چارەڕەشی ببوایە بەئاسانی دەیتوانی ببێتە مامۆستایەکی شارەزا و بژێوی خۆی دابین بکات، دەنگی ئەوەندە دڵڕفێن بوو، دەیتوانی هەموو وەرزێک پەنجا هەزار فرانک لە بارباژا وەربگرێت. بەڵام بەداخەوە هەموو ئەم توانایانە و تەنانەت کەموکوڕییە جوانەکان کەموکوڕییەکی بێزارو لەنێوچوون، "هێنری" نە باوەڕی بە خوا هەبوو و نە بە شەیتان، نە متمانەی بە ژنان هەبوو و نە بە پیاوان. سروشتی هەوەساوی ئەم نیعمەتەی بەو دابوو و قەشەیەک بە

هەموو هێزی دوایین زەربەی لێدا و کۆتایی بەکاری هێنا.

بۆ تێگەیشتنی باشتر لەم بەسەرهاتەی شیاوی تێڕامان ئەمەش زیاد بکەین کە "لۆرد" بەشێوەیەکی سروشتی چەند ژنی دیکەی بینەوە و کۆپیگەلێکی دیکەی لەم وێنە دڵڕفێنە خستەوە. شاکاری دووەمی کچێکی گەنج بوو بە ناوی "ئۆفێمی"، کە زادەی ژنێکی ئیسپانی بوو لە هاوانا گەورە ببوو، هاوڕێ لەگەڵ ژنێکی دوورەگە لە دورگەکانی ئانتیل بە هەموو هەوسە وێرانگەرەکانی کە ریشەی لەدەروونی داکوتابوو بۆ مەدرید ڕۆیشت. بەخۆشییەوە لەگەڵ نەجیبزادەیەکی پیر و زۆر دەوڵەمەندی ئیسپانی، مارکسی پیری سێن ڕیاڵ بەناوی "دۆن هیژوس" هاوسەرگیری کرد، کە دوای داگیرکردنی ئیسپانیا لەلایەن سوپای فەرەنساوە، هات بۆ پاریس و لە شەقامی "سێن لازار" ژیا. لۆرد هیچ کات منداڵەکانی لە بوونی خوشک و براکانی دیکەی کە لەشوێنەکانی دیکە هەیانبوو ئاگادار نەکردەوە، هۆکەی کەمتەرخەمی بوو یا ڕێزگرتن لە سۆزی پاکی گەنجی؟ هیچ کەسێک نازانێت بۆ! ئەمە سیمایەکی ناخۆشی شارستانیەت و مرۆڤایەتییە، وشەیەک کە ئیمتیازە زۆرەکانی ئەو بەسادەیی خاڵە لاوازەکانی دادەپۆشن.

بۆئەوەی شتێکمان لەبیر نەکردبێت، ئەوەش بڵێین کە لەساڵی ١٨١٦ لۆرد بۆئەوەی ببێتە پەنابەر هات بۆ پاریس بۆئەوەی لەدەست دادگای بەریتانیا ڕزگاری بێت، کە جیا لە بازرگانی، پشتیوانی لەهیچ شتێکی خۆرهەڵاتی زەوی ناکەن. لۆردی ماڵ

لەکۆڵ کاتێک هێنری بینی لەبەر خۆیەوە وتی ئەو پیاوە گەنجە سەرنجڕاکێشە کێیە، کاتێک ناوی بیست بە سەرسووڕمانەوە لەبەر خۆیەوە وتی:

- ئاییی، ئەمە کوڕی منە.

بەمشێوەیە بوو چیرۆکی پیاوێکی گەنج کە لەناوەڕاستی مانگی ئاپریلی ساڵی ١٨١٥ وەکو ئاژەڵێک کە بەئاگاداری و هێز و متمانە و دڵنیاییەوە هەنگاو دەنێت، لە شەقامی پانوبەرینی "توئیلری بە ئۆتۆریتەوە" پیاسەی دەکرد. تەنانەت ژنانێکیش کە شوویان کردبوو، کاتێک بە لایدا تێپەڕ دەبوون سەیری دواوەی خۆیان دەکرد، بۆئەوەی جارێکی دیکە ببینن و ژنانی دیکە لەشوێنی خۆیان نەیاندەتوانی بجوڵێن و چاوەڕوانی دەبوون بۆئەوەی دیسان بگەڕێتەوە و دەموچاوی ئەو بەبێ هیچ جۆرە ئارایشتێک ئەوەندە سەرنجڕاکێش بوو کەتەنانەت جوانترین ژنانی تووشی سەرسوڕمان دەکرد و ناچاری دەکردن دەموچاوی ئەویان لەیاد بێت.

کاتێک "مارکی دورونکرولّ" بەوێدا تێپەڕ دەبوو، بە "هێنری" وت:

- ڕۆژی یەکشەممە لێرە چی دەکەی؟
- ماسییەک کەوتۆتە نێو تۆڕەوە.

گۆڕینەوەی ئەم بۆچوونانە بە دوو نیگای گشتی مانادار و بێ ئەوەی کە ئەو دوو پیاوە هیچ زانیارییەکیان لە بارەی یەکەوە

هەبێت، ئەنجام درا. پیاوی گەنج بەچالاکی چاو و گوێیەک کە تایبەتە بەخەڵکی پاریس، ئاگای لە ڕێبوارەکان بوو، لە یەکەمین نیگادا کوێر و کەڕ دەبیندرا، بەڵام لەڕاستیدا ئاگای لەهەموو شتێک بوو. لەو ساتەدا پیاوی گەنج بەرەو لای هێنری هات و بەشێوەیەکی هاوڕێیانە قۆڵی گرت و وتی:

- دومارسەی ئازیزم چۆنی؟

دومارسە لە شێوازی دەربڕینی دلۆڤانانە کە بۆ گەنجانی پاریس چ لە داهاتوو و چ لە ئێستادا، دەربڕی حاڵەتێکی تایبەت نییە، وتی:

- زۆرباشم.

لەڕاستیدا گەنجانی پاریس بەهیچ شێوەیەک هاوشێوەی گەنجانی شارەکانی دیکە نین. ئەوان دابەش دەکرێن بەسەر دوو گرووپ: گەنجێک کە شتێکی هەیە و گەنجێک کە هیچی نییە، یا لەلایەنێکی دیکەوە، گەنجێک کە بیر دەکاتەوە و گەنجێک کە خەرج دەکات. بەڵام ئەم خاڵە لە بیر نەکرێت کە ئەم وێناکردنە لەبارەی گەنجانی خۆجێی پاریسەوە، کەسانێک کە بانگەشەی ژیانێکی شکۆدارییان هەبوو. گەنجانێکی زۆری دیکەش لەپاریسدا بوونیان هەیە کەزۆر درەنگ لەگەڵ شێوازی ژیان لەپاریس ئاشنا دەبن و دەبنە گاڵتەجاڕی دەستی ئەم ژیانە.

ئەوان قومار ناکەن، دەخوێنن، بەسەختی کار دەکەن و چاو لەوانیتر دەکەن. لەدواییدا گروپێکی دیکە لەگەنجان، دەوڵەمەند

بن یا نەبن، بە حـەز و خۆشەویستی و هۆگرییەوە کارێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرن و درێژە بە کاریان دەدەن، تاڕادەیەک ئەوان هاوشێوەی ئێمیلن و هیچ کات لەنێو کۆمەڵدا نابیندرێن. سیاسەتمەداران، بە لووتبەرزییەوە ئەوان بە "دەبەنگ" ناودێنن. دروست یا هەڵە ئەم توێژەی دانیشتوانی چینی مامناوەند کە فەرەنسا لەژێر ئەودا پشتی چەماوەتەوە، زۆرتر دەکەن. هەمیشە و لەهەموو شوێنێک ئامادەن بۆ ئەوەی دەست وەربدەنە نێو کاری دەوڵـەت و نەتەوەوە و بە نەزانین کاروبارەکان تێک بدەن کە هەڵبەتە لەڕوانگەی خۆیانەوە ڕاستی و کەماڵە و شانازیی پێوە دەکەن.

ئەم گەنجانە دەست دەگرن بەسەر هەموو وەزارەت و حکومەتدا، لە سوپاوە بگرە هەتا دادگا و فەرمانگەی داد و ئەنجومەنی پیران و بە بوونی دەبەنگانەی خۆیان لەم دامەزراوە چارەنووسسازانە بایەخ و ئیعتیباری وڵات کەم دەکەنەوە و ڕەوتێکی نەخۆش لەجەستەی حکومەت پێک دێنن، کە چڵکی ئەو هەموو ئەندامەکان دەگرێتەوە. ئەم پیاوە گەنجانە، مرۆڤە خاوەن بەهرەکان بە گەندەڵ یا فێڵباز ناودێنن. ئەم گرووپە بەناو فێڵبازە هەرچەندە لەبەرامبەر کارەکانیان چاوەڕوانی پاداشتن، بەڵام ئەو کارە بە دروستی ئەنجام دەدەن، لەکاتێکدا کە ئەوانیتر کاری زیانبەخش جێبەجێ دەکەن، خەڵک ڕێزیان دەگرن، بەڵام بەخۆشییەوە فەرەنسییەکان، گەنجانی کەشخە، ئەوان بەنەزان و

دەبەنگ بانگ دەکەن.

کەواتە لەهەمان نیگای یەکەمدا جیاوازییەکی زەق لەنێوان ئەو دوو گرووپە لە پیاوانی گەنج کە پەیڕەوی ژیانی شاد و ئارامی دەروونی بوون و هێنری دومارسە یەکێک لە ئەندامەکانی ئەو بوو، دەبیندرێت. ئەگەر بەشی سەرەوەی لایەنی ڕواڵەتی هەڵسەنگێنین بەئاسانی قەناعەت بەوە دێنین کە ئەم جیاوازییە لەبواری مەعنەوییەوە پێوەرە و هیچ شتێکی هەڵخەڵەتێنەرتر لە ڕواڵەتی جوان نییە. بەهەمان شێواز کە شاعیر گوتویەتی سیمای جوانی ڕواڵەت هیچ نییە، ئەی هاوڕێ دەموچاوی جوان بێنە.

بەمەشەوە هەموان لەڕوانگەی ئەوانیترەوە یەکسانن، باسی هەموو شتێک دەکەن بەبێ ئەوەی بیر لە ڕاستی و دروستی بکەنەوە، لەبارەی مرۆڤ، ئەدەبیات و جوانییە هونەرییەکان و تەنانەت هەموو ساڵێک لەبارەی پیت و کوبورگ باس دەکەن. بەبێ ئەدەبی قسەی ئەوانیتر دەبڕن و گاڵتە بەزانست دەکەن و هەر شتێک کە نایزانن یا لەوتنی دەترسن ڕەتی دەکەنەوە.و بە تانەو تەشەر و بەبێبایەخ سەیری دەکەن. گەورەترین نیشانەی دەبەنگییان ئەوەیە خۆیان لەهەموو کاروبارێک بە شارەزا دەزانن و وا پیشان دەدەن لە دەوروبەرەکانیان سەرترن. گاڵتە بە باوکەکانیان دەکەن و لەباوشی دایکیان فرمێسکی درۆزنانە هەڵدەڕێژن، زۆربەی کات باوەڕیان بەهیچ شتێک نییە، تایبەتمەندی خراپ دەدەنە پاڵ ژنان، هەمیشە سەرقاڵی گێڕانی ڕۆڵی خاکەڕایین

و لەڕاستیدا پەیرەوی لە پیرەژنەکان یا لەشفرۆشەکان دەکەن.

هەموویان بەهۆی زۆربوونی شەڕانی بوون، گەندەڵی و پەرەخوازیی و شەهوەت، هەتا مۆخیان چووە و ئەگەر سنگی هەڵدڕی بێگومان بەردی تێدا دەبینیەوە. لەحاڵەتی ئاسایی جوانترین ڕواڵەتیان هەیە و هەر ساتێک بەمەبەستی برادەری دێنە پێشوە بەشێوەیەک خۆیان بە برادەر پیشان دەدەن کە هەست دەکەی دیل دەگرن.

لۆتیگەرییەکی تایبەت لە قسەکانیاندا دەبیندرێت، هەوڵ دەدەن ڕواڵەتی جیاواز بۆ خۆیان دروست بکەن، تەنانەت ئەگەر سەرسوڕهێنەر و نامۆ بێت، هەوڵ دەدەن لەم ڕێگایەدا تەقلیدی کارە دەبەنگانەکانی ئەکتەر و مۆدەکان بکەن. بۆئەوەی لە هەر گفتوگۆیەکدا سەرکەوتوو بن، لووتبەرزانە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی باوردۆخی ژینگە، قسە دەکەن.

لەباشترین حاڵەتدا دەتوانین ئەوان بە کەفێکی سپی جوان کە لەسەر شەپۆلی زریانە، بشوبهێنین، لەبەرئەوەی تەنانەت لەو ڕۆژانەی کە پاپۆڕی سەرزەمینیان دەنیشێتە قوڕ بێلایەن و کەمتەرخەمن، هەڵبەتە پێویستی سروشتیانە و توانای تێفکرینیان نییە بۆئەوەی خەم بخۆن. ڕەوتی ئاسایی ژیانیان ئەوەیە جلوبەرگی زەرق و بەرقدار لەبەر دەکەن و لە میوانییەکانی سەمادا شادی دەکەن، شەراب دەخۆنەوە و چێژی لێ وەردەگرن و تەنانەت لە کاتی شەڕی واتێرلۆ یا کاتێک کە وڵات دەرگیری شەڕ بوو یا ئەو

ڕۆژانەی کە کۆلێرا وەک خۆرە کەوتبووە گیانی نەتەوە، وەکو کەو سەریان کردبووەوە ژێر بەفرەوە و درێژەیان بە ژیانی ئاسایی خۆیان دەدا. لە دوایبدا خەرج و تێچوونی هەموویان یەکسانە، بەڵام دژیەکییەک ئەوان دابەش دەکاتە سەر دوو گرووپ: ژمارەیەک کە بەستراونەتەوە بە سەرچاوەی سامانەوە و بە چێژەوە پارەکان بۆ ڕابواردن فڕێ دەدەن و ژمارەیەک کە چاوەڕوانی سەرمایەیەکن کە بە میرات وەریدەگرن. هەر دوو گرووپ یەک خەباتیان هەیە، بەڵام هیچ کات پارەی حیسابە دواکەوتووەکانیان نادەن.

بەواتایەکی دیکە، گرووپی یەکەم گوێیەکیان دەرگا و گوێی دیکەیان دەروازەیە، بەڵام گرووپی دووەم ئایدیاکان بەراورد دەکەن و باشترینی پەسەند دەکەن. بەهەمان ڕادە کە گرووپی یەکەم ئیمانیان بە خۆیان و زیرەکییان هەیە و وا بیر دەکەنەوە هەر شتێک کە دەیزانن و لێی تێدەگەن و هەموو شتێک دەدەن بە کەسانێک کە لێیان بێ نیازن، بەڵام بە کەمتەرخەمی بەلای هەژارەکاندا تێپەڕ دەبن، گرووپی دووەم بە نهێنی فکری ئەوانیتر دەخوێننەوە و وەکو دەبەنگەکان پارەکەیان بۆ ڕابواردن و خۆشی خەرج دەکەن. ژمارەیەکیان لەگەڵ وەفاداری و ڕاستگۆییدا نامۆن، لەبەرئەوەی ڕۆحیان وەکو ئاوێنەیەک کە زۆر بەکار هێنراوە و کۆن بووە هیچ وێنەیەک پیشان نادات. واتە لە غەم و پەژارەی ئەوانیتر تێناگەن بۆئەوەی پەرچەکردار پیشان بدەن و گرووپی دووەم هەرچەندە وەکو گرووپی یەکەم دەبیندرێن، بەڵام لە ڕاستیدا

ئاوەز و هەستیان ئیدارە دەکەن.

گروپی یەکەم بە ئیمان بە هیوایەکی پوچ و بۆ گەیشتن بە پلە و پێگەیەک خۆیان وەقفی سیستەمێک دەکەن، بەڵام هەر ئەوەندە گەیشتنە سەرەتای کەوتنە خوارەوە، خێرا بیروباوەڕیان لەگەڵ حیزبێکی دیکە هاوئاراستە دەکەن. بەڵام گروپی دووەم بەلەبەرچاوگرتنی داهاتوو بەرەو پێشەوە دەڕۆن و لەو باوەڕەدان، ڕاستگۆیی لە سیاسەت وەکو ڕاستی و ئەمانەتداری ئینگلیزییەکان لە بازرگانی، ڕەمزی سەرکەوتنە.

لەو شوێنەی کە پیاوە گەنجە دەوڵەمەندەکان لەبارەی بنیاتنانەوەی تاج و تەخت و گۆڕینی پاشایەتی قسەیان دەکرد یا قسەی خۆشیان دەکەن، ئەو گەنجە هەژارە بە پاراستنی ڕەوتی ئاسایی ژیان و پەیوەندییە برادەرانەکانیان بەدووی ڕێگاچارەیەکی گشتی کۆمەڵایەتی یا نهێنییەوەن. کەسانێک زیرەکی و بەهرەی ئەوانیتر ڕەت دەکەنەوە، ئایدیاکانی خۆیان بە داهێنانێکی زیرەکانە دەزانن، بەشێوەیەک هەستبکەی جیهان دوێنی دروستکراوە و ئەمڕۆ ئەوان ئایدیایان پێشکەش کرد. متمانەیەکی زۆریان بەخۆیان هەیە و خۆیان بێبەزەییترین دوژمنی خۆیانن.

گروپێکی دیکە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر متمانەیان بە دەوروبەریان نییە، کەسانی دەوروبەریان نرخ لەسەر بەهاکانیان دادەنێن. ئەوان شەوان سەریان دەخەنە سەر سەرین، وەکو مرۆڤێکی ڕژد کەپێش خەوتن پارچە زێڕەکانی دەکێشێت، بەها

مرۆییەکان هەڵدەسەنگێنن.

گرووپێک بەبچوکترین گاڵتە تووڕە دەبن و خۆیان دەکەنە گاڵتەجاڕیی دەستی سیاسەتمەدارگەلێک کە وەکو بوکەڵە بە ڕاکێشانی هەوسارێک کە خەستوویانەتە ملی ئەوان، ئەوانیان کردۆتە گاڵتەجاڕیی لوتبەرزی خۆیان. بەڵام بەپێی وتەی شاعیر چەرخی ئەکتەر لەم یاریانەی زۆرە/ چەرخی گەردوونە کە هەندێ کات گەورەیی دەدات و هەندێ کات ڕەزیلی، لە دواییدا ڕۆژێک دێت هەژار، دەوڵەمەند و دەوڵەمەند هەژار دەبێت.

گرووپێکیش کە برادەرانیان بە فێڵ و تەڵەکە گەیشتنە پلەیەک، لەبەرئەوەی زیرەکن، ستایشیان دەکەن، بەڵام لۆمەی فێڵبازی و ماستاوچیەتی ئەوان دەکەن، لەوباوەڕەدان هەرچەندە دڵیان ڕەش بووە، بەڵام مێشکیان بەباشی کار دەکات. "ئەو زۆرباشە." باشترین وێناکردن بۆ کەسێکە کە لە سیاسەت، خۆشەویستی، یا ساماندا سەرکەوتوو بووە. لەم نێوەندەدا گەنجانێک دەبیندرێن کە ئەم یارییە بە قەرز دەست پێدەکەن، بەپێی سروشت ئەمانە زۆر مەترسیدارتر لەو کەسانەن کە بە دەستی بەتاڵ دێنە نێو گۆڕەپانەکەوە.

پیاوێکی گەنج خۆی بە برادەری "هێنری دومارسە" دەزانی، گەنجێکی سادە بوو، لە شارۆچکەوە هاتبوو، گەنجانی ئەو سەردەمە ئەویان فێری بە هەدەردانی میرات و سامان دەکرد، بەڵام بەو ناوبانگ و ئیعتبارەی کە لە زێدی خۆی هەیبوو، دیسان

دەیتوانی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت و لەلایەکی دیکەوە، مانگێک سەد فرانگ خەرجی بوو، بووە میراتگری سامانی باوکی. ئەم گەنجە ئەوەندە ئاوەزمەند نەبوو کە لە گاڵتە و شۆخی ئەوانیتر تێبگات، بەڵام لە شوێنێک عەقڵی کاری کرد و کاتێک تێگەیشت یەک لەسەر سێی سامانی بە خەسار چووە، ئەوەی مابووەوە دەستیپێوەگرت.

لە پاریس فێری چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی تێچونەکان و تێپەڕکردنی ژیانی بوو بەچەند هەزار فرانکێکەوە ، بۆ نمونە: بۆئەوەی زۆر دلۆڤان نەبێت و ڕێگای دروستی ڕەفتار لەگەڵ خەڵک فێر بوو و تێگەیشت باشترین ڕێگا بۆ کڕینی هەرزان ئەوەیە کە زیاتر لەگەڵ ئەوان گەرموگوڕ بێت. بتوانیت لە شێوازی جل لەبەرکردن و ڕێگا ڕۆیشتنی خاتونەکان تێبگات کە سەر بەکام چینی کۆمەلایەتین. پێی خۆش بوو فێری یاری ئێکارت بێت، بۆئەوەی کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی، چێژی چای و دابونەریتی بەریتانی لەگەڵ خۆی بەرێت و لە باقی تەمەنی هەموو شتێک بە سووک سەیر بکات.

"دومارسە" بۆئەوەی بیکاتە قەڵغانی خۆی، مۆڵەتیدا بێتە ناو دنیای ئەوەوە، دروست وەکو زەوی فرۆشێک کە سکرتێرێکی متمانەپێکراو دادەمەزرێنێت. برادەری لەگەڵ دومارسە، چ ڕاستەقینە و چ درۆزنانە، پلەیەکی کۆمەلایەتی تایبەتی بۆ "پائویل دومانرویل" هەبوو، لە وێناکردنەکانی خۆیدا بە نێوانگیری برادەری لەوجۆرە

ئیمتیازی زۆری بۆ دەستەبەر بوو، دەیتوانی شتی زۆر لەلای ئەو فێر ببێت. ژیانی بەهۆی ڕەنگدانەوەی نورەکانی دومارسە ڕوناک بوو، هەمیشە لەژێر سێبەری ئەودا بوو، بۆ ڕێگا ڕۆیشتن پوتی لەپێ دەکرد، کاتێک لەگەڵ هێنری بوو، لەگەڵ ئەو پیاسەی دەکرد، ئەوەندە رازی دەبیندرا، کە هەستت دەکرد دەقیرێنێت:

- ڕێز لەم دوو بەورە دڕندەیە بگرن و لێیان دوور بکەونەوە.

هەندێ کات لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- من چیم لە هێنری بووێت پێم ناڵێت نەخێر. بەهەر حاڵ ئەو برادەری گەرموگوڕ و نزیکی منە.

لەلایەکی دیکەوە ئاگادار بوو داوای هیچ شتێک لە هێنری نەکات. بەشێوەیەکی وەها لە هێنری دەترسا، یا باشتر وایە بڵێم گوێی لەو دەگرت، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کەهەستی پێ نەدەکرا، بەڵام ئەوانیتر نەیاندەتوانی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەت بکەنەوە و ئەمەش بۆ هێنری بە سوود بوو. پائول وتی:

- هێنری پیاوێکە لە هەزاران پیاو یەکێکی تێدایە و دەبینن چی بوێت پێدەگات و تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک ببینین بووەتە وەزیری دەرەوە تووشی سەرسووڕمان نابم. هیچ شتێک ناتوانێت ڕێگای لێ بگرێت.

بۆ ئەو "دومارس"ە وەکو کڵاو خود بۆ شەڕکەر لە گۆڕەپانی شەڕدا بوو. هەندێ کات دەیگوت:

- ڕۆژێک من و دومارسە بۆ ڕاوکردن ڕۆیشتین، ئەو باوەڕی

بە توانای من نەبوو، بەڵام من بە ئەسپ بەسەر لەمپەرێکدا بازم دا بەبێ ئەوەی لەسەر ئەسپەکە بچوکترین جووڵە بکەم.

کەواتە "پائول" نەیدەتوانی لەڕیزی خێزانە گەورە و ناودار و بەهێزە دەبەنگەکان بێت کە سەرکەوتوو بوون. ڕۆژێک ئەو پلەیەکی بەرزی بەدەست دەهێنا، بەڵام هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە ئاستێک کە کارێکی قورس ئەنجام بدات. دومارسەی هاوڕێی بەمشێوە وێنای ئەوی کرد:

- لەبارەی "پائول"ەوە پرسیارم لێدەکەن؟ بۆچی؟

ئەو بە "دومارسە"ی ووت:

- هاوڕێی ئازیزم بینینی ئێوە لێرە و لە ڕۆژی یەکشەممە، کەمێک بۆم جێگای سەرسووڕمانە!

- منیش ویستم پرسیارێکی وەها بکەم.

- پیلانێک لە ئارادایە؟!

- پیلان!؟

- ئممممم!!!!؟

بۆ ئەوەی خۆشەویستم بەدناو نەکەم، دەبێ پاساوێکی وەهام هەبێت. هەروەها بە ڕای ئەشراف ژنێک کە ڕۆژی یەکشەممە بۆ "توئیلری" دێت، بێبایەخە.

- ئاخ؟ ئاخ؟

- پێش بە زمانت دەگری، یا ئیدی هیچ شتێکت لەگەڵ باس ناکەم. بەدەنگی بەرز پێدەکەنی، ئەوەندە بەرز پێدەکەنی کە خەڵک

وا بیر دەکەنەوە زۆرمان خواردۆتەوە.

پێنج شەممەی ڕابردوو لێرە لەبەرهەیوانی "فۆیان" پیاسەم دەکرد و هەوڵم دەدا بیر لە هیچ شتێک نەکەمەوە، بەڵام کاتێک گەیشتمە دەرگای ڕۆیشتنە ژوورەی "گاستیگلیۆن" و لەوێ تێپەڕ دەبووم، ڕووبەڕووی خاتوونێک یا باشتر وایە بڵێم کچێکی گەنج بوومەوە، کە کەمێک ڕاوەستا و سەیرێکی منی کرد، بەڵام هۆی ئەوەی کە خۆی نەخستە باوەشم بەڵام زۆرتر لەبەر ڕەچاوکردنی ڕێز و ئاکاری مرۆیی بێت. ئەوە سەرسوڕمانێکی قوڵە، کە کاریگەری لەسەر دەست و پێ دادەنێت و دوایی دەگاتە بڕبڕەی پشت و لە دواییدا لە پەنجەکانی پێ ڕادەوەستێت بۆئەوەی ئێوە لەشوێنی خۆتان ڕابگرێت. لەڕاستیدا ئەمە جۆرێک ڕاکێشانی هەڵچوونە، کە لە پەیوەندی دوولایەنە بەخێرایی زیاد دەکات و من باش دەزانم زۆربەی کات کاریگەرییەکی وەها لەسەر لایەنی بەرامبەرم دادەنێم و ئەم حاڵەتە کاتێک ڕووبەڕووی ڕەگەزی بەرامبەر دەبمەوە زۆرتر دەبێت، بەڵام هاوڕێی ئەم کچە نە مەست بوو، نە ئاسایی.

هەستم دەکرد بەهەموو ئەندامانی جەستەی دەیقیڕاند:

- باوەڕ ناکەم، ئەمە تۆی، کەسی ئایدیالی من، کەسایەتی سەرەکی خەونەکانی شەو و ڕۆژی من، بەڵام باوەڕ ناکەم، ئێستا من نەخەوتووم؟ بۆچی ئەمڕۆ؟ بۆچی دوێنی نەبوو؟ من بگرە، من هی تۆم...

من بەخۆم گوت: ئایی خوایە! دیسان یەکێکی دیکە و دوایی بە وردی سەیری ئەوم کرد. ئایی برادەری من ڕواڵەت و هەیکەلی ئەم ژنە نامۆیە پێداهەڵترین حاڵەتێک بوو کە هەتا ئێستا بینیبووم. ژنێک بە پێستی برۆنزەوە بوو کە ڕۆماییەکان ئەوان بە ژنی ئاگراوی ناو دێنن. بەڵام شتێک کە زیاتر لەهەموو شتێک منی تووشی سەرسووڕمان کرد و هێشتا بۆم جێگای سەرسووڕمانە، دوو چاوی ئاڵتوونی ئەوە، چاوگەلێک وەکو پڵنگ، زەردێکی ئاڵتوونی درەوشاوە، زێڕی تەواو، زیندوویەک کە خۆشەویستی هەیە و شێلگیرە کە هی ئێوە بێت. پائول قیر□اندی:

- هاوڕێی ئازیزم، ئێمە چەندین جار ئەومان بینیوە، ئەو ماوەناماوەیەک دێت بۆ ئێرە و ئێمە ئەو بە کچە چاو ئاڵتوونی ناو دێنین. کچێکی گەنج کە نزیکەی بیست و دوو ساڵ تەمەنیەتی. من لەسەردەمی پاشایەتی بۆربۆنەکانەوە ئەوم لێرەدا بینیوە، بەڵام لەگەڵ ژنێک بوو، کە سەد هەزار جار لە خۆی جوانتر بوو.

- پائول بێدەنگ بە! ئەگەری نییە ژنێکی جوانتر لەم کچە بوونی هەبێت. ئەو وەکو پشیلەیەکە کە بە ناز و عیشوە خۆی دەساوێت بە پێیەکاندا، کچێکی سپی بە قژی خۆڵەمێشی، ڕواڵەتێکی جوان، بەڵام لەسەر بەندی سێیەمی پەنجەکانی کەمێک توکی کاڵ هەبوو، لەسەر گۆناکانی هێڵێکی سپی هەبوو، کە لەژێر گوێیەوە هەتا ملی درێژ دەبووەوە و لەبەر ڕووناکی خۆر بەدەر دەکەوت.

-ئایی هاوڕێ، دومارسەی ئازیزم، ئەویترت نەبینی! چاوگەلێکی

ڕەشی درەوشاوەی هەبوو، کە هەست ئەکەی هیچ کات فرمێسکی لێ نەهاتۆتە خوارەوە، بەڵام زۆر پیاوی گریاندبوون، برۆی پەیوەستی کەمێک دەموچاوی زبر کردبوو، بەڵام لێوە ئەستوورە خەندانەکانی ئەو توندوتیژییەی دەشاردەوە، ژنێکی سەرنجڕاکێش کە دڵی هەر پیاوێکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، بەڵام سوێند بە شەرافەتم ئەو هاوشێوەی ئێوەیە.

ـ تۆ لە وەسفکردنی ئەودا زێدەڕۆییت کرد!

ـ کاریگەرییەکی هاوشێوەی پاپۆڕێکی سەربازی کە بەپەلە و بە ئازایەتی فەرەنسایی هێرش دەکاتە سەر پاپۆڕێکی گەورەی بازرگانی و لەگەڵی شەڕ دەکات و غەرقی دەکات، لەسەر دەوروبەری هەیەتی.

دومارسە وتی:

ـ برادەری ئازیزم، وا گریمان هەموو ئەو وەسفانەی لەبارەی ئەو ژنەوە باست کرد ڕاست بێت، کاتێک من هیچ کات ئەوم نەبینیوە، کاریگەری لەسەر دڵم نابێت. هەمیشە ئاوات بە بینینی ژنێک دەخوازم کە لە خەونەکانم ئارامی لێ هەڵگرتووم، ژنێک کە تەنانەت وەسفکردنی ئەو بە وشەکان سەختە، ئەو هەمان کەسایەتی سیحراوی ڕاستەقینەی تابلۆی "ژنی دێو نەواز"ە، تابلۆیەک کە بەهەستترین و وەسوەسە خوڵقێنەرترین بەهرەی ئیلهامبەخشی سەردەمی کۆنە، شیعرێکی پیرۆز کە بووەتە گاڵتەی دەستی شێوەکاران و دەوڵەمەندانی بێ مێشک، کە جیا

لە پارە خەرجکردن کارێکی دیکەیان نییە، ئەو دەبەستن بە زنجیری کاتژمێریانەوە لە کاتێکدا کە ئەو ژنێکی تەواوە، چێژێکی قوڵ کە هەر کەسێک جادوو دەکات و ئەو سەری نادیارە.

لەڕاستیدا، ئەم ژنە ئایدیالە، ئەگەر ڕاستگۆ بیت، دان بەوەدا دەنێ کە ڕەنگە هەندێ کات لە ئیتالیا یا ئیسپانیا نمونەیەکی ئەو ببینیتەوە، شتێک کە هیچ کات لە فەرەنسا نایبینیتەوە. باشە، من هەینی دیسان ئەو کچە چاو ئاڵتوونیەم بینیەوە. هەستی شەشەمم پێمی دەگوت دەبێ ڕۆژی دوایی لە هەمان کاتژمێردا چاوەڕوانی بم و هەڵەشم نەکردبوو. پێم خۆش بوو بە بێ ئەوەی بزانێت بکەومە دووی، بە ڕێگا ڕۆیشتنی خەرامانی وا دەبیندرا حەزی لە کەسێکی دیکە نییە، بەڵام بە جووڵەی پڕ لەنازی هەر نیگایەکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. گەڕایەوە و منی بینی و دیسان لەسەیرکردنی مندا غەرق بوو، مات و بێهۆش دەست و پێی دەلەرزی و زاری قفڵ بوو. دوایی پیرەژنی ئیسپانی کە لەگەڵی بوو و بە مانایەک چاودێری ئەو بوو سەرنجی منی ڕاکێشا. شەیتانێک کە بێگومان بۆ پاراستنی ئەم ئافرێندراوە سەرسووڕهێنەرە هەقدەستێکی زۆری وەردەگرت. ئەم پیرەژنە ئاگری لە تەماحی من بەردا و فزولی من پشکوت. ڕۆژی شەممە خەبەرێکی نەبوو و ئێستا من چاوەڕوانی کچێکم کە پیاوی خەونەکانی ئەوم، شتێک جیا لەمەم ناوێت.

پائول وتی:

- ئەو لێرەیە، هەمووان بۆ بینینی ئەو سەیری دواوە دەکەن.

ئەو هێنری بینی، چاوەکانی درەوشانەوە و شەرمێکی تایبەت لە

دەموچاوی بەدەر کەوت، چاوەکانی داخست و بەلای ئەودا تێپەڕ بوو.
پائول بە گاڵتە وتی:

ـ هاوڕێ وتت ئەو بیری لای تۆیە؟

پیرەژن کە لەگەڵی بوو ناوچاوی لە هێنری و پائول دا بەیەکا. کاتێک هێنری و کچەکە دیسان بەلای یەکدا تێپەڕ بوون، کچەکە دەستێکی لە هێنری دا و دەستی ئەوی گوشی و دوایی گەڕایەوە و بە خۆشەویستی بزەیەکی پێکەنینی بۆ هێنری کرد، بەڵام پیرەژنی مێشەکەرانەی گۆڕەپانەکە بەخێرایی ئەوی بەرەو دەرگای ڕۆیشتنە دەرەوە ڕێنمایی کرد. ئەو دوو برادەرە دڵسۆزە، کەوتنە دووی کچەکە و بەردەوام وەسفی جوانی ئەویان دەکرد.

کچی چاو ئاڵتوونی لاقگەلێکی درێژ و جوانی هەبوو، کە لەکاتی ڕێگای ڕۆیشتن بەشێوەیەکی تایبەت کە هەیبوو سەرنجڕاکێش بوونی ئەوی زیاد دەکرد. جیا لەوەی کە پێڵاوی کچانەی جوان و تەنورەی کورتی لەبەر کردبوو. لە ڕێگادا ماوەناماوەیەک دەگەڕایەوە و بە نیگای زۆرتر هێنری شێلگیرتر دەکرد و دیار بوو کە بە ناچاری کەوتۆتە دووی پیرەژنەکە. وا هەست ئەکرا هەرچەندە ئاغای پیرەژنەکەیە، بەڵام دیلی ئەویشە. دیار بوو بەئاسانی ناتوانێت پیرەژنەکە لەخۆی دوور بکاتەوە، بەڵام نەیدەویست سووکایەتی بەو بکات. هەموو شتێک شیاوی تێگەیشتن بوو.

دوو گەنجەکە گەیشتنە دەروازەی ڕۆیشتنە ژوورەوە. دوو

پیاو کە دیار بوو نۆکەری ئەو کچەن، بە سەردانەواندن و ڕێز ئاوزەنگی داشقەی عەرەبانەکە دیار بوو هی نەجیب زادەکانە، هێنایە خـوارەوە. سەرەتا کچە چاو ئاڵتوونی سەرکەوت و لە شوێنێک دانیشت کە کاتێک داشقە کەوتە ڕێ بە باشترین شێوە کە بلوێت لە دەرەوە ببیندرێت، دەستی لەسەر دەرگا دانا و بەبێ گرنگی پێدان بە پیرەژن، دەستماڵی ملی بۆ هێنری ڕاوەشاند بۆ ئەوەی دڵبەرییەکەی کامڵ بێت و بەبێ نیگەرانی لە قسەی خەڵک بە ڕاوەشاندنی دەستماڵی ملی ناڕاستەوخۆ بە هێنری وت:

- بە دووی مندا وەرە.

هێنری بە پائولی گوت:

- تا ئێستا کەسێکت بینیوە شەپۆلێکی وا جوان بە دەستماڵی ملی بدات؟

دواتر داشقەیەک کە تازە گەیشتبوو و خەریک بوو خەڵکی دادەبەزاند، بانگی کرد تابەرەو ئەو بڕوات. سوار بوو، بە داشقەچی گوت:

- هەنگاو بە هەنگاو بکەوە دووی ئەو داشقەیە و ئاگاداربە بەکام کۆڵان و شەقامدا تێپەڕ دەبێت و لەبەر کام خانوو ڕادەوەستێت. دە فرانکت پێدەدەم.

وتی: کاتێکی خۆش "پائول". کەوتە دوای داشقەی کچە چاو ئاڵتوونی، لە "سێن لازار" لەبەردەم یەکێک لەجوانترین خانووەکانی گەڕەک ڕاوەستا. "هێنری" کەسێک نەبوو بێ بیرکردنەوە کارێک

بکات. هەر گەنجێکی دیکە بوایە ئەگەری ئەوەی هەبوو تەسلیمی هەستەکانی ببێت و خێرا هەندێ زانیاری لەبارەی کچەکە بەدەست بێنێت، کە جوانترین دەرکەوتنی بابەتی ئەو شیعرانەیە کە لەوەسفی ژنانی خۆرهەڵاتی بیستبوو. بەڵام لە چانسی ئەو، زۆر بەئەزموون و بە ئیحتیات بوو. بە داشقەچی گوت لەشەقامی "سێن لازار" درێژە بە ڕێگای خۆی بدات و بیگەیێنێتەوە ماڵەوە. ڕۆژی دواتر "لۆرانتی" خزمەتکاری ئەو کە لەچالاکی و زیرەکیدا هاوشێوەی فرونتێنەکانی کۆمیدیای کۆن بوو، بە شێوەیەکی نەناسراو لە دەوروبەری خانوی کچەکە چاوەڕوانی کاتژمێری دابەشکردنی نامەکان بوو.

بۆئەوەی بتوانێت بە ڕادەی پێویست لەبارەی خانویەک کە پێی ڕاسپێدرابوو زانیارییەک بەدەست بێنێت، وەکو لێکۆڵەرێکی پۆلیس کە قیافەی خۆی بگۆڕێت، جلوبەرگی خەڵکی ئوورنی کڕی و خۆی کردە هاوشێوەی ئەوان. کاتێک فەرمانبەری پۆلیس گەیشتە شەقامی "ئورنی" بۆئەوەی نامەکانی ئەو ڕۆژە تەسلیم بکات، "لۆرانت" بە بەهانەی ئەوەی کە پاکەتێکی بۆ کەسێک هێناوە، بەڵام ناو و ناوونیشانی ئەوی لە بیرکردووە لەگەڵ فەرمانبەری پۆست کەوتە قسەکردن.

پۆستەچی لەسەرەتاوە کڵاوی ڕواڵەتی ئەو چووە سەری و زانیاری لەبارەی خانویەک کە کچی چاو ئاڵتوونی تێدا نیشتەجێ بوو بەو دا و وتی ئەو خانووە هی نەجیب زادەیەکی ئیسپانی بە

ناوی "دۆن هێژوس مارکی سێن ریاڵە". لۆرانت کارێکی بە خاوەن ماڵ نەبوو، بەڵام بە درۆ وتی:

- پاکەتەکەی من هی مارکییە.

- ئەو لەوێدا نییە، پاکەتە پۆستیەکانی بۆ لەندەن دەنێردرێت.

لۆرانت بە دوودڵـی بە دەنگێکی بـەرز کە هەیبوو بیری دەکردەوە:

- کەواتە بەم وەسفانەوە مارکی هەمان ئەو کچە گەنجە نییە کە...

پۆستچی بە سەرسوورمان و بە حاڵەتێک کە هەیبوو دەیگووت گاڵتەمان پێدەکەی... قسەی پێ بڕی و وتی:

- بـرادەری ئازیز ڕوونـە بۆ کارێکی دیکە هاتووی! پاکەتی پۆست بەهانەیە.

لۆرانت چەند سکەیەکی زێڕی بەهێواشی دایە پۆستچیەکە و بەنیشانەی سوپاس چاوێکی لێداگرت. ئەو لەکاتێکدا کە نامەیەک مۆری فەرمانگەی پۆستی لەندەنی لەسەر بوو لە جانتای چەرمی دەرهێنا و ئـامـاژەی بە نـاو و ناوونیشانێک دا کە لەسەری نووسرابوو و وتی:

- سەیر بکەن، ئەمە ناوونیشانی کەسێکە کە بە دووی ئەوەوەن: "مادامۆازێل پاکتیا والدێس"، شەقامی "سێن لازار"، بینای "سێن رئیال"، پاریس.

ناونیشـانـەکە بەپیتی گــەورە، بـەخـەتـی خـۆش و جـوان

نووسرابوو، دیار بوو دەستخەتی خاتونێکە. لۆرانت دەیویست یارمەتی بایەخدار و برادەرانەی پۆستچی قەرەبوو بکاتەوە وتی:

- بە بتڵێک شەرابی سپی لەگەڵ سەدەف و کارگی سوورەوکراو ڕازیت؟

- کاتژمێر نۆ و نیو کە کاری من تەواو بوو لە خزمەتتدام. لە کوێ یەک ببینین؟

لۆرانت ناونیشانی دا و پۆستەچی کاتژمێرێک دواتر لە شوێنی وادەکەیان ئامادە بوو، بە لۆرانتی وت:

- سەیر بکە، بـرادەری مـن، ئەگەر ئاغای ئێوە عاشقی ئەو کچە بووە، دەبێ بڵێم یارییەکی سەختی دەست پێکردووە و لەو باوەڕەدا نیم بەم ئاسانییە بتوانێت ئەو ببینێت. لەماوەی دە ساڵدا کە من لە پاریس پۆستەچیم، خانوی ئەمنی و پڕ لە نهێنی زۆرم بینیوە، بەڵام ئەم خانووە جیاوازە و من و هەموو هاوکارەکانم لەبارەی ئەو خاڵەوە هاوڕاین کەهیچ خانویەکی پڕ لە نهێنیتر لە "سێن ڕئیاڵ" بوونی نییە و هیچ کەسێک بەبێ بوونی وشەی نهێنی ناتوانێت بڕواتە نێو ئەوماڵەوە، کە بە ئەنقەست لەنێوان حەوشەیەکی گـەورە و باخێک دایـە، بۆئـەوەی پـەیوەندی بە ماڵەکانی دەوروبەرەوە نەبێت. دەرگاوان ئیسپانیەکی پیرە کەهیچ کات ناتوانێت وشەیەک فەرەنسی قسە بکات، بەڵام ئەوەندە ورد سەیری مرۆڤەکان دەکات کە گریمانەی سەرەتایی ئەو دز بوونە، ئێوە دەخاتەوە بیر ویدوک . هەر عاشق، دز یا مرۆڤی ئاسایی کە

بتوانێت لەدەستی ئەم دەرگاوانە ڕزگاری بێت، سەرەتا دەگاتە هۆڵێک کە بەدرەگایەکی شوشەیی داخـراوە و لەوێدا کەسێک دەبینی کە چەند خزمەتکار لە دەوری ڕاوەستاون و ئەویش لەو دەرگاوانە پیرە زۆر تووڕەتر و سەختگیرترە. هەر کەسێک لە دەرگاوان تێپەڕ بوو ئەو دێتەدەر و لە دەرگای چوونە ژوورەوەی هۆڵ چاوەڕوانی دەبێت و وەک تاوانبارێک لەو دەپرسێتەوە. ئەم ڕووداوە بۆ من کە پۆستچییەکی ئاساییم ڕوویدا و لە دواییدا خۆشی بەهۆی فرەبلێییەکانیەوە کەوتە پێکەنین و وتی منی لەگەڵ سیخور بە هەڵەگرتبوو. هیوات بە خزمەتکارەکان نەبێت یارمەتی تۆ بدەن، لەبەر ئەوەی من وا بیر دەکەمەوە هەموویان کەڕ و لاڵن و لەم دەوروبـەرە هیچ کەسێک گوێی لەدەنگی ئەوان نەبووە. نازانم چەندە هەقدەست بەوان دەدەن کە ئەو بەرپرسیارێتیەیان قبوڵ کردووە. بەکورتی، ئەگەری نزیک بوونەوە لەوان نییە، نازانم لەبەر ترسە لە سزایەکی وەکو ئیعدام یا ترسە لە لەدەستدانی ئەو سامانە گەورەیە. ئەگەر گەورەکەت لەبەر خۆشەویستی پاکیتا بەهەموو ئەم قوناغانەدا تێپەڕ ببێت، باوەڕ ناکەم قۆناغی حەوتەم بۆ ئەو ئاسان بێت، ئەو پیرەژنەی کە پارێزەری ئەوە و لەگەڵیەتی، "دونا کۆنچا ماریالوا" لە جلوبەرگ زیاتر لەوەوە نزیکە. دوو ژن کە هەست ئەکەی پێکەوە دوراون.

لۆرانت قومێک لە شەرابەکەی خواردەوە و وتی:

- بـرادەری ئازیـزم، هەموو ئەو شتانەی کە وتـت قبوڵمە،

لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکانی دیکەم پشت ڕاستی دەکەنەوە، بەڵام باوەڕکردن بەوە کەمێک قورسە، من وا بیرم کردەوە گاڵتەم پێدەکەن. میوەفرۆشی گەڕەکەکە دەیگوت شەوان سەگەکان بەر دەدەن و خۆراکی ئەوان بە بزماری داری بە شوێنێک هەڵدەواسن کە پێی ناگەن. ئەم ئاژەڵە وەحشیانە وا بیر دەکەنەوە هەر کەسێکی بێگانە بێتە نێو ماڵەکەوە بۆ خۆراکی ئەوان هاتووە و پارچە پارچەی دەکەن. ڕەنگە وا بیر بکەنەوە بتوانی پارچە گۆشتێک بخەیتە بەریان و قەپۆزیان داخەی، بەڵام بە شێوەیەک پەروەردە کراون کە تەنها لە دەستی پاسەوانی تایبەتیان شت دەخۆن.

پۆستەچی وتی:

- منیش هەندێ قسەم لە دەرگاوانی "بارۆن دونوسینگێن" کە باخەکەی دیوار بە دیواری بینای "سێن رئیاڵە"، بیست.

- زۆرباشە، کەمێک باشتر بوو، لەبەر ئەوەی ئاغاکەم ئەو دەناسێت. دەزانی ئاغای من پیاوێکی دەگمەنە و ئەگەر خەونی گەیشتن بە شاژنی هەبێت کارێک دەکات ژن دەستەمۆی بێت. ئەگەر لەم بوارەوە پێویستی بە ئێوە هەبێت کە ئەوە لە چانسی باشی خۆتانە، ئەگەر ئەوە پێویست بکات ئەوەندە دەست و دڵ بازە کە ژیانتان ژێر و ڕوو دەبێت. دەتوانم پشت بە یارمەتی ئێوە ببەستم؟

- هیوادارم "مسیو لۆرانت". ناوی من "موانۆ"یە.

- سوپاس موانۆ.

- لەشەقامی سێ برادەر خانووی ژمارە ١١ نهۆمی پێنجەم دەژیم. من هاوسەر و چوار منداڵم هەیە. ئەگەر کاری ئێوە دژیەکی لەگەڵ ویژدان و ئەرکەکانی مندا نەبێت بە دڵ و گیان لە خزمەتدا دەبم.

لۆرانت تەوقەی لەگەڵ کرد و وتی:

- سوپاس جوامێر.

دوای ئەوەی خزمەتکار ئەنجامی لێکۆڵینەوەی خۆی گێڕایەوە، هێنری وتی:

- گومانم لەوە نییە "پاکیتا والدس" خۆشەویستی "مارکی دوسان رئاڵ" برادەری بەڕێز "فردینانده". تەنها پیرەمێردێکی هەشتا ساڵەی ئیسپانی دەتوانێت بیر لە ڕێوشوێنی وەها بکاتەوە.

لۆرانت وتی:

- مسیو، بەڕای من تەنها ڕێگا ئەوەیە بە باڵۆن لەو ماڵە بێنە خوارەوە.

- دەبەنگ گیان من "پاکیتام" دەوێت کە خۆی دێتەدەر، کەواتە پێویست ناکات من بە دووری ڕێگای ڕۆیشتنە ژوورەوە بم.

- بەڵام سەروەرم ئەو دایەنە پیرە؟

- باشە دەتوانم یەک دوو ڕۆژ زاری دابخەم.

لۆرانت دەستی بە یەکتر ساوی و وتی:

- کەواتە پاکیتا لە نێو دەستی ئێمە دایە.

- سەیرکە دەبەنگ، ئەگەر لەبارەی کچێک کە من حەزم لێیە و

خۆشم دەوێت بەم جۆرە قسە بکەی دەبێ چاوەڕوانی ئەنجامەکانی بیت. خێرابە جلوبەرگم بۆ ئامادە بکە، دەبێ بڕۆمە دەرەوە.

هێنری بۆ ساتێک غەرقی خەیاڵە شیرینەکانی بوو. ئەو هەر ژنێک کە بۆ ئەو شیاوی ستایش کردن بوو بەهەر شێوەیەک بوو بە دەست دەهێنا. کام کچی گەنج توانای خۆڕاگری لەبەرامبەر ڕاکێشانی ئەم پیاوە گەنجەدا هەبوو کە جوانییەکی ڕواڵەتی و سروشتێکی ناسک و سامانی زۆری ئەوی لە هەمووان جیا دەکردەوە!؟

دومارسە کە زۆر ئاسان لە گۆڕەپانی شەڕی خۆشەویستی سەرکەوتوو دەبوو، ئیدی لە سەرکەوتنەکانی ماندوو ببوو، بۆیە نزیکەی دوو ساڵ بەڕاستی ماندوتر لەهەمیشە بوو، کەسێک ئەو بۆ لای خۆی ڕانەدەکێشا و لە دەریایەک لە چێژ غەرق بوو، بەلام زیاتر لە مرواری، لمی تووش دەبوو و مەلوولتر دەبوو. کەواتە وەکو دەسەلاتدارێکی خاوەن "ئۆتۆریتە" بۆ لە نێوبردنی لەمپەرەکان کە لەسەر ڕێگای ئەم شانسەیدا بوون، دەست بەکار بوو. کارێکی گەورە کە بۆ جێبەجێ کردنی دەبێ هەموو توانای فیزیایی و توانای دەرونی دڵی کە ماوەیەک بوو نوستبوو بەکار بێنێت. هەرچەندە پاکیتا نمونەی بێوێنەی جوانی بوو، چێژی لە بینینی وەردەگرت، بەلام توانای ڕاکێشانی خۆشەویستی بۆ ئەو گەیشتبووە سفر. دڵی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بێ هەست بوو، ڕەنگە لەبەرئەوەبێت ئەم هەمیشە هەر کەسێکی دەیویست

بە ئاسانی بەدەستی دەهێنا. وەکو پیاوانی پیر و مرۆڤە بێهیواکان، حەزی وێرانکەر و وەهمگەلێکی هەبوو کە چێژی کاتی بوون و دڵیان ئارام نەدەکردەوە.

لەنێو گەنجەکان خۆشەویستی جوانترین هەستە، دەبێتە هۆی پشکوتنی ڕۆحی ژیان و بە هێزێکی جادوویی جوانترین ئیلهامەکان و بەرزترین فکرەکان بە مرۆڤ دەبەخشێت. لەهەر کارێک یەکەمین دەستکەوت چێژێکی تایبەتی هەیە. لەنێو پیاوان خۆشەویستی بە هەوەس ئالوودە دەبێت و توانابیەک کە بەوانی دەدات دەبێتە هۆی لەشفرۆشی. لەنێو پیرەپیاواندا دەبێتە هۆی گەندەڵبوون و دەبێتە هۆی لاوازی و سست بوونی کەمەریان. هێنری نە پیر بوو و نە گەنج، حاڵەتێکی لە نێوان ئەو دوانەدا هەبوو. بۆئەوەی تامی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە بکات، وەکو لاوولیس پێویستی بە کلاریس هارلوو هەبوو. یا دەبێ بێ درەوشانەوەی جادوویی ئەو مروارییە دەگمەنە یەکێک لەو دوو حاڵەتەی هەستی ئاگراوی ئەزمون دەکرد یان بڕیاری دەدا چەندە زیاتر ژنێک تووشی فەساد بکات، یا بە هەستی کۆنجکۆڵی خۆی ڕووداوی نوێ ئەزموون بکات.

ڕاپۆرتێک کە لۆرانت بۆی هێنابوو بایەخی کچە چاو ئاڵتوونی لەبەرچاوی زۆر زیاتر کرد. شەڕکردن لەگەڵ دوژمنێکی شاراوە کە وا هەست ئەکرا مەترسیدارتر لە شتێکە کە بکرێت بە زیرەکی بەسەریدا زاڵ بێت و لەلایەکی دیکەوە بەهیچ شێوەیەک نەیدەزانی

کێیە و دەبێ لەکوێ شەڕ بکات. دەبوو بۆ سەرکەوتن لەم شەڕەدا هەموو هێزەکانی بەکار بهێنایە. ئەو لەسەروبەندی یارییەکی لە شانۆیەکی کۆمیدیای ئەزەلی و کۆن بوو، کە هەمیشە نوێ بوو، ئەکتەرەکانی ئەو پیرەمێردێک، کچێک و عاشقێک بوون، دون هێژۆس، پاکیتیا، هێنری.

هەرچەند لۆرانت بەباشی شارەزای کاری خۆی بوو، بەڵام ئەگەری دانوستان لەگەڵ ئەو دایەنە ناوچاوترشاوە نەبوو. بۆیە ئەم کایەی ژیانە قۆناغی سەختی هەبوو، هەریەکەی پێویستی بە پیلانێکی بەهێز هەبوو، تەنانەت نوسەرێکی شارەزاش توانای کۆتایی هاتنی ئەوی نەبوو. بەم وەسفەوە دەبێ ئیمان بە بلیمەتی قەدەر و چارەنووس بێنین و سەری ڕێز و نەوازش دابنوێنین. هێنری بە خۆی وت:

ئەمە کایەیەکی زۆر موحافیزکارانەیە و نابێت بە بێ بیرکردنەوە هەنگاو بنێم.

کاتێک پائۆل دەهاتە نێو ژوورەکەوە وتی:

- باشە پرۆژەکە چەندە پێش کەوتووە؟ من هاتووم نانی بەیانی لەگەڵ تۆ بخۆم.

- ئەگەر لەبەردەم تۆدا جل لەبەر بکەم نارەحەت نابی؟

- پیاو بۆ قسەی قۆڕ دەکەی!

- ئەوەندەی ئێمە تەقلیدی هەموو شتێک لە بەریتانیەکان کرد نیگەرانی ئەوەم وەکو ئەوان کورتبین و باوەڕداری سەلەفی بین.

لۆرانت ژمارەیەکی زۆر جلوبەرگ و کەلوپەلی نایە بەردەم ئاغاکەی، کە پائولی نەیتوانی پێش بە خۆی بگرێت و وتی:

- بەڕای من دوو کاتژمێری دیکە ئامادە نابی.

- هەڵە مەکە. دوو کاتژمێر و نیو.

- باشە خۆ ئێستا کەسی بێگانە لێرەدا نییە، باشترە کەمێ قسەی خۆمانە بکەین. بڵێ بزانم پیاوێک بە گەورەیی ئێوە چ پێویست دەکات بەم کارە ناشیرین و خۆدەرخستنانە لەڕادەبەدەر کاریگەری لەسەر کەسێک دابنێت. چ پێویست دەکات دوو کاتژمێر و نیو بۆ جل لەبەرکردن تەرخان بکەن؟ لەکاتێکدا پانزە خولەک لە حەمام و دوو خولەک بۆ جل لەبەرکردن و شانەکردنی قژ پێویستە. ئەمانە ئاسایی نییە، پێم بڵێ چ خەبەرە؟

لە کاتێکدا هێنری بە سابوونی بەریتانی و بڕۆس قژی پاک دادەهێنا وتی:

- برادەری دەبەنگی من ئاگادار بە، زۆر لای من ئازیزی کە نهێنییەکی وەهای ژیانم بۆت دەگێڕمەوە.

- من لەخۆبردوترین هاوڕێی ئێوەم و لەبەرئەوەی ئاگام لە گەورەیی ئێوەیە ئێوەم خۆش دەوێت.

هێنری بە بێ سەرنج پێدان بە وتەکانی "پێول" تەنها سەیری کرد و وتی:

- ئەگەر کەمێک بە وردی سەیری دەوروبەر و مرۆڤەکانت کردبێت، بێگومان دەبێ لەم خاڵە تێگەیشتبی کە ژنان عاشقی پیاوانی

کەشخە دەبن. دەزانی بۆ چی؟ لەبەر ئەوەی تەنها ژمارەیەک لە پیاوان ئاگایان لە خۆیانە و کات بۆ جوانی ڕواڵەتییان تەرخان دەکەن. ئێستا پێم بڵێ ئایا کەسێک کە ئەوەندە گرنگی بە ڕواڵەتی خۆی دەدات بەشێک لەو ڕێزگرتن لە بەربێژەکانی یا کەسانێک کە گرنگی بەو دەدەن، نییە؟ ژنان بەوردی شەیدای پیاوێک دەبن کە هی خۆیان نییە. خۆشەویستی لە جەوهەردا دزییە. لەبارەی ڕازاوەبووەن ئەوەی کە وتم تەواوە، ئەگەر وردبین بیت خۆت تێدەگەی ژنانی عاشقی کەشخەیی و ڕازاوەبوون دەبن. هەتا ئێستا ژنێکت بینیوە عاشقی پیاوێکی شپرژ بێت، تەنانەت ئەگەر ئەو پیاوە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەبێت؟

ئەگەر شتێکی وەها ڕوویدات، دەبێ لەژێر کاریگەری خەمۆکی دوای لە دایکبوون بێت. تەنانەت من پیاوانێکی گەورەم بینیوە کە بە هۆی گرنگی پێنەدان بە خۆیان تەنها ماونەتەوە. مرۆڤێکی کەشخە کە نیگەرانی ڕواڵەت و هەیکەلیەتی بە بێ ئاوەزیی ڕەها وردەکاری زۆر بچوکتریش دەبینێت. بەڵام ژن چییە؟ بوونەوەرێکی بچوک، کۆمەڵەیەکی تەواو لە دەبەنگی و بێئاوەزی. بە دوو کێنایە دەیتوانی چوار کاتژمێر سەرقاڵی بکەی. ئەو دەزانێت پیاوێکی کەشخە کە کەوتۆتە دووی ئامانجێکی گەورەی نییە، لەبەر ئەوەی بەهەمان ڕواڵەت گەیشتۆتە ئامانجی. هیچ کات ئەو بە بۆنەی پەرەخوازی، سیاسەت، هونەر و ناوبانگ - ئەو لەشفرۆشانەی کە هەمیشە ململانێ دەکەن - بە لاوە نانرێت. دوایی پیاو بۆ

ئەوەی ڕەزامەندی ژن بە دەست بێنێت بە ئازایەتی دەست دەکاتە گاڵتەکردن، و ژن دڵی پڕ لە خۆشەویستی دەبێت بۆ پیاوێک کە بە بۆنەی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خۆی کردۆتە گاڵتەجاڕی.

دەبێ بەمشێوە لە دایک بووبێت، لەبەر ئەوەی ناتوانی ڕۆڵ بگێڕی، لەبەر ئەوەی ژنان بە ئاسانی دەتوانن دەست نیشانی بکەن کە ئەکتەری. پیاوێکی وەها سەرهەنگی خۆشەویستییە و فەرماندەی ژنگەلێکی زۆرە، کە شەیدای خۆی کردۆتەوە. برادەری ئازیزم، لە پاریس لەبەر ئەوەی هەمووان یەکتر دەناسن بە ئاسانی ناتوانی یەکێک لەم جۆرە پیاوانە بی. تۆ تەنها ژنێکت هەیە و مافی ئەوەت نییە زیاتر لەوەت هەبێت، بە ڕات دەتوانی وەها بیت؟... تۆ تەنها نابیتە گاڵتەجار، بەڵکوو دەکوژرێیت. بە بێ ئەم لاو ئەو لا دادگایی دەکرێیت. وەکو هەموو ئەو کەسانەی کە کارێکی وەهایان کردووە و بەند کران. ئەگەر ئەم تاکانە کاتێک سنووری خۆیان دەبەزێنن و کارێکی دیکە ئەنجام بدەن، کەلە بەرچاوی خەڵک بایەخێکی نییە. کەواتە پائولی برادەری ئازیزم، کەشخەیی ڕەمزی حکومەتی ڕەهایە بەسەر ژناندا. پیاوێک کە ژنانێکی زۆر عاشقی دەبن بێگومان هەندێ سەرڤانی زۆریان هەیە، بەڵام ئەوەی کە نسیبی کام ژن دەبێت خۆی پرسیارە. نیعمەتێک کەم نییە بڕۆیتە نێو هۆڵێک و لە سەر بۆینباخ و لە پشت چاویلکەوە سەیری ئەوانیتر بکەی و ڕواڵەت و جلوبەرگی ئەوان بە سووک سەیر بکەی. لۆرانت زۆر هارج و هارج دەکەی. پائولی ئازیز... دوای

نانی بەیانی بۆ بینینی کچی چاو ئاڵتوونی بۆ توئیلری دەڕۆم.

دوو پیاوی گەنج دوای خواردنی نانی بەیانی باش، بەرەو توئیلری کەوتنە ڕێ، پێش ئەوەی کە پاکیتا بگاتە ئەوێ، نزیکەی پەنجا گەنجی زۆر کەشخە، بۆنخۆش، بە دەستماڵی مل، بە پوتەوە پیاسەیان دەکرد، و پێکەوە قسەیان دەکرد و پێدەکەنین.

هێنری وتی:

- چ ساتێکی سەرسووڕهێنەرە، بەڵام من باشترین بۆچوونی دونیام لەسەر دایە. ئەم کچە لە لەندەنەوە هەندێ نامەی پێدەگات. دەبێ بە هەر شێوەیەک بووە پۆستچییەکە بکڕم. یەکێک لە نامەکان بکەمەوە و دوای خوێندنەوەی نامەیەکی عاشقانە بخەمە نێو پاکتەکە و دیسان مۆری بکەمەوە. بێگومان ئەو دایەنە لەعنەتییە ئەو کەسە دەناسێت کە لە لەندەنەوە نامە دەنێرێت، بۆیە هیچ گومانێک لەو کارە ناکات.

ڕۆژی دوایی دیسان هێنری بۆ توئیلری ڕۆشت و بەهەمان شێوە پیاسەی دەکرد و پاکیتای بینی، خۆشەویستی هێنری بۆ پاکیتا ئەوی لەبەرچاوی جوانتر کردبوو. چاوەکانی ئەو هێنری وەحشی دەکرد، برقی چاوەکانی لە تیشکی خۆی سووتێنەرتر بوو. کاتێک بەلای یەکدا تێپەڕ دەبوون هێنری هەوڵی دەدا ئەگەر بلوێت تەنانەت پەیوەندی لەگەڵ جلوبەرگی ئەو کچە دڵڕفێنەدا پەیدا بکات، بەڵام هەمیشە بێ ئەنجام بوو. جارێک کە بۆ چەندەمین جار بەلای پاکیتا و دایەنی تێپەڕ دەبوو، هەوڵی دا کاتێک دەگەڕێتەوە

بکەوێتە لای دەستی پاکیتا و پاکیتا کە وەکو هێنری هەژابوو دەستی هێنری گوشی، بەڵام ئەم جووڵە ئەوەندە خێرا و پڕ لە خۆشەویستی بوو کە دیسان دڵی هێنری هەژا. کاتێک دوو عاشق سەیری یەکتریان کرد پاکیتا شەرمی کرد و سەری داخست کە نەکا چاوی بکەوێتە نێو چاوی هێنری، بەڵام چاویی بڕییە پێ و باڵای کەسێک کە پێش شۆڕش ژنان ئەویان بە داگیرکەری دڵی خۆیان ناونابوو. هێنری لەبەر خۆیەوە وتی:

- بێگومان ئەم کچە بەدەست دێنم.

کاتێک هێنری کەوتبووە دووی کچە چاو ئاڵتوونی، ئەو لەبەری گۆڕەپان لویسی پانزەیەم "مارکی دو سان ڕیالی" بینی، کە خزمەتکارەکەی ڕۆشتبووە ژێر باڵی و بەڕێگادا دەڕۆیشت و ئەوەندە بە تەرکیزەوە هەنگاوی دەنا کە هەستت دەکرد لاوازیی ماسولکەی هەیە. دایەنی پاکیتا کە متمانەی بە هێنری نەبوو، کچەکەی خستە نێوان خۆی و پیرەمێردەوە. هێنری بە چاوێکی سووک سەیری پیرەژنی کرد و لەبەر خۆیەوە وتی:

- پیرەژنی ناشیرین، دڵنیابە لە ئەستۆی تۆ بەردێم، ئەگەر بە تلیاک نەتوانم ناچارم بێهۆشت بکەم. هەموومان ئیمانمان بە ئەفسانەکانی ئارگوس هەیە.

کچی چاو ئاڵتوونی پێش ئەوەی بڕواتە نێو داشقەوە، سەیرێکی هێنری کرد، کە هەر ساتێک زیاتر دڵی دەهەژاند و جادوو دەبوو، بەڵام یەکێک لە نیگاکانی پیرەژنی بینی و زۆر

تووشی سەرسووڕمان بوو و بە ناوچاوترشاوی چەند وشەیەکی بە شێوەیەکی توند بە پاکیتا گوت، کە بووە هۆی ئەوەی بە حاڵەتی بێهیوایی بڕواتە نێو داشقەوە. چەند ڕۆژ پاکیتا نەهات بۆ توئیلری. لۆرانت بە بڕیاری ئاغای ئەرکی چاودێری کردنی بینای لە ئەستۆ بوو، لەڕێگای دراوسێکانەوە تێگەیشت دوای ئەو ڕۆژەی کە پیرەژن لە پەیوەندی چاوچاوێنیی نێوان هێنری و کچە چاو ئاڵتوونی تێگەیشت، نە ئەو دوو ژنە و نە مارکی پیر لە ماڵ نەهاتوونەتە دەرەوە. هەمان پەیوەندی شل و لاواز کە دوو عاشق بە یەکتر دەبەستێتەوە، بچڕا.

دوای چەند ڕۆژێک هیچ کەسێک نەیزانی دومارسە بە چ شێوەیەک توانی بگاتە ئامانجەکەی، ئەو مۆر و مۆمێکی هەبوو کە بە وردی هاوشێوەی هەمان مۆر و مۆم بوو کە لەسەر ئەو نامانە بوو کە لە لەندەنەوە دەگەیشت و کاغەزێکی هاوشێوەی هەمان کاغەز کە تایبەت بەو نامانە بوو، هەموو کەلوپەلی پێویست بۆ لێدانی مۆری فەرمانگەی پۆستی فەرەنسا و بەریتانیای دابین کرد و نامەیەکی بەتەواوی هاوشێوەی ئەو نامانەی کە لە لەندەنەوە دەگەیشت بۆ پاکیتا نووسی:

**پاکیتای ئازیزم**

نامەوێت باسی ئەو ئاگرەی خۆشەویستی بکەم کە لە دەروونم کڵپەی سەندووە، ئەگەر چانس لەگەڵ من بووە و ئێوەش هەمان هەستتان بۆ من هەیە، کەواتە بابەتێکمان بۆ پەیوەندی هەیە. من "ئادۆڵف دوگوژم" و لە شەقامی زانکۆ ژمارەی ٥٤ دەژیم. بێدەنگی ئێوە بۆ من نیشانەی ئەوەیە کە یا زۆر لە ژێر کاریگەری دان یاخود پێنووس و تێنووستان نییە وەڵامی نامەی من بدەنەوە. من سبەینی کاتژمێر ٨ی بەیانی هەتا ١٠ی شەو چاوەڕوانم وەڵامی ئەم نامە لەسەر دیواری باخەکەتان بۆ باخی "بارۆن دوناسینگێن" فڕێ بدەن. کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژیی دوایی دروست لە هەمان کاتژمێر کە ئێوە لە باخدا پیاسە دەکەن یەکێک لەخۆبردووەکانی جێگای متمانەی من لەسەر هەمان دیوارەوە دوو قمقمە بە گوریس بۆ ئێوە هەڵدەواسێ. یەکێک لەوان تلیاکی تێدایە کە بەیارمەتی ئەو دەتوانن ئارگوس بخەوێنن و شەش دلۆپەی ئەو کاریگەر دەبێت. قمقمەی دیکە حیبری تێدایە. قمقمەی حیبر شوشەکەی بڕاوە و ئەویتر ساف و لوسە. هەر دوویان ئەوەندە بچوکن کە بە ئاسانی لە ژێر جلەکەتان جێگای بێتەوە و بیشارنەوە. هەر کارێک کە هەتا ئێستا ئەنجامم داوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەک پەیوەندیم لەگەڵ ئێوەدا هەبێت بەهۆی هۆگرییەکی زۆرە کە بۆ ئێوە هەمە و هیچ گومانێکتان لەم خۆشەویستییە نەبێت. دان بەوەدا دەنێم کە بۆ کاتژمێرێک بینینی ئێوە گیانی خۆم بەخت دەکەم.

دومارسە لەبەر خۆیەوە وتی:

- ئەم بوونەوەرانە بەناچاری باوەڕ بەم قسانە دەکەن، بەڵام لەسەر هەقن. هەموو کەسێک بە نامەیەکی وەها عاشقانە هەڵدەخەڵەتێت.

ڕۆژی دواتر کاتژمێر ٨ نامەکە لە ڕێگای پۆستچییەوە تەسلیمی دەرگاوانی "سێن رئال" کرا. دومارسە دڵی ئارامی نەدەگرت و نەیدەتوانی لە شوێنێکدا خۆی ڕابگرێت، کەواتە بڕیاری دا بڕوات و نانی بەیانی لەگەڵ پائول بخوات، کە لە شەقامی "پیپنێر" دەژیا. کاتژمێر ٢ دروست کاتێک کە دوو گەنج بە پێکەنین لەبارەی پیاوێک کە دەیویست بە پێی ڕۆژ بژی، بەڵام داهاتێکی کەمیان هەبوو، قسەیان دەکرد و لە ئەنجامدا لێکیان دەدایەوە ژیانی چۆن دەبێت، داشقەچی هێنری بۆ بینینەوەی ئەو بۆ ماڵی پائول هات و کەسێکی نەناسراو کە پێداگیری دەکرد لەگەڵ هێنری قسە بکات بەوی ناساند.

ئەم کەسە دوورەگە بوو کە بێگومان ئەگەر تالما ئەوی دەبینی بۆ ڕۆڵی ئۆتللو کەڵکی لەو وەردەگرت. هیچ سیمایەکی ئەفریقی هیچ کات باشتر لەمە دەربڕی ڕق، گومان، چالاک لە جێبەجێکردنی بۆچوونێک، هێزی مۆرەکان و دڵسافی منداڵانەی ئەوان نەبوو. چاوەڕەشەکانی وەکو ئستواری چاوەکانی پەلەوەرێکی قوربانی بوو و وەکو داڵ پێستەیەکی شینی بەتاڵی لە برژانک دەوراندەوری ئەوانی دابوو. ناوچاوانی بچوک و باریکی کەمێک تۆقێنەر بوو. ئەم تایبەتمەندیانە دەربڕی ئەوە بوو کە ئەم پیاوە دیلی فکرێکی

دیاریکراو و تایبەت بوو. قۆڵی بە هێزی هی ئەوانیتر بوو. پیاوێکی دیکەی لەگەڵدا بوو کە بۆچوونی هەموو خەڵک، لەوانەوە بگرە کە لەبەر سەرمای جەمسەری دەلەرزین، هەتا ئەوانەی کە لە ناوچە گەرمەکان ئارەق دەڕێژن، دڵێکی هاوبەش بەوان دەدات: چـارەڕەش. ئەم وشە بۆ شێوازی بیرکردنەوە و خەڵکی هەر وڵاتێک مانایەکی جیاوازی هەیە، بەڵام چ کەسێک دەتوانێت باشتر سیمای ئەو وێنا بکات ـ سپی و پڕ لە لۆچ بە ڕیشی درێژ. هیچ کەسێک ناتوانێت شاڵی زەرد و باریکی ملی، یەقەی چەور و پیسی کراسی، کڵاوی کۆنی، چاکەتی سـەوزی، پانتۆڵی پڕ لە پەڵەی، جلیقەی دڕاوی، گیرەی زێڕی ساختە و پێڵاوی کۆنی کە پەتەکانی قوڕاوی ببوو وێنا بکات. چ کەسێک جیا لە پاریسییەکان ئەو و کەسانی هاوشێوەی ئەو دەبینن؟ پیاوێکی چارەڕەش لە پاریس چارەڕەشترین مرۆڤە و لەبەر ئەوەی ئەوپەڕی چارەڕەشی خۆی دەزانێت، دیسان بە هەمان شادی درێژە بە ژیانی دەدات، باشترە بڵێم چێژ لە چارەڕەشی وەردەگرێت.

دوو ڕەگە وەکو جەللادی لویسی یانزەیەم بوو، کە دەیویست تاوانبارێک بەرێتە سەر داری ئیعدام. هێنری وتی:

- چ کەسێک ئەم دوو کەسایەتییە نائاساییەی بۆ ئێمە ڕاو کردووە. یا پێشکەشییان بۆ ئێمە هەیە؟

پائول وتی:

- نێچیری پێشکەشی. قیافەی ئەوان من دەترسێنێت.

هێنری سەیری ئەو پیاوە چارەڕەشەی کرد و وتی:

- بەڕای من تۆ کەمێک لە هاوڕێیەکەت باشتر بی، کێیت!؟

دووڕەگە بەچاوی نەگۆڕی لەبەردەمی ئەوان ڕاوەستا و سەیری ئەوانی کرد، هەستت دەکرد شتێک لە قسەکانی ئەوان تێنەگەیشتووە و هەوڵ دەکات بێتە قسە. ئەویتر وتی:

- وەرگێڕ و عەریزەنووسم. لە کۆشکی دادگادا دەژیم و ناوم "پیانسە"یە.

لە کاتێکدا هێنری ئاماژەی بە دووڕەگەکەدا لە پێناسەکەی پرسی:

- باشە... ئەو کێیە؟

- نازانم، ئەو تەنها بە زاراوەیەکی ئیسپانی قسە دەکات و منی بۆ ئێرە هێناوە، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان ئێوە و ئەو بم.

دووڕەگە نامەیەک کە هێنری بۆ پاکیتای نووسیبوو لە گیرفانی دەرهێنا و بەوی دا. هێنری ئەوی خستە نێو ئاگر و لەبەر خۆیەوە وتی:

- بەڵێ، بەڕای من کایەکە دەستی پێکردووە... پائول بۆ چەند ساتێک ئێمە بە تەنها بە جێ بهێڵە.

کاتێک تەنها بوون وەرگێڕ وتی:

- من ئەم نامەم بۆ ئەو وەرگێڕا. کاتێک کە لە ناوەڕۆکی نامەکە ئاگادار بووەوە بۆ شوێنێک ڕۆیشت کە من لە بیرم نییە، دوایی هاتەوە بۆ لام و بەڵێنی دا ئەگەر ئەو بۆ لای ئێوە بێنم پاداشێکی

باشم پێبدات.

هێنری وتی:

- باشە کاکەڕەش بڵێ، بزانم دەبێ من چ شتێک بزانم؟

وەرگێڕ وتی: من وشەی کاکەڕەشم بۆ ئەو وەرنەگێڕا و وەڵامێک کە دوو ڕەگە بە هێنری وتی:

- بەڕێز ئەو دەڵێت سبەی شەو کاتژمێر دە و نیو دەبێ ئێوە لە پارکی "مۆنتنمارتێر" لە نزیکی کافێکە بن. لەوێدا داشقەیەک دەبینن و دەبێ سواری ببن، پیاوێک لەوێدا چاوەڕوانە بۆ ئەوەی دەرگا بۆ ئێوە بکاتەوە و ئیزن بدات بێنە ژوورەوە، بەڵام دەبێ ئێوە وشەیەکی نهێنی بڵێن و بێنە ژوورەوە. وشەی ئیسپانی CORTEJO بڵێن کە بە مانای عەشق و خۆشەویستییە.

دوایی وەرگێڕ بە مانای پیرۆزبایی سەیرێکی هێنری کرد. دووڕەگە ویستی پاداشێک کە بەڵێنی بە وەرگێڕ دابوو، بەو بدات، بەڵام هێنری ڕێگای نەدا و خۆی پاداشی وەرگێڕیشی دا. کاتێک هێنری خەریک بوو پاداشی وەرگێڕی دەدا دووڕەگە دەستی کردە بەقسە کردن. هێنری وتی:

- چی دەڵێت؟

وەرگێڕ وتی:

- هۆشداری بە من دا ئەگەر بچوکترین هەڵە بکەم من دەخنکێنێت و وا هەست ئەکرا هەڕەشەکەی جیدی بێت.

هێنری وتی:

ـ هەست ئەکەم گاڵتە نەکات.

وەرگێڕ وتی: ئەو کەسەی دوورەگەی ناردووە، داوای کردووە بۆ پاراستنی گیانی خۆت و خۆشەویستت دەبێ زۆر وریا بیت، لەبەرئەوەی ئەو شمشێرانەی لە بۆسەدان بۆت، بەئاسانی دەتوانن پێش ئەوەی کەسێک هەداتان بدات ملتان بپەڕێنن و هیچ کەسێک ناتوانێت ڕێگە لەوان بگرێت.

ـ واییی، ئەمە دوورەگە وتی؟ زۆرباشە هەست ئەکەم یارییەکەی هەژێنەر بێت.

پائولی بانگ کرد و گوتی: دەتوانی بێیتە ژوورەوە. دوورەگە بۆ ساتێک چاوی لەسەر عاشقی پاکیتا هەڵنەدەگرت و زەق زەق سەیری دەکرد، لەگەڵ وەرگێڕ ڕۆیشت و دیسان دەگەڕایەوە و سەیری دەکرد. کاتێک پائول گەڕایەوە هێنری وتی:

ـ باشە چی ڕوودەدات، با ڕووبدات. لانیکەم ڕووداوێکی زۆر ڕۆمانسی چاوەڕوانمە. لەدواییدا دوای چەندین ساڵ پاریس توانی من بەرێتە نێو گۆڕەپانی عەشقەوە، خۆشەویستییەکی پڕ لە مەترسی. لەعنەتت لێ بێ! هەروەها ئازایەتییەک بۆ گەیشتن بە ژنێک. ئازاردانی ژنێک و بەرهەڵستکاری کردنی ئەو یا ڕەتکردنەوەی ئەم جورئەت و هەقە بەو نادات کە هەموو لەمپەرەکان کە چەندین ساڵ لەسەر ڕێگای بوو لە ساتێکدا بە لاوە بنێت؟ ئافرێندراوی جوان پێش بکەوە و بەرەو پێشەوە بڕۆ! ئایی خەیاڵی ژنان! هەمیشە هەوڵ دەدەن بۆ سەلماندنی بایەخ و دەسەڵاتیان کارە

بچوکەکانیان بە گەورە پیشان بدەن، پاکیتا... کچم... لەعنەت لە شەیتان! ئێستا دەزانم ئەم کچە جوانە، ئەم شاکارەی ئەفراندن هی منە، ئەم ڕووداوە سەرنجڕاکێش بوونی کەمتر بووە بۆم.

بەم وەسفانەوە هێنری گەنج دیسان گەڕابووەوە. بۆ ئەوەی خۆی سەرقاڵ بکات و کات بە سەختی تێپەڕ نەبێت، خۆی غەرقی چێژ کرد، قوماری کرد، سەمای کرد، لەگەڵ برادەرانی نانی شەوی خوارد، بێ پسانەوە شەرابی دەخواردەوە، وەکو ماسییەک کە لە ئاو دایە و وەک ئەڵمانییەک کە نان دەخوات و لەم نێوەندەشدا چەند فرانکێکی بردەوە. کاتژمێر دوو و نیوی شەو ڕۆشە دوناڵی بە جێهێشت و وەکو دەبەنگێک خەوی لێکەوت و ڕۆژی دوایی سەرحاڵ و ڕوومەت سوور لەخەو هەستا و بۆ ڕۆیشتن بۆ توئیلری ئامادە بوو، بەو مەبەستەی کە دوای بینینی پاکیتا بۆ تێپەڕکردنی کات و ئەوەی کە بتوانێت باشتر نانی شەو بخوات، کەمێک ئەسپسواری بکات کەوتە ڕێ.

لە هەمان کاتژمێری دیاریکراو هێنری لە پارکەکەدا بوو، داشقەکەی بینی و وشەیەکی نهێنی کە پیاوێک هاوشێوەی دوورەگەکەبوو چاوی بڕیبووە ئەو پێی گوت. پیاو هاوکات لەگەڵ بیستنی ئەو وشە دەرگای کردەوە و خێرا دایخست. داشقە بەخێرایی لە پاریس کەوتە ڕێ و فکری هێنری ئەوەندە پەرێشان بوو کە نەیزانی داشقە بە کام شەقامدا تێپەڕ دەبوو، بۆ کوێ دەڕوات. گەیشتنە ئەو شوێنەی کە مەبەستیان بوو و ڕاوەستان.

دوورەگە هێنری بۆ ماڵێک ڕێنمایی کرد کە پلیکانەیەکی لکاو بە دەرگای چوونە دەرەوەی هەبوو.

قادرمەکە تاریک بوو و هێنری ناچار بوو چاوەڕوان بێت بۆ ئەوەی دوورەگە دەرگای ئەو شوقە شێدار و بۆن پیس و تاریکە بکاتەوە، ئەویّ تەنها بە ڕووناکییەکی کەمی مۆم کە ڕێڤان لە ژووری پێڵاوداکەندن بەدەستەوەی گرتبوو ڕووناک دەبووەوە. وەکوو خانوویەک کە دانیشتوانی چەندین ساڵە ڕۆیشتوون، هەمان کەلوپەلی کەم هەبوو، کە پڕ لە تەپوتۆز بوون. هەروەها هێنری ئەو هەستەی کە پێشتر ئەزموونی کردبوو، کاتێک کە یەکێک لە ڕۆمانەکانی ئان رادکلیفی خوێندبووەوە کە لەودا پاڵەوانی چیرۆکەکە لەنێو هۆڵە ساردەکان، تاریک و کەلاوەدا تێپەڕ دەکرد.

لەدواییدا دوورەگە دەرگای هۆڵێکی کردەوە. مۆبیلی کۆن و پەردەی دڕاو، فەزای وشک و شوێنەکانی دیکەی خانووەکە لەوێدا ڕەنگیان دابووەوە. لەسەر کاناپەیەک کە بە قەیفەی سوور دایانپۆشیبوو، لەلای کورەی پێکراو کە ئاگری لە نێو خۆڵەمێش دەکوژایەوە، پیرەژنێک بە جلوبەرگی کۆن لەوێدا دانیشتبوو و کڵاوێک کە ژنانی پیر لە بەریتانیا لەسەر دەنێن، لەسەرکردبوو. کڵاوێک کە ئەگەرا لە چینیش پێیان خۆش بێت، لەبەر ئەوەی هونەرمەندانی ئەو سەرزەمینە شتی نامۆیان پێ جوانە و خۆشیان دەوێت. ئەگەر پاکیتا بەو جلوبەرگەی کە جوانی ئەوی چەند بەرامبەر کردبوو، بەو نیگا کاریگەرەی کە دزەی دەکردە نێو قوڵایی

دڵەوە، لەوێدا نەدەبینی، بێگومان ئەو ژووورە بێڕۆحە، ئەو پیرەژنە، ئەو کورە کوژاوە، ئاگری خۆشەویستی لە دڵی دەکوژاندەوە.

ئەگەر ژوانی یەکەم وەکو ژوانی نێوان دوو عاشقی زار بوو، کە مەودایەکی زۆریان بە خۆشەویستی و پەلە تێپەڕ کرد، کە هەر دوویان لە ئاگری خۆشەویستیدا دەسووتان و بەمەیشەوە یەکتریان نەدەناسی. نالوێت لەهەمان سەرەتاوە ڕۆح و جەستە هەماهەنگ بێت، بەڵام کاتێک شەرمی سەرەتایی تێپەڕ کرا و گوێیان لە لێدانی دڵی یەکتر بوو، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەم هەماهەنگییە دروست دەبێت. هەروەها خۆشەویسەتی ئازایەتی و شادی بە پیاو دەبەخشێت، کە هەموو شتێک بە لاوە بنێت، مەعشوقە لە ڕەنجی ژن بوون، هەرچەندە خۆشەویستی و هەستەکانی زۆر بێت لەوەی کە زوو لە کۆتایی نزیک بێتەوە و دەبێ خۆی تەسلیمی دڵی بکات دەترسێت، حاڵەتێک کە لەلای زۆربەی ژنان وەکو کەوتنە نێو چاڵێکی گەورەیە کە کۆتایی ئەو دیار نییە.

ساردی، خۆنەویستی ژن، لەگەڵ دانپێدانانی بە خۆشەویستیەکەی، لە دژیەکی دایە و بێگومان کاریگەری لەسەر خۆشەویستەکەی دادەنێت. ئەم بۆچوونانە وەکو مژێک بەدەوری ڕۆحدا لە هاتووچۆدان، جۆرێک نەخۆشی کاتی لەواندا دروست دەکەن. هەمیشە ئەم حاڵەتە زەینییە تا ڕادەیەک هاوڕێیە لەگەڵ هەستی توندوتیژی. دوو بوونەوەرێک کە هۆگرییەکی وەهایان

بۆ یەکتر نییە، ناتوانن لەم حاڵەتە تێبگەن. کاریگەری ئەم قەیرانە دەتوانێت لەگەڵ ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی درەوشانەوەی ئاسمانێکی پاک بەراورد بکرێت. لە یەکەمین نیگادا هەست دەکەی سروشتی ئەو ئەو بە دەمامکێکی مژ داپووشراوە، ئاسمانی شین، ڕەش دەبیندرێت و زۆربوونی تیشکی ڕووناکی وەکو تاریکی ئازاری چاو دەدات. زۆربوونی خۆشەویستی هێنری و کچی ئیسپانی یەکسان بوو، بەپێی یاسایەکی ئەبستراکت دوو هێزی یەکسان یەکتر پوچەڵ دەکەنەوە، ڕەنگە لە بواری هەستیی و ئاکاریشەوە دروست بێت. دڵەڕاوکێ و هەڵچوونی ئەوساتە بە ئامادەبوونی ئەو عجوزە پیرە بە شێوەیەکی نامۆ زۆرتر ببوو. خۆشەویستی دەتوانێت هۆکاری چێژ یا تۆقین بێت، لەڕاستیدا لە جیهانی خۆشەویستی هەر هەستێک مانایەکی هەیە، هەر ڕووداوێکیش دەتوانێت نیشانەی هەڵچوون و ڕەنجیش بێت. بوونی ئەو ژنە پیرە وەکو کارەساتێک و نیشانەیەک لە کۆتایی دراماتیک بوو، کە یۆنانییەکان بۆ سیرێن و شێمریەکانیان دا. ڕواڵەتیان وەکو خۆشەویستیان زۆر هەڵخەڵەتێنەر بوو.

هەرچەندە هێنری بێ دین نەبوو - ئەم دەستەواژە هەمیشە گاڵتەجاڕییە - بەڵام پیاوێک بوو بە توانایییەکی سەرسووڕهێنەرەوە، پیاوێک کە بەبێ دین بوونیشی کەسێک بوو شکۆ و گەورەیی خۆی پاراست، هەموو بارودۆخەکان کاریگەرییان لەسەر ئەو دادەنا. بەهەر حاڵ، بەهێزترین مرۆڤەکان زۆرتر کاریگەرییان لەسەر

دادەنرێت و لەڕاستیدا ئەگەر بتوانین دەمارگرژبوون لەئاست فکرە سەرەتاییەکان بە خورافیات ناو بێنین، ئەوان خورافاتێکن و بێگومان هۆی ئەو شتگەلێکە کە لەڕوانگەی ئەوانەوە ئاشکرا و بۆ ئەوانی دیکە شاراوەیە. کچی ئیسپانی لەو ساتانەی سەرسووڕمان و سەرسووڕهێنەر شاد ببوو، وا هەست ئەکرا دوای چەندین ساڵ گەیشتۆتە خۆشەویستی و خەونی بە دی هاتبوو.

چاوەکانی پڕ لە چێژ و سەرخۆشی بوو، تیشکی ئەم شادییە لە سەرتاسەری دەروونی کڵپەی سەندبوو. بێخود ببوو و نەترسانی خۆی لە دەریای خۆشەویستییەک کە چەندین ساڵ خەونی ڕۆژ و شەوی بوو مەلەی دەکرد. ئەو بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لە ڕوانگەی هێنرییەوە جوان بوو، ئەو هەموو شتە کۆنە، ئەو پیرەژنە، پەردە دڕاوەکان، حەسیری سەوزی بەردەم کورسییەکان و هەموو ناشیرینییەکانی ئەو ژوورەکەی لە بیرکرد. وا هەست ئەکرا ژوورەکە ڕووناک بوو و پیرەژنی ناشیرین، ئارام و بێدەنگ لەسەر کورسی سووری پشت چرپییەکی زۆر شارایەوە، چاوە زەردەکانی پیشاندەری هەستە نۆکەرئاساکەی بوو، هەستەکانی لە چارەڕەشییەوە سەرچاوەیان دەگرت، هۆکاری گوناح و گەندەڵی بوو کە خووی ئاژەڵیی بە مرۆڤ دەدا و مرۆڤ دەکاتە کۆیلەی خۆی. چاوەکانی خنکاوی تلالوی بەورێکی بەندکراوی هەبوو، کە ئاگاداری بێتوانایی خۆیەتی و بەناچاری تووڕەیی خۆی سەرکوت دەکرد. هێنری بە پاکیتای گوت:

- ئەو ژنە کێیە.؟

پاکیتا وەڵامی نەدایەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە لە زمانی فەرەنسی تێناگات و لە هێنری پرسی: ئایا دەتوانێت ئینگلیزی قسە بکات؟ هێنری بە ئینگلیزی پرسیارەکەی دووبارە کردەوە و پاکیتا بە ئارامی وەڵامی دایەوە:

- ئەو تەنها ژنێکە کە دەتوانم متمانەی پێبکەم، هەرچەندە جارێک منی فرۆشت، بەڵام ئادوڵفی ئازیزم ئەو دایکی منە، لە جۆرجیا بە هۆی جوانی بێوێنەی کڕا و ئەمڕۆ شتێک لەو جوانییە نەماوەتەوە. ئەو تەنها بە زمانی دایکی قسە دەکات.

شێوازی ڕەفتاری ئەم ژنە و کۆنجکۆڵی ئەو لەبارەی جوڵەگەلێک کە لە نێوان پاکیتا و هێنریدا بوو، بە شیکردنەوەی پاکیتا بۆ هێنری ڕوون بووەوە و وتی:

- بەم وەسفانە ئێمە هیچ کات ئازاد نابین؟

ئاخێکی غەمگینی هەڵکێشا و وتی:

- هیچ کات... ئێستاش زۆر پێکەوە نابین.

چاوەکانی داخست و سەیری دەستەکانی کرد و بە دەستی ڕاستی پەنجەکانی دەستی چەپی ژمارد، جوانترین ئەو دەستانەی کە هەتا ئەو کات هێنری بینیبووی.

- یەک، دوو، سێ....

ئەو هەتا دوانزەی ژمارد و وتی:

- ئێمە دوانزە ڕۆژ دەرفەتمان هەیە.

- ئەی دوایی؟

- دوایی...

پاکیتا وەکو ژنێکی لاواز لەبەرامبەر شمشێری جەللاد کە پێش لە مەرگ دلۆپ دلۆپ ئاو دەبێتە ئاو، ترسێک کە هەموو وزەی بوونی گرتبوو. کە تەپتەپتە و دووبارەی کردەوە:

- دوایی...

چاوەکانی ڕاوەستـان و چاویان بڕییە شوێنێک، هەستت دەکرد بە نیگای هەڕەشە لە شتێک دەکات، گوتی:

- نازانم

هێنری لەبەر خۆیەوە وتی:

- ئەم کچە شێتە.

هەستی دەکرد دەرگیری بابەتێکی جیاواز لەوە، وەکو ژنێک کە لە نێوان خۆشەویستی و پەژیوانیدا گیری کـردووە. ڕەنگە لە دڵی خۆشەویستییەکی دیکەی هەبێت کە بـەردەوام بە بیریدا دەهاتەوە. لە ساتێک هـەزاران فکری دژیـەک بە زەینی هێنریدا دەهـات، و ئەم کچە بۆ ئەو زۆر ئاڵۆز بـوو، چەندە زیاتر لەو بارەیەوە ورد دەبووەوە بۆ ئەم خۆشـەویستییە نوێیە تەماحکارتر دەبوو، دروست وەکو پادشایەکی خۆرهەڵاتی زەوی کە خوازیاری هەر خۆشـەویستییەک بوو دەبێ بۆ ئەو ڕوویـدەدا، لە ڕوانگەی هێنرییەوە پاکیتا جوانترین پێکهاتەی سروشت بۆ خۆشـەویستی بوو. یاری گوساخانەی ئەم سیستەمە بۆ هەر کەسێک جیا لە

هێنری تۆقێنەر بوو، بەڵام ئەو مسحوری ئەم خۆشەویستییە جوانە بەڵێندراوە بوو و سەختییەکانی ڕێگای خۆشەویستی بۆ هەر عاشق و مەعشوقێک جوانە.

هێنری بە بینینی پاکیتا غەرقی دونیای بێسنوری خۆشەویستی بوو، هەموو جوانیەکانی سروشتی لەبوونی ئەم ئافرێندراوەدا بینیەوە. ئەو شتانەی کە لەم کچەدا دەیبینیەوە زۆر جیاوازتر لەو شتانە بوو کە تا ئێستا بینیبووی، لەبەرئەوەی ئەو زۆر لە خۆی ڕازی بوو، چێژی لەوە وەردەگرت کە ستایشی بکەن. ستایشکردنی دومارسە بووە چاوێکی شاراوە، کە بە نیگایەکی کورت بە شێوەیەکی تەواو کچی ئیسپانی لەو ئاگادار کردەوە، لەبەرئەوەی ئەو ئەم نیگایانەی زۆر بینیبوو و بە باشی لێی تێگەیشت، دومارسە قیڕاندی:

- ئەی خوایا... چیم بە خۆم کرد؟!

هەستا و خۆی خستە سەر کاناپەی ڕەنگ سوور و سەری خستە باوشی دایکی و گریا. پیرەژن بەبێ کەمترین هەست کچەکەی گرتە باوەشەوە. ئەم دایکە لە بێسۆزبووندا جیاوازییەکی لەگەڵ پەیکەردا نەبوو و تەنانەت ڕەفتارگەلێکی وەکو خێڵە وەحشییەکانی بیابان هەبوو. لەژێر ئەو دەمامکەدا کە هەموو سۆزە مرۆییەکان چ باش و چ خراپ دەشارێتەوە، ئایا دەتوانین وا مەزەندە بکەین کچەکەی خۆش دەویست یا نا؟ ئەم بوونەوەرە دەتوانێت هەموو کارێک بکات. نیگای بە ئارامی لە زوڵفی جوانی کچەکەی کە

وەکو شنێل ئەوی داپۆشیبوو، بەرەو هێنری وەرچەرخا و بە کۆنجکۆڵییەکی سەرسووڕهێنەرەوە سەرتاپای ئەوی سەیر کرد. وا هەست ئەکرا لە زەینیدا دەرگیری هەندێ پرسیارە کە دەستی چارەنووس لە کوێوە ئەوی بۆ ئێرە گەیاندووە؟ بە چ تەلیسمێک کچەکەی منی شەیدا کردووە؟ زادەی کام هەوەسی سروشتە، ئەم جوانە هەڵخەڵەتێنەرە؟ هێنری بە خۆی گوت:

- ئەم ژنانە گاڵتەم پێدەکەن.

لەم ساتەدا پاکیتا سەری هەڵبڕی و بە شێوەیەکی وەها سەیری ئەوی کرد کە جارێکی دیکە لەرزەی خستە ڕۆحی. ئەوەندە جوان بوو کە هێنری بەڵێنی بە خۆی دا دەبێ ئەم گەنجە جوانە بە دەست بێنێت.

- پاکیتای من! ببەبە هی من!

پاکیتا کە پڕ لە هەڵچوون و ترس بوو، بەڵام ڕاکێشانێکی سەرسووڕهێنەر دڵی بەرەو هێنری دەبرد، وتی:

- دەتەوێت من بکوژی؟

هێنری پێکەنی و وتی:

- من؟ تۆ دەکوژم!!!؟

پاکیتا بە ناچاری گریا و شتێکی بە پیرەژن وت کە بە ئۆتۆریتە دەستی هێنری و کچەکەی گرتبوو. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ چاوی بڕییە ئەوان، دوایی ئەوانی بەردا و جۆرێ سەری ڕادەوەشاند کە هەست ئەکەی ڕووداوێکی تۆقێنەر چاوەڕوانیانە.

- هی من بە - ئەمشەو و ئەم ساتە، بە دوای مندا وەرە، من بەجێ مەهێڵە! منت خۆش دەوێت؟ دەبێ لەگەڵ من بێیت.

وەکو لافاو کە بەخێرایی لەنێو تاشەبەردەکان تێپەڕ دەبێت لە ساتێک ڕستەگەلێک کە دەربڕی حاڵەتی پەرێشان و دڵدادەی بوو، بە زەینیدا دەهات ، بێترسان هەزاران جار بە زماندا هێنای و دووبارەی دەکردەوە. پاکیتا وتی:

- هەمان دەنگ.

بە شێوازێکی دەربڕین کە هێنری نەیتوانی تێبگات وتی:

- هەمان خۆشەویستی، هەمان گەرمی.

دوایی بە تەسلیم بونەوە لە بەرامبەر ئەم حەزە وەسف نەکراوەدا وتی:

- بەڵێ بەڵام ئەمشەو نا، ئەمشەو بڕێکی زۆر کەم ئەفیونم بە کۆنچا داوە، ڕەنگە خەبەری بێتەوە و من تووشی دەردیسەر ببم. ئێستا هەمووان وا بیر دەکەنەوە من لە ژوورەکەمدا خەوتووم. دوو ڕۆژی دیکە لە هەمان شوێندا بەو هەمان وشە بە هەمان پیاو بڵێ. ئەو پیاوە زڕباوکی منە. "کریستیمو" منی زۆر خۆش دەوێت و تەنانەت بۆ منیش دەمرێت، پێش ئەوەی کە کەسێک بتوانێت زانیاری لەبارەی من بەدەست بێنێت. کاتێکی خۆش.

باوشی بە هێنریدا کرد و وەکو مارێک دەستی خستە دەوری پشتی و پیاوی گەنج بەهۆی هەژانی زۆرەوە هەستی دەکرد دڵی دەتۆقێت. پاکیتا بە دەنگی لەرزان و ترسناکانە کە دیار بوو

هەڵبژاردنی بە دەستی خۆی نەبوو قیڕاندی:

- باشە... بڕۆ... بڕۆ.

بەڵام دیسان بە هەموو هێزی باوشێ بەودا کردبوو و بە گریانەوە دەیگووت:

- بڕۆ... بڕۆۆۆ

بەم حاڵەوە ئارام ئارام ئەوی هەتا مەدخەلەکە برد. پیاوی دوورەگە لەوێدا بوو، چاوە سپییەکانی چاوەڕوانی بڕیاری پاکیتا بوو، مەشعەلەکەی لە مەلیکەکەی گرت و هێنری هەتا شەقام برد. مەشعەلی لە ژێر قەوسی هاتنە ژوورەوە دانا، دەرگای کردەوە و هێنری سواری داشقە بوو و بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر لە پارکی ئیتالیاییەکان دایبەزاند، بە شێوەیەک دەڕۆیشت هەستت دەکرد ئەسپەکان ئاگر لە ژێر سمیان دایە. دیمەنەکە بۆ دومارسە وەکو خەونێک بوو، بەڵام یەکێک لەو خەونانەی کە کاتێک دەسڕێنەوە هەستێکی نائاسایی لە زەینی بەجێ دەهێڵێت و مرۆڤ سەرتاسەری تەمەنی بە دووی ئەودا ڕادەکات. تەنها ماچێک تەواو بوو کە هەمان زەڕە ئاوەزیش لەسەری هێنریدا نەمێنێت. هیچ کات یەکتر بینینێکی پاکتر یا ڕەنگە ساردتر لەوەی نەبینیبوو، یەکتر بینینێک کە ڕووبەڕەکەی بێزراوترین بوو، یەکتر بینینێک بە ئامادەبوونی ناشیرینترین بوونەوەری دونیا.

وێنەیەک کە دایکی پاکیتا لە زەینی هێنریدا مابووەوە، بوونەوەرێکی دێوئاسای ڕەنگ زەرد و وەحشیتر لە دێو بوو،

کە لە خەیاڵی هیچ شاعیر و نووسەرێکدا جێگای نەدەبووەوە. لەڕاستیدا هیچ چاوپێکەوتنێک هەتا ئەو ئاستە ئەوی تووڕە نەکردبوو، خۆشەویستییەکی نەترسانەتر لەمەی نەبینیبوو. هەتا ئێستا یەکتربینینێکی نەبینیبوو کە خۆشەویستی لە نێو دڵیەوە ببزوێت و وەکو هەوا سێبەر بەسەر دەوروبەری دروست بکات. ئەم چاوپێکەوتنە ڕێکەوتییە پڕ لە نهێنییە، مەحزون، مەتبوع، بێزراو، ڕووناک و تەنانەت هەندێ کات بێزهێنەر بوو، تێکەڵاوێک لە تۆقین و پیاوی ئایینی، بەهەشت و جەهەنم بوو کە هێنری لە خۆی نامۆ کرد و وەکو مەستێکی تەواو عەیار ببوو.

ئیدی هاوشێوەی دومارسەی پێشوو نەبوو، بەڵام ئەوەندە هێزی هەبوو کە بتوانێت لەبەرامبەر مەستی خۆشەویستی خۆڕاگری بکات. بۆ پیشاندانی زیرەکی، ڕەفتاری خۆی لە کارەساتی ئەم چیرۆکەدا، پێویستە باسی ئەوە بکەین کە لە تەمەنێک کە زۆربەی کات گەنجەکان خۆیان بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ ژنان لۆمە دەکەن، بە چ شێوەیەک ڕۆحی ئەو بەرفراوانی و گەورەیی خۆشەویستی پەسەند کردبوو.

گەشەکردنی ئەو سەرچاوەی لە ڕووداوە شارەوەکان وەردەگرت، کە گوڕوتینێکی گەورە و سەرسووڕهێنەری بەو دابوو. هێنری شمشێرێکی جادوویی بەدەستەوە بوو کە زۆر بەهێزتر لە پادشا ئەمڕۆییەکان بوو، کە بەهۆی یاساوە سنووردار کرابوون. ئەو وەکو دەسەڵاتدارانی ستەمکاری خۆرهەڵاتی زەوی،

حکومەتێکی دیکتاتۆری هەبوو. بەڵام لە ئاسیا ئەم دەسەڵاتە بەدەست پیاوانی نەزانەوەیە، لە کاتێکدا کە شکۆ و گەورەیی ئەو بە زیرەکی ئەورووپی و ڕۆحی فەرەنسی کە ناسکترین و ئاییینیترین ئامرازە، چەند قات دەبوو. هێنری دەیتوانی هەموو چێژ و ئاواتەکانی خۆی بەدی بێنێت. ئەم هەژمونە نەبیندراوە بەسەر جیهانی کۆمەڵایەتی باڵادەستییەکی ڕاستەقینە، بەڵام بە شاراوەیی پێشکەش بەو کرابوو. لە شەیدابوونی خود و لووتبەرزی شتێکی کەمتر لە لویسی چواردەیەم نەبوو، وەکو فیرعەونەکان و خەلیفەکان خۆی بە باڵاترین نەژادی خوا دەزانی و بە ئاسانی لەبارەی ئەوانی دیکەوە دادوەری دەکرد.

بۆیە بەبێ هەستی پەژیوانی لەوەی کە هەم دادوەرە و هەمیش تۆمتبارە، زۆر لەسەرخۆ هەر پیاو یا ژنێک کە بەشێوەیەکی جیدی ئازاری ئەوی دابوو، بە مەرگ مەحکوم دەکرد و هەر بڕیارێک کە دەیدا دەبوو جێبەجێ کرابا. هەڵەیەک وەکو چارەڕەشییەکی گەورە بوو کە وەکو هەورەتریشقە دەیدا لە داشقەی ژنی بەختەوەری پاریسی و لە جیاتی داشقەچی پیر بۆ ئەو ژنە بەختەوەرە کە بەرەو ژوان دەڕۆیشت زیانی دەگەیاند. بەهەرحاڵ لۆمەی قوڵ و تاڵ کە وتەکانی پیاوی گەنجی بەرجەستە دەکرد، زۆربەی کات دەبووە هۆی ترسی لای خەڵک و هیچ کەسێک ڕەقیبی نەبوو. ژنەکان بە شێوەیەکی تۆقێنەر بۆ ئەو پیاوانەی کە نازناوی گەورە بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن و توانای شێرە توورەکان و ئازایەتی

ئامادەبوون لەشوێنە مەترسیدارەکانیان هەیە، هۆگرییان هەیە. لەئەنجامدا ئەم پیاوانە متمانە بە خۆکردنێکی لە ڕادەبەدەریان، هێزی دڵنیاییان، چاوانی لووتبەرزیان و وشیاری شێرێکیان هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی، ژنان زۆرتر سەرنجیان بۆ لای ئەوان ڕاکێشرێت. دومارسە لەم جۆرە پیاوانە بوو. لەو ساتەدا ڕازی لە داهاتوو، هەستی گەنجی و خۆگونجاندنی تایبەتی هەبوو و کاتێک بۆ سەر سیسەم دەڕۆیشت جیا لە خۆشەویستی بیری لە شتێکی دیکە نەدەکردەوە.

وەکو هەر گەنجێکی دیکە کە خەون بە خۆشەویستەکەیەوە دەبینێت، هێنری خەونی بەو کچی چاو ئاڵتوونییەوە بینی. هەڵبەتە خەوی بچڕ بچڕ و بێمانا و پڕ لە وێنەی دێوئاسا و ڕووداوی دەستەبەر نەبوو بوو - دونیایەکی نەبیندراو کە ئەوەندە ڕووناک بوو نەدەبیندرا. سبەینێ و دوو سبەیی ئەو شەوە هێنری بێسەروشوێن بوو، هیچ کەسێک ئاگای لەو نەبوو. تەنها لە بارودۆخی دیاریکراودا دەسەڵاتی هەبوو، بۆ خۆی خۆشحاڵ بوو، کە ئەو دوو ڕۆژە وەکو سەربازێکی تایبەت لە خزمەتی شەیتاندا بوو، کە ژیانی تەلیسم کراوی قەرزداری ئەو بوو. شەوی دیاریکراو هات و لە کاتژمێری دیاریکراو لە هەمان شوێنی پێشوو چاوەڕوان بوو، زۆری نەخایاند کە داشقەکە هات و دووڕەگە لە هێنری نزیک بووەوە بۆئەوەی ڕستەیەک کە بە فەرەنسی لەبەری کردبوو بە هێنری بڵێت:

- خاتوون بڕیاریان دا ئەگەر دەتەوێت بێیت دەبێ مۆڵەت بدەی چاوت ببەستم.

کریستسمۆ دەستماڵێکی سپی ئاوریشمی لە گیرفانی دەرهێنا. هێنری کە هەستت دەکرد بێدەسەڵات بووە، وتی:

- نەخێر!

هەوڵیدا سواری داشقە بێت، بەڵام دوو ڕەگە نیشانەیەکی دا و داشقە کەوتە ڕێ. کاتێک دومارسە بینی کۆشکی سپی ئاواتەکانی لە حاڵی ڕوخان دایە، بەتەواوی تووڕە بوو و قیڕاندی:

- باشە. قبووووڵ

جیا لەوە تێگەیشت کە خۆڕاگری لە بەرامبەر کۆیلەیەک کە وەکو جەللاد گوێڕایەڵی ئاغاکەیەتی و لەبەرامبەر تووڕەیی ئەودا وەکو بوونەوەرێکی بێ دەست و پێیە، بێسوودە. دوو ڕەگە فیکەیەکی کرد و داشقە گەڕایەوە. هێنری بە پەلە سوار بوو. ژمارەیەک لە خەڵک کۆنجکۆلانە بۆ سەیرکردن لە پارک کۆببوونەوە. هێنری بەهێز بوو، هەوڵی دەدا دووڕەگە بدوێنێت. کاتێک داشقە کەوتەڕێ، دەستی ئەوی گرت و هەوڵی دا بە هەر جۆرێک بووە لێی بپرسێت بۆ کوێ دەڕۆن، بەڵام هەوڵەکەی بێ ئەنجام بوو. چاوەکانی دووڕەگە لە تاریکی دەدروشایەوە. هەموو هێزی لە دەستی کۆکردەوە و بە هاوارێکی پڕ لە تووڕەیی دەستی خۆی ئازاد کرد و هێنری بە دەستێک بە قورسایی ئاسن بەرەو ئەوبەری داشقەکە فڕێی دا، دوایی بە دەستی دیکەی خنجەرێکی

سێ گۆشەی لە گیرفانی دەرهێنا و فیکەیەکی کرد.

داشقەچی گوێی لە فیکەکە بوو و ڕاوەستا. هێنری چەکی پێ نەبوو، بۆیە ناچار تەسلیم بوو، سەری بردە پێشەوە بۆ ئەوەی چاوی ببەستێت. تەسلیم بوونی هێنری بووە هۆی ئەوەی کریستسمۆ ئارام بێت و بە ڕێز و ئارامی چاوی بەست، کە پیشاندەری جۆرێک ڕێزگرتن لە عاشقی ئاغاکەی بوو. بەڵام پێش ئەوە خەنجەرەکەی بە بێ متمانەییەوە نایەوە گیرفانی و قوپچەکانی هەتا چەناکەی داخست. دومارسە لەبەر خۆیەوە وتی:

- ئەم کاکەڕەشە خەریک بوو بمکوژێت.

دیسان داشقە بە خێرایی کەوتەوە ڕێ. بۆ گەنجێکی وەکو هێنری کە بەباشی پاریسی دەزانی هێشتا کڵاورۆژنەیەک هەبوو بۆ ئەوەی ڕێگاکە ببینێتەوە. بۆ ئەوەی بزانێت بۆ کوێ دەڕوات دەیتوانی ژمارەی جۆگەکان کە بەسەریدا تێپەڕ دەبوون بژمێرێت و تەنانەت ناویی شەقامی لای دەستی کە داشقە بەرەو ئەوێ دەڕۆشت، بەرەو ڕووباری سێن دەڕوات یا بەرەو تەپۆڵکەکانی مۆنتمارتێر، و بەمشێوە ناوی شەقامێک کە لەوێدا ڕادەوەستن، مەزەندە بکات. بەڵام هەڵچوونێک کە بە هۆی ئەو کێشمەکێشەوە لە دەروونی ئەو دروست ببوو، تووڕەییەک کە پێگە و شکۆی ئەوی ڕوشاند، بیرکردنەوە لە تۆڵەیەک کە تەنانەت دەیویست تۆڵە لە خۆی بکاتەوە و ئەو ئەگەر و لێکدانەوانەی کە لەبارەی ڕەفتارە نامۆکانی ئەو کچە هەیبوو، هەموویان پێکەوە کۆبوونەوە

بۆ ئەوەی نەتوانێت فکری کۆبکاتەوە و وەکو نابینایەک هەموو توانا و بەهرەی خۆی بۆ دەست نیشانکردنی ڕێگاکە بەکار بێنێت. گەشتەکەیان نزیکەی نیو کاتژمێری خایاند. کاتێک داشقە ڕاوەستا ئیدی کۆڵان و شەقامێک لە ئارادا نەبوو.

دووڕەگە و داشقەچی هەردوو قۆڵی هێنرییان گرت و بردیانە دەرەوە و ئەویان سواری کەژاوەیەک کرد و بەنێو باخێکدا کە هێنری بۆنی گوڵەکان و عەتری تایبەتی دارەکان و ڕووەکەکانی بەباشی هەست پێدەکرد، تێپەڕبوون. بێدەنگییەکی وەها بەسەر ئەوێدا زاڵ بوو کە ئەو دەیتوانی دەنگی چکە چکی دڵۆپی ئاو کە لەسەر گەڵای تەڕی دارەکان دەهاتە خوارەوە، ببیسێت. ئەویان بەرەو پلیکانێک برد، لەسەر پێیەکانی ڕاوەستا، دەستیان گرت و بەنێو چەند شوقەیەکدا تێپەڕ بوون، ئەویان لە هۆڵێکی بۆنخۆش بەجێ هێشت کە ئەستووری فەرشەکانی ئەوەندە بوو کە هێنری دەیتوانی لە ژێر پێی هەستی پێبکات.

دەستی ژنێک ئەوی بەرەو مێزێک پاڵ پێوە نا و دەستماڵی کردەوە و کاتێک چاوی کردەوە، پاکیتای بەهەمان جوانی تاقانەی ئەزەلی لە بەرامبەر خۆی بینی. بەشێک لە ژوورەکە کە هێنری لەوێدا چاوی خۆی کردەوە .هێلێکی نەرمی قەوشی هەبوو، بەشی دیکەی چوارگۆشەیەکی زۆرباش بوو، لە ناوەڕاستی کورەیەکی درەوشاوە لە بەردی مەڕمەڕی سپی و ئاڵتوونی هەبوو. هێنری لە دەرگایەک هاتە ژوورەوە کە بە پەردەیەکی بەنرخ داپووشرابوو،

پەنجەرەیەک لە بەرامبەریدا هەبوو.

بەشێک لە ژوورەکـە کە بە شێوەی نیوقەوس بـوو، بە مێزێکی تورکی ڕازبووەوە، دۆشەکەیەک لەسەر زەوی ڕاخرابوو کە هـەڵبـەتـە ئـەسـتوورتـر لـە سیسەمەکە بـوو. سیسەمەکە ڕووبەرێکی نزیکەی پەنجا پێی هەبوو، لە قوماشی ئاوریشمی سپی دروستکرابوو، کە بە قەوسی ڕەش و سوور، جوانتر ببوو. لەسەر ئەم سیسەمە چەند کوسن جوان دانرابوو کە جوانی و ناسکی ئـەوان جوانی ژووزەکـەی زیاتر کردبوو. ژوورەکـە بە قوماشی سـوور داپـووشـرابـوو، کە قوماشێکی کەتانی هیندی بەسەر ئەودا کێشرابوو و بە شێوەی ستوونەکانی کورنتێن بوو کە بەشێوەیەک یەک نا یەکێک بەرەو ناوەوە و دەرەوە بوون و بەشی سـەرەوە و خـوارەوەی ئـەوان قوماشێک بەڕەنگی گوڵی شەقایق بوو کە لەسەری دیزانی ئیسلامی بە ڕەنگی ڕەش هەبوو. بۆ ڕووناککردنەوەی سیسـەمەکە شەش چڵی زێڕی زیوەیی کە هەر یەکێکیان دوو مۆمیان لەسەر بوو بە مەودایەکی یەکسان جێگیر کرابوون بە پەردەوە. میچەکە کە لە ناوەڕاستی لوسترێکی زیوی مات هەڵواسرابوو ئەوەندە سپی بوو کە لە بەرامبەر گەچبڕییە زێڕیی گۆشەکانی وەکو ئەڵماس بریقەی دەدایەوە. فەرشەکە وەکو شاڵێکی خۆرهەڵاتی بوو و دیزاینی ئەو بیرهێنەرەوەی شیعری فارسی و ئێرانییەکان بوو کە بەدەستی بەهێزیان کاریان لەسەر کردبوو. مۆبیلەکان کە لەسەر ئەوان دیزاینی ڕەش و سوور و

شین هەبوو بە ترمەیەکی سپی داپووشرابوون.

کاتژمێر و جێ مۆمەکان هەموویان لە بەردی مەڕمەڕی سپی و ئاڵتوونی بوون. تەنها مێزێک لە ژوورەکـەدا بوو کە ئەویش روکەشی لە ترمەی هەبوو. ئینجانە جوانەکان پڕ لە گوڵی سپی و سوور بـوون. بە کورتی تەنانەت بچوکترین وردەکـاری بە شێوەیەک تێکەڵ بە خۆشەویستی ببوو. هیچ کات سامان، تەنانەت عیشوەگەری و ناسکی و شەهوەتی لە ژێر خۆیدا نەشاردبووەوە. لەو ماڵەدا ڕێکخستن و پێکهاتەی ڕەنگەکان مردووترین دڵەکانیشی دەهـەژاند. پـەردە نەخشدارە جوانەکان کە لە هەموو لایەکەوە ڕەنگێکی تایبەتیان هەبوو و لە ژێر نورێکی شەفاف کە بە لێدان لەوان وێنەیەکی مژاوی دروست دەکرد، هەندێ کات بەتەواوی سپی و هەندێ کاتیش بەتەواوی سوور بوون.

پێویست بە وتن ناکات کە توانای سەرسووڕهێنەری ڕەنگەکان دەتوانێت کاریگەرییەکی سەرسووڕهێنەر لە سەر مرۆڤ دابنێت و ڕۆح بە ڕەنگی سپی دەهەژێت، خۆشەویستی بە ڕەنگی سوور سەرنجڕاکێش بوونی خۆی نمایش دەکات و سۆزەکان بە ڕەنگی ئاڵتوونی دەبزوێن. کەواتە دەرونی ئاڵۆز و مژاوی مرۆڤ، هەموو هۆگری و بەستراوە وەسف نەکراوەکان بەو پێکهاتەی ڕەنگەکان و هەماهەنگی سەرسووڕهێنەریان بە وجد دێت. لە ژینگەیەک بەو کەشە مژاویە و پڕ لە عەتری بێوێنە، پاکیتا بە جلێکی سپی، پێی ڕووت، شکۆفەی نارنج لە نێو قژی ڕەشی لە بەرامبەر هێنری

بەدەرکەوت و وەکو خواوەندی ئەم پەرستگە لە بەرامبەری چۆکی دادا. هەرچەندە هێنری بە بینینی تەجەمولاتی دڵڕفێنی پاریسییەکان ڕاهاتبوو، بەڵام بە بینینی ئەم سەدەفە کە وەکو سەدەفێک بوو کە ڤێنوس، خوای خۆشەویستی لە دەریای بێتەدەر، بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر هەژا.

چ لە کاریگەری دژیەکی نێوان تاریکییەک بوو کە لەو هاتبووەدەر و ڕووناکییەک کە ڕۆحی لەودا شۆڕابوو، یا بەراودرێکی خێرا کە لە نێوان ئەم دیمەنە و دیمەنێک کە جاری یەکەم بینیبووی، هەستێکی ناسک وەکو کاتێک کە شیعر دەخوێندرا. بوون لەم گۆڕەپانە کە بەڕای من بە گۆچانی جادوویی سیحربازێک ڕوویدا، ئەم کچەی شاکاری ئافراندن کە لە ژێر ڕەنگدانەوەی نوری سەر پەردە سورەکان سێبەری ڕووناکی ئاڵتوونی لەسەر پێستی ناسکی و نەرمی دروستکردبوو، تووڕەیی و خواست بۆ تۆڵەکردنەوە و لووتبەرزی برینداری هێنری سڕییەوە.

هاوشێوەی هەڵۆیەک کە بە خێرایی بەرەو نێچیری دەڕوات، پاکیتا بەتەواوی لەخۆگرت، سەری گرتە سنگیەوە و لەنێو گەرمای خۆشەویستی کە ئاواتی پێ دەخواست و جوانییەکانی خۆشەویستی کە چەند بەرامبەر ببوو، سڕایەوە و بە دەنگێکی ئارام وتی:

- وەرە پاکیتای من.

- ئارام بە خۆشەویستی من، لێرەدا تەنها من و تۆ و

خۆشەویستیمانین. ڕێوشوێنی تایبەتیان گرتۆتەبەر بۆئەوەی دەنگ و گۆرانی عاشق و مەعشوق لێرە نەچێتەدەر. بەرزترین دەنگیش لەدەرەوەی ئەم دیوارانە نابیسرێت. ئەگەر لێرە کەسێک بکوژرێت دروست وەکو کەسێکە کە لە بیابان بەرەڵا کراوە و ناڵەی بێ کاریگەر دەبێت.

- چ کەسێک توانیویەتی ئیرەیی بردن بۆ خۆشەویستی و پێویستییەکانی ئەو بە باشی لێ تێبگات؟

پاکیتا بە عیشوەگەری شاڵی ملی هێنری کردەوە و وتی:

- هیچ کات لەو بارەیەوە پرسیار لە من مەکە.

ئەم پرسیارەی هێنری کە بە عیشوەگەری پاکیتا بێوەڵام مایەوە، لەڕاستیدا ئەو لە وەهمی لێکۆڵینەوەی زۆرتر لەبارەی ئەوەی کە چ کەسێک وەکو سێبەری ئەوان لەبەرچاویەتی، بێنێتەدەر و وتی:

- دەتوانم لانیکەم بپرسم لێرە کێ حاکمە؟

پاکیتا بە حاڵەتێکی دوودڵی سەیری ئەوی کرد. هێنری لەکاتێکدا کە لە باوشی پاکیتا هاتەدەر، وتی:

- کەواتە ڕوون بووەوە ئەو حاکمە من نیم، شوێنێک کە من هەم دەبێ خۆم حاکم بم.

کچی چارەڕەش وەکو قوربانییەک وتی:

- ڕێگایان نەدەدا لە سەرەوە دانیشێت لە خوارەوەش دانەدەنیشت.

- پێم بڵێ منت بۆ چی هێناوە بۆ ئێرە؟ وەڵام بدەوە.

پاکیتا بە ئارامی هەستا، چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوو. لە یەکێک لە قەفەسەکان خەنجێرێکی هەڵگرتت و بە حاڵەتی تەسلیمێک کە لە بەرامبەر بەورێک هەیەتی، دایە هێنری و وتی:

- من بۆ جەژنێک ببە کە پیاوانی عاشق خاوەن ماڵن و کاتێک من غەرقی چێژی نێوان خەو و وشیاریم من بکوژە، لەبەر ئەوەی من هیچ وەڵامێکم بۆت نییە. سەیر بکە هێنری! من وەکو ئاژەڵێکی بەستراوە بە بزمارم و سنوورم هەیە و تەنانەت هێشتا پێم سەیرە کە بە چ شێوەیەک توانیم بەرەو هەڵدێرێک کە ئێمەی جیا دەکردەوە پردێک دروست بکەم. من غەرقی چێژ بکە و دوایی بمکوژە.

دەستەکانی بە نیشانەی پاڕانەوە پێکەوە لکاند و بە گریانەوە قیژاندی:

- ئایی! نا! نا! من مەکوژە، من عاشقی ژیانم، ژیان بۆ من میوانییەکی جوانە. لەهەمان کاتدا کە کۆیلەم، شاژنیشم. دەمتوانی بە وشەکان کڵاو لەسەر تۆ بنێم و بڵێم تەنها عاشقی تۆم و لەو بوارەوە تۆ دڵنیا بکەم و بە کەڵک وەرگرتن لە

دەسەڵاتداری کاتیم بە تۆ بڵێم: وەکو ڕێبوارێک کە لە بۆنی گوڵ مەست دەبێت چێژم لێ وەربگرە. دوایی لە مەکری ژنانەم

کە تۆم ناچار بە جێبەجێ کردنی خواستەکانم کرد و تینویەتیم دامرکایەوە، تۆ بخەمە نێو چاڵێکەوە کە هیچ کەس نەتبینێتەوە، چاڵێک بۆ تۆڵەکردنەوە، بەبێ ترس لە دادپەروەری دروستکراوە

و پڕ لە ئاهەکە و تۆ دەسووتێنێت و زەڕەیەک لە تۆ نامێنێتەوە و بۆ هەمیشە لە دڵمدا دەمێنیتەوە.

هێنری بەبێ هیچ ترسێک سەیری پاکیتای کرد و ئەم ئازایەتییەی ئەو بووە هۆی ئەوەی پاکیتا خۆشحاڵ بێت و وتی:

- نەخێر، من کارێکی وا ناکەم! تۆ نەکەوتوویتە داوەوە، بەڵام کەوتوویتیە داوی خۆشەویستی پیاوێکەوە کە گیانی

پێشکەش تۆ دەکات و کەسێک کە دەکەوێتە نێو چاڵەوە منم.

هێنری بە وردی سەیری ئەوی دەکرد، وتی:

- هەموو شتێک بۆ من سەرسووڕهێنەرە، بەڵام بەڕای من کچێکی باشی و ناوەڕۆکی تۆ شیاوی پێش بینی نییە، لەسەرەوەی ئەوەی بە وشەکان وەسف بکرێت، مەتەڵێکی زیندووی کە وەڵامدانەوەی بۆ من قورسە.

پاکیتا شتێک لە قسەکانی هێنری تێنەگەیشت، بە خۆشەویستی سەیری ئەوی کرد و دیسان هەمان خواستی دووبارە کردەوە:

- وەرە پێشەوە عەشقم، وەرە چێژ وەربگرین.

هێنری بە پێکەنینەوە وتی:

، من چیت بووێت دەیکەم و چیت نەوێت نایکەم.

هەستت دەکرد ئارام بووە و بڕیاری داوە چێژ وەربگرێت و بیر لە ئەنجامەکانی نەکاتەوە و ڕەنگە متمانەی بە دەسەڵاتی خۆی هەبێت و دەیزانی چەند کاتژمێری دیکە دەتوانێت سەیری پاکیتا بکات و هەموو نهێنییەکانی کەشف بکات. پاکیتا وتی:

ـ باشە مۆڵەت بدە بەو جۆرەی پەسەندت دەکەم بتڕازێنمەوە.

ڕۆیشت و لە نێو گەنجینەداری سوری قەیفەی هێنا و دای بەدەوری هێنریدا، دوایی کڵاوێکی ژنانەی کردە سەری و شاڵێکی بەستە دەوری. خۆی لە بیرکردبوو، بە بێگوناهییەکی منداڵانە ئەم کاری دەکرد، پێدەکەنی، هەندێ کات بە عەشق هەندێ کات بە دەمارگرژی، وەکو پەلەوەرێک بوو کە لە حاڵی فڕین دایە، بەڵام ڕێگای بەردەمی خۆی نەدەبینی. لەو ساتەدا چێژی ئەو دوو گەنجە وەسف نەدەکرا. ڕەنگە دەبێ باسی هەستی نائاسایی و میتاسروشتی پیاو بکەین. هەر کەسێک لە پێگەی کۆمەڵایەتی هێنریدا بێت و وەکو ئەو بژی باشتر لە پاکی کچ تێدەگات.

بەڵام دیاردەیەکی سەرسووڕهێنەر هەبوو! ئەگەری ئەوە هەبوو کچی چاو ئاڵتوونی پاکیزە بێت، بەڵام بێگوناح نەبوو. یەکبوونی سەرسووڕهێنەری دیاردە ڕاستەقینە و پڕ لە نهێنییەکان، تاریکی و رووناکی، جوانی و ناشیرینی، چێژ و مەترسی، بەهەشت و جەهەنم کە پێشتر لەم ڕووداوەدا بیندرابوو، دیسان بۆ دومارسە لە بوونی ئەم کچە جوانەدا ڕەنگی دایەوە. هەموو شتێک، پاکترین چێژەکان و بەرجەستەترین مەعریفەکان و هەست بزوێنترین چریکەکانی عاشقانە کە هێنری وەکو خۆشەویستی ناسیبوو لەگەڵ ئەو گەنجینانەی کە لە دەروونی ئەو کچەدا بینی بە شتێک نەدەهاتە ئەژمار، کچێک چاوە سەرنجڕاکێشەکانی وەکو بەڵێنەکانی بەجێهێنا.

ـ مردم، من مردم ئادۆلف! من بۆ کۆتایی دونیا ببە، بە شێوەیەک کە هەست بکەی ئیدی ئەو نابینی، بەڕای من هەستی دەکرد ئەو دەکوژن. دوایی دەستی بە کلیلی زەنگێکدا نا و لە هێنری پاڕایەوە مۆڵەت بدات چاوەکانی ببەستن. هێنری وتی:

ـ ئەگەر من نەمەوێت بڕۆم؟ ئەگەر بمەوێت لێرەدا بمێنمەوە؟

ـ وادەی مردنی من پێش دەخەی لەبەر ئەوەی هەر ئێستاش دەزانم لەبەر تۆ دەکوژرێم.

هێنری قبووڵی کرد. دەروونی پیاوێک کە بە تەماحەوە خۆی غەرقی چێژ و شەهوەت دەکات ئینتیمای بۆ لەبیرکردن، بێوەفایی، ڕزگاربوون، حەزی ڕۆیشتن بۆ هەموو شوێنێک، خەرمانەیەک لە سووکایەتی و یا ڕەنگە ڕق هەڵگرتن لە خۆشەویستەکەی دروست دەبێت و لە دواییدا هەستی وەسف نەکراوی دەروونی بێچم دەگرێت کە ئەو پەست و رسوا دەکات. لەڕاستیدا ئەم سەرلێشواییە لە دەروونی کەسانێکدا دروست دەبێت کە ڕۆحیان بە نوری ئاسمانی تێکەڵ نەبووە و بەو عەترە پیرۆزانە کە هەستی شادبوون بە دڵ و ڕۆح دەدەن، بۆنخۆش نەبووە.

بۆیە هێنری خۆی لە ژێر دەسەڵاتی ئەم هەستە گێژکەرەدا بینیەوە کە نەیدەزانی خۆشەویستییە یا هەوەسە، بەڵام هەر شتێک بوو لە خۆشەویستی ڕاستەقینەدا نەدەبیندرایەوە. بۆ ئەوەی دیسان سەرنجڕاکێش بوونێک لە دەروونی دروست بێتەوە و بەرەو پاکیتا بڕوات دەبێ لە بەڵگاندن و بەراوردکردنەکانی بگەیشتبایەتە

ئەنجامێکی شیاوی پەسەند. بەهێزترین شتێک کە لە خۆشەویستی ڕاستەقینەدا زاڵە، بیرهێنانەوەی بیرەوەرییەکان و دڵتەنگبوونەکانە. ژنێک کە بە هۆی چێژ و هێز هەستی لە نێو ڕۆحی پیاودا نەخش نەبەستێت، بە چ شێوەیەک دەتوانێت بۆ هەمیشە مەعشوقی ئەو بێت؟

لە بارەی هێزرییەوە، پاکیتا بەم دوو تایبەتمەندییەوە خۆی لە دڵی ئەودا جێگا کردبووەوە، بەڵام لە ساتێک کە ئەو هێشتا غەرقی چێژ و شادی بوو و هەستی بە تێربوونێکی سەرسووڕهێنەر دەکرد، هەستی دەکرد لە هەموو ژنانی دونیا بێنیازە، نەیدەتوانی هەڵسەنگاندن بۆ دڵی بکات و تامی ئەو چێژە و ئەو ساتانە بیر بێنێتەوە. بەیانی زوو لە پارکی مۆنمارتێر ئامادە بوو، شێتانە چاوی بڕییە داشقەیەک کە لەوێ دوور دەکەوتەوە، دوو جگەرەی لە گیرفانی دەرهێنا. یەکێک لەوانی بە چەرخی کەسێک کە لەوێ شەراب و قاوەی دەفرۆشت، پێکرد و هەروەها کە دەڕۆشت دەستێکی لە گیرفانی بوو و پیاسەی دەکرد و وتی:

- ئەگەر شتێکی باش لەم دونیایەدا بێت جگەرەیە! تەنها شتێک کە پیاوێک هیچ کات لەو ماندوو نابێت.

ئیدی بە سەختی بیری لەو کچە چاو ئاڵتوونییە دەکردەوە کە هەموو گەنجانی پاریس شێت و شەیدای ئەو ببوون و هەستی دەکرد پێشنیاری مەرگ و دەربڕینی ئەو لە نێو زریانی چێژ و شەهوەت بە نازەوە کە چین و لۆچی لەنێو چاوانی دروست

دەکرد، یەکێک لەو ڕەفتارە هەڵخەڵەتێنەرانەی ژنان ئەوەبوو کە دەیانەوێت سەرنجی پیاوێک کە هۆگری ئەوانە ڕاکێشن. کچێک کە لە ناوچەکانی پشتوێنەی زەوی لە دایک بووبێت، لە ئەرووپا خوێندبێتی و جوانی لە دایکە ئاسیاییەکەی بە میرات بردبوو.

هێنری لەبەر خۆیەوە وتی:

- پاکیتا خەڵکی هاڤانایە. ئەویش وەکو کچانی پاریسی بەباشی دەزانێت ڕۆڵ بگێڕێت. سوێند بە چاوە ئاڵتونییەکانی کە تەنها دەمەوێت کەمێک بە ئاسوودەیی بخەوم.

داشقەیەکی دوو ئەسپی لە گۆشەیەکی شەقام بینی کە چاوەڕوانی ژمارەیەک لە قوماربازەکانی بوو، داشقەچی کە خەوتبوو، خەوەر کردەوە و داوای لێکرد ئەو بگەینێتەوە ماڵەوە. هەر ئەوەندەی کە گەیشت خەوت، خەوێکی قوڵ و بە ئارامی خەوی مرۆڤە بێگوناهەکان. ڕەنگە نمونەیەک لە پەندی پێشنینیان بێت کە دەڵێن "بێکۆتاییەکان بە یەکتر دەگەن".

نزیکی نیوەڕۆ دومارسە خەبەری بووەوە و کەمێک بە ئارامی جووڵەی کرد، هەستێکی سەرسووڕهێنەری برسێتی هەبوو، وەکو سەربازە پیرەکان کە بۆ شەڕ هەموو توانای خۆیان بەکار دێنن و تازە ڕۆژی دوای سەرکەوتن ئیشتیایەکی سەرسووڕهێنەریان هەیە. دوای بینینی پائول لە بەردەمی، خۆشحاڵ بوو، لەبەر ئەوە لەم ساتەدا هیچ شتێک خۆشتر لەوە نییە نانی بەیانی لەگەڵ برادەرێک بخۆی. پائول وتی:

- لە کوێی پیاو! هەموومان وا بیرمان دەکردەوە لە ماوەی دە ڕۆژی ڕابردوو لەگەڵ کچی چاو ئاڵتوونی ڕاتبواردووە.

- کچی چاو ئاڵتوونی! من ئەوم لە بیرکردووە هاوڕێی ئازیزم! کار و ژیانم هەیە.

- باشە! بەڵام هەڵە نەبم شتێکم لێ دەشاریتەوە.

دومارسە پێکەنی و وتی:

- بۆ چی نا، هاوڕێ هیچ کات هەموو نهێنییەکانی کاری خۆت بە کەس مەڵێ... تەنانەت وشەیەکت پێ ناڵێم. تۆ هیچ کات منت فێری شتێک نەکرد، منیش نامەوێت پیشکەشییەکی بێ بەرامبەر لە گەنجی سیاسەتم بە تۆ بدەم. ژیان وەکو ڕووبارێکە کە دەبێ بۆ گفتوگۆ هەر دوو لایەنی ئەو خۆیان بەن لە ئاوەکە، لەڕاستیدا بازرگانییە. سوێند بە هەموو پیرۆزییەکانی جیهان، سوێند بە جگەرەکەم من مامۆستا نیم، من مامۆستای ئابووری نیم بۆ ئەوەی کەسێک فێری ئەم بازرگانییە بکەم. ئێزن بدە نانی بەیانی بخۆین! لە جیاتی ئەوەی سەرچاوەکانی مێشکم بە بێبەرامبەر تەسلیمی تۆ بکەم، باشتر وایە هێلکەوڕۆنێک دروست بکەم و پێش ئەوەی لە برسان بمرین، بیخۆین.

ئێزن بدە باش تێگەیشتم، تۆ لەگەڵ هاوڕێیەکانت ئاڵوگۆڕ دەکەی؟

هێنری کە لە هەر بابەتێک دەرفەتێکی بۆ گاڵتەکردن و تانەلێدان دەبینیەوە، وتی:

- برادەری ئازیزم تێگەیشتن لەم بابەتە قورس نییە، بەهەمان شێوە ڕەنگە تۆ یا هەر کەسێکی دیکە پێویستی بەوە هەبێت هەندێ زانیاریی ژیانی بشارێتەوە، منیش لەم حاڵەت و ڕێسا بەدەر نیم. گومانت لەوە نەبێت تۆم زۆر خۆش دەوێت. بەڵام قسەی من ئەوەیە برادەری بابەتێکی جیاوازە. ئەگەر بۆ هەڵهاتن لە دەستی مردن پێویستت بە هەزار فرانک هەبێت گومانت لەوە نەبێت کە بە هەر شێوەیەک بووە ئەو پارە دابین دەکەم. ئەگەر بەیانی بتەوێت شەڕێک دەست پێ بکەی من هەموو لایەنەکان هەڵدەسەنگێنم و دەمانچەکان پڕ لە فیشەک دەکەم، کەواتە ئەگەر لەم حاڵەتەدا بکوژرێیت ناجوامێرانە نابێت و لە شەڕێکی هاوسەنگدا کوژراوی. بەکورتی بڵێم ئەگەر کەسێک لەلای من خراپەی تۆ بڵێت چارەنووسی ڕەش دەکەم. ئەمە پێناسەی من لە برادەرییە. باشە هاوڕێی ئازیزم هەر کاتێک پێویستت بە شاردنەوەی نهێنییەک هەبوو دوو جۆر شاردنەوەی نهێنیمان هەیە: ئەرێنی و نەرێنی. شاردنەوەی نهێنی نەرێنی تایبەتی دەبەنگەکانە کە بێدەنگ دەبن، ڕەتی دەکەنەوە، ڕوویان وەردەچەرخێنن لە ڕاستیدا بەوە دەڵێن شاردنەوەی نهێنی دەرگا داخراوەکان و بێتوانایی ڕەهایە. جۆری ئەرێنی ئەو پشت ڕاستکردنەوە و پەسەندکردنی لەگەڵ دایە. وا گریمان ئەمشەو لە نێو کافێ بڵێم: بەشەرەفم کچی چاو ئاڵتوونی ئەوەندەی من بۆم خەرج کرد بایەخی نەبوو! کاتێک ئەوێ بە جێ بهێڵم هەمووان بەسەرسوورمانەوە دەقیرێنن بیستتان دومارسەی

دەبەنگ چی گوت؟ ئەو ئێمە بە دەبەنگ دەزانێت و چاوەڕوانە باوەڕ بەو قسە بێمانایە بکەین کە دەستی بە کچی چاو ئاڵتوونی ڕاگەیشتووە؟ هەوڵ دەدات ڕکابەرەکانی لە گۆڕەپان بەدەر بنێت. ئەو پیاوێکی سادە نییە، بەڵام ئەم فێڵە کەمێک ڕەشۆکی خەڵەتێن و مەترسیدارە. بەهەر حاڵ هەر قسەیەکی بێمانا کە لە زاری کەسێک بێتەدەرەوە گروپێک دەبەنگ هەن کە باوەڕ بکەن. باشترین شێوازی شاردنەوەی نهێنی ئەوەیە کە ژنانی زیرەک بۆ هەڵخەڵەتاندنی شووەکانیان بەکاری دێنن. وەرە بۆ ئێرە لۆرانت چ پێشکەشییەکت بۆ من هێناوە؟

- کەمێ سەدەفی ئۆستێندم هێناوە گەورەم.

هێنری وتیشی:

پائولی ئازیزم، ڕۆژێک خۆت دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کە چەندە بەتامە ژمارەیەکی نەزان بۆ زانینی نهێنییە سۆزدارییەکانی خۆیان بخەیتە جموجۆڵ. من چێژێکی تایبەت لەوە وەردەگرم لە سنووری خەڵکی نەزان هەڵبێم. ئەو دەبەنگانەی نە دەزانن خۆیان چییان دەوێت و نە دەزانن ئەوانیتر چییان لەوان دەوێت، ڕێگاچارەیان لەگەڵ ئامانج تێکەڵ کردووە، لە نێوان ڕق و خۆشەویستیدا لە گەڕان دان، بەرزی دەکەنەوە و دەیروخێنن! چ چێژێکی هەیە کاریگەری لەسەر ئەوان دابنێی و نەکەویتە ژێر کاریگەری ئەوانەوە، چ چێژێکی هەیە بەسەر ئەواندا زاڵ بیت و هیچ کات بۆ ئەوان خاو نەبی. هەمیشە دەتوانی شانازی بە شتێکەوە بکەی،

دەبەنگ چی گوت؟ ئەو ئێمە بە دەبەنگ دەزانێت و چاوەڕوانە باوەڕ بەو قسە بێمانایە بکەین کە دەستی بە کچی چاو ئاڵتوونی ڕاگەیشتووە؟ هەوڵ دەدات ڕکابەرەکانی لە گۆڕەپان بەدەر بنێت. ئەو پیاوێکی سادە نییە، بەڵام ئەم فێڵە کەمێک ڕەشۆکی خەڵەتێن و مەترسیدارە. بەهەر حاڵ هەر قسەیەکی بێمانا کە لە زاری کەسێک بێتەدەرەوە گروپێک دەبەنگ هەن کە باوەڕ بکەن. باشترین شێوازی شاردنەوەی نهێنی ئەوەیە کە ژنانی زیرەک بۆ هەڵخەڵەتاندنی شووەکانیان بەکاری دێنن. وەرە بۆ ئێرە لۆرانت چ پێشکەشییەکت بۆ من هێناوە؟

- کەمێ سەدەفی ئۆستێندم هێناوە گەورەم.

هێنری وتیشی:

پائولی ئازیزم، ڕۆژێک خۆت دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کە چەندە بەتامە ژمارەیەکی نەزان بۆ زانینی نهێنییە سۆزدارییەکانی خۆیان بخەیتە جموجۆڵ. من چێژێکی تایبەت لەوە وەردەگرم لە سنووری خەڵکی نەزان هەڵبێم. ئەو دەبەنگانەی نە دەزانن خۆیان چییان دەوێت و نە دەزانن ئەوانیتر چییان لەوان دەوێت، ڕێگاچارەیان لەگەڵ ئامانج تێکەڵ کردووە، لە نێوان ڕق و خۆشەویستیدا لە گەڕان دان، بەرزی دەکەنەوە و دەیروخێنن! چ چێژێکی هەیە کاریگەری لەسەر ئەوان دابنێ و نەکەویتە ژێر کاریگەری ئەوانەوە، چ چێژێکی هەیە بەسەر ئەواندا زاڵ بیت و هیچ کات بۆ ئەوان خاو نەبی. هەمیشە دەتوانی شانازی بە شتێکەوە بکەی،

بەڵام ئەمە توانای تۆ نییە، بەڵکوو دەسەڵاتت ئەو شتەیە کە هۆکار، کاریگەری، هەقیقەت و ئەنجامی ئەو خۆتی. هیچ کەسێک نازانێت من عاشقی کێم یا ئاوات بە چ شتێکەوە دەخوازم. ڕەنگە سەردەمانێک هەمووان بە خۆشەویستی من بزانن و ئاواتەکانی منیان بۆ ئاشکرا ببێت، دروست وەکو شانۆنامەیەک کە دەتوانن کۆتاییەکەی ببینن، بەڵام لە کاتی دروستکردنی شانۆ کەسێک ناتوانێت ئاگاداری دەقی چیرۆکەکە بێت. بەڕای من هیچ شتێک پەستتر لە دەسەڵاتێک نییە کە لە بەرامبەر فیڵێک بەتەواوی لە نێو بچێت. بەئاگادار بوون بەوەی کە سیاسەتیش وەکو ژیان ئاڵۆزە. ئایا ئاوەزمەندانەیە؟ نەترسانە ببینە باڵیۆز؟ من گومانم لێ هەیە. تۆ چیت دەوێت؟ دەتەوێت ببیتە چی؟

- هێنری تۆ بە من پێدەکەنی و بە شێوازێک لێم دەپرسی کە بەڕای من هیچ هیوایەکت بە من نییە.

- پائول هیچ کات ئەوە لە بیر مەکە، کاتێک خۆت بە سووک سەیر بکەی لە ڕوانگەی دەوروبەرەکەتەوە زۆر سووکتر دەبی، دەروونت چی دەوێت با بیەوێت، هەوڵ بدە ڕواڵەت و سیمای خۆی بەبەهێز پیشان بدەی.

لەکاتی نانی بەیانی کاتێک هێنری جگەرەی پێکرد، ڕووداوەکانی ئەو شەوەی بە ڕوونییەکی نائاسایی هاتەوە بەرچاو. وەکو زۆربەی کەورەپیاوان، وردبینی ئەو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک نەدەکەوتە کار و بە خێرایی دزەی نەدەکردە نێو شتێکەوە. وەکو هەموو

کەسانێک کە هەموو توانای زەینی خۆیان بۆ ژیان لە ئێستادا تەرخان دەکەن و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بە بەشگەلێک لە ژیانی ڕابردوویاندا دەگەڕێن و شیرەی دەگرن، بۆ وشیاربوونەوەی زەینی پێویستی بە کەمێک پشوو هەبوو بۆ ئەوەی بەباشی بتوانێت هەموو شتێک تاووتوێ بکات.

لەسەرەتادا دومارسە وەکو هەموو گەنجانی هاوتەمەنی، هەموو توانا و ئیمکانیەتی تەنها بۆ چێژ و ڕابواردن بەکارهێنا و کاتێک گەشتی بەم سەرزەمینەدا کرد و تێر بوو، ئەو کات بووە یەکێک لە گەورەپیاوانی سەردەم. بەمشێوەیە کە پیاوان پوختە دەبن و بۆ ئەوەی ژنێک کەڵکی خراپی لێ وەرنەگرێت دەبێ دەست پێشخەری بکەن و ئەو ژنە ڕسوا بکەن. کەواتە لەم ساتەدا دومارسە وا بیری دەکردەوە کچی چاو ئاڵتوونی ئەوی هەڵخەڵەتاندووە، ئەو شەوەی کە ئارام ئارام غەرقی چێژ بوو و لە دواییدا وەکو لافاو گەیشتە کۆتایی. لەدواییدا بە زیرەکییەکی زۆر توانی لە نهێنی شاراوەی ئەم ڕووداوە تێبگات. بێگوناهی ڕواڵەتی، سەرسووڕمان و سەرلێشواوی ئەو لە کاتی چێژ و هەندێ لە قسەکانی بێمانا بوو، بەڵام ئێستا هەموو شتێک ڕوون ببووەوە کە هێنری شوێنی کەسێکی دیکەی گرتۆتەوە.

لەبەر ئەوەی هیچ گەندەڵییەکی کۆمەڵایەتی لای هێنری بە شاراوەیی نەمابووەوە، لەبەرئەوەی هێنری لەئاست هەموو لادانەکان بێلایەن بوو، بەبێ گرنگی پێدان بە دابونەریت و عورف

لەو باوەڕەدا بوو هەر هەوەسێک کە تێرکردنی ئەو سەخت و قورس نەبێت شیاوی پاساوهێنانەوەیە، لە گوناه و چێژ نەدەترسا و ئەوی وەکو برادەرێک و هاوڕێیەکی زەروری دەزانی، بەڵام لەبەر ئەوەی ببووە ئامرازی تێرکردنی شەهوەتی ئەویتر، هەستی بریندار ببوو. ئەگەر گریمانەکانی بەڕاست دەگەڕا بێڕێزی بە بەشێکی گرنگ لەهەستەکانی کردبوو. ئەم دوودڵییە ئەوی تووڕە کردبوو، وەکو بەورێک کە ئاسکێک هەڵیخەڵەتاندبوو، قیڕاندی، نەعرەتی بەورێک کە توانای دڕندە بوونی لەگەڵ زیرەکی شەیتانی یەکانگیر بوون. پائول پرسی:

- خۆت باشی؟ ئیتر چی هەیە؟ دەتەوێت چی بکەی؟

- هیچ

- ناڕەحەت دەبم کاتێک دەپرسم دەتەوێ چی بکەی؟ بەمشێوەیە وەڵام بدەیتەوە، لەبەر ئەوەی نیشانەی ئەوەیە کە دەبێ بە زووترین کات بینەری شەڕێک بم.

- ئیدی من شەڕ ناکەم.

- خوایا، خۆ ئەمە خراپترە. مەبەستت ئەوەیە کە لایەنی بەرامبەر دەکوژی؟

- پائول یاری بە وشەکان مەکە. لە جیاتی شەڕ ئیعدامت دەکەم.

- برادەری ئازیزم ئەم بەیانییە گاڵتەکانت پڕ لە خەم و پەژارەن.

- پێت خۆشە گوێت لە چی بێت؟ ئەنجامی شەهوەت ستەم و نادادپەروەرییە. بۆ چی؟ ئەگەر تێگەیشتی بەمنیش بڵێ، لەبەر

ئەوەی من بەهیچ شێوەیەک بۆ زانینی ئەو کۆنجکۆڵ نیم. ئەم جگەرانە زۆرباشن. خراپ نییە چاییەکیش بدەی بە برادەرەکەت. دەزانی پائول. من ژیانێکی ئاژەڵانەم هەبوو. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ئاراستەیەک بە ژیانی خۆم بدەم و توانا و دەسەڵاتم لە ئاراستەیەک بەکار بێنم کە بۆ ژیانم بایەخی هەبێت. ژیان شانۆیەکی پێکەنیناوی و لە هەمان کاتدا پڕ لە نهێنییە. سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگایە بۆ من گاڵتەجاڕیی و وەحشیانەیە. حکومەت کەسانێک کە کەسێک دەکوژن، ئیعدام دەکات، بەڵام مەدالیای شانازی بە خوێندکارانی پزیشکی دەدات کە ساڵانە چەندین کەس دەکوژن. ئاکار لە بەرامبەر ئەم هەمووە فسق و فجورەدا کە کۆمەڵگا لە نێو دەبات و هیچ سزایەکی بۆ لەبەرچاو نەگیراوە، هیچ دەسەڵاتێکی نییە. سوپاست دەکەم چاییەکی دیکەم بەرێ. سوێند بە شەرافەتم مرۆڤ وەکو گەپجارێکی سەرخۆشە کە لە لێواری هەڵدێرێکدا سەما دەکات. ئەوان لەبارەی نائاکاری بوونی کتێبی "پەیوەندییە مەترسیدارەکان" و یا هەر کتێبێکی دیکە کە بە هۆی ناوبانگی لای خەڵکی ڕەشۆکی خۆشەویستە، لەگەڵ ئێمەدا قسە دەکەن، بەڵام کتێبێکی ترسناکتر، پیس و گەندەڵتر بوونی هەیە کە هەمیشە کراوەیە و هیچ کات داناخرێت، کتێبی گەورەی جیهان، کتێبێکی دیکە کە هەزار جار مەترسیدارترە و پێکهاتووە لە چەپەی پیاوان لەگەڵ یەکتر و ورتەورتی ژنان لە میوانییەکانی شەوانەدا.

ـ هێنری وا مەزەندە دەکەم لە زەینی تۆدا هەندێ شتی سەرسوورهێنەر هەیە و بە سەرنجدان بەو شاردنەوەی نهێنی گومانێک لەم مەزەندەکردنەدا نییە.

ـ بەڵێ... سەیر بکە... دەبێ من هەتا شەو چاوەڕوان بم. وەرە بڕۆین بۆ کافێ و قومار بکەین، ڕەنگە چانسێکی باش لە دەست بدەم.

دومارسە هەستا و بڕێک پارەی هەڵگرت و جلوبەرگی لەبەرکرد و بە داشقەی پائول بۆ کافێ ڕۆیشت و هەتا کاتی نانی شەو بە باشی قوماری کرد، هەندێ کات دەیبردەوە و هەندێ کات دەیدۆڕاند و کاتێک ناچار بوون کاتیان بە بێکاری تێپەڕێنن، ئەمە دوایین نمایشی دەسەڵاتداریەتی ئەوان بوو. شەو کە هات بەرەو شوێنی دیاریکراو ڕۆیشت و بۆ بەستنی چاوەکانی هیچ خۆڕاگری نەکرد. بەڵام ئەم جارە هەموو توانای زەینی و زیرەکی خۆی بەکار هێنا، بۆ ئەوەی ڕەنگە بتوانێت ڕێڕەوی داشقەکە بزانێت. تا ڕادەیەک دڵنیا بوو کە بۆ شەقامی سێن لازار ڕۆشتن و دوایی لەبەردەم دەرگای ڕۆیشتنە ژوورەی باخی بینای سێن ریال ڕاوەستان. وەکو جاری یەکەم لە دەرگا ڕۆیشتنە ژوورەوە و لەسەر سیسەمیان دانا، کە بێگومان لەسەر شانی دووڕەگە و داشقەچی بوو، بە بیستنی دەنگی لمی ژێر پێی ئەوان تێگەیشت کە بۆ چی ئەوەندە بە وریاییەوە کار دەکەن. ئەگەر ئازادانە ئەویان بۆ ئێرە دەهێنا و لێرە ڕێگا دەڕۆیشت، بە کردنەوەی لقێکی دار

مێو و یا بینینی خۆڵێک کە لکابوو بە پوتەکەیەوە دەکرا بزانن بۆ کوێ ڕۆیشتبوو، بەڵام ئێستا لەسەر شانی ئەوانیتر ڕۆشتبووە نێو بینایەکەوە کە دەستی خەڵکی پێ ڕانەدەگەیشت و ئەوەندە چانسی هەبوو کە هەموو شتێک بە باشی جێبەجێ دەکرا، بەڵام بێ ئومیدی هەموو کارەکانی مرۆڤ چ خێر و چ شەڕ تێک دەدات.

هەر کارێکی مادی و مەعنەوی کە مرۆڤ بیکات، لە ئەنجامدا لە شوێنێک مۆری هەڵەی لێدەدرێت. نم نمی باران زەویەکەی کەمێک تەڕ کردبوو. شەو عەتر و بۆنی ژمارەیەک لە ڕووەکەکان زۆر توندتر لە ڕۆژ بەر لووت دەکەوێت، بۆیە لەو ڕێگایەی کە هێنرییان بۆ نێو بیناکە دەبرد، ئەو توانی بۆنی گوڵی مێخەک زیاد بکاتە سەر ڕێڕەوەکەی. ئەمە نیشانەیەکی تەواو بوو بۆ ئەو بەڵێنەی کە بە خۆی دابوو کە ڕێڕەوی ژوانگەی پاکیتا ببینێتەوە. هەروەها بە وردی پێچاوپێچی ڕێگای لەبەرکرد و خۆی دڵنیا کردەوە کە دەتوانێت ڕێگاکەی بیر بێتەوە.

وەکو شەوی پێشوو خۆی لە بەردەم پاکیتادا بینەوە، کە هەوڵی دەدا دەستماڵێک کە چاوی ئەویان پێ بەستبوو بکاتەوە، بەڵام هەستی کرد کەمێک سیساوە، دیار بوو گریاوە. پاکیتا وەکو فریشتیەکی غەمبار و دڵشکاو بوو کە لەبەرامبەر خواوەندی چۆکی داداوە و لە حاڵی پەرستن دایە و هیچ نیشانەیەک لە وزە و هەژانی ئەو پەرییە پڕ هەست و گەرموگوڕییە نەبوو کە هێنری لەسەر باڵی عەشقی هەتا ئاسمانی حەوتەم بردبوو. لەم بێهیوابوونەدا

کە بە شەهوەت داپووشرابوو، شتێکی ڕاستەقینە بوونی هەبوو کە ئەو دومارسە تۆقێنەرەی لە بارەی ئەم شاکارە بێوێنەی سروشت تووشی سەرسووڕمان کرد و بۆ ساتێک لە بیری کرد کە بۆچی ئەمشەو بۆ ئەم بینایە هاتووە و چ بەڵێنێکی بەخۆی دابوو. وتی:

- پاکیتا چی ڕوویداوە؟

- خۆشەویستم ئەمشەو من لەگەڵ خۆت بەرە، بۆ شوێنێک. کە هیچ کەسێک من نەناسێت و ئادەمیزاد نەبینم و هەمووان ئاوات بە کچی چاوئاڵتوونی قژدرێژ نەخوازن، لەوێدا خۆم تەسلیمی تۆ دەکەم بە بێ هیچ ترس و نیگەرانییەک چێژ وەربگرم. هەر کاتێک لە من ماندوو بوویت دەتوانی من بە جێ بهێڵیت و بەڵێن دەدەم هیچ سکاڵایەکم نەبێت، لەبەر ئەوەی نامەوێت بە ناڵە و شیوەن ئازارت بدەم و پێم باشە هەمیشە لەگەڵ بیرەوەرییە باشەکان منت بیر بێتەوە، سوێند دەخۆم ڕۆژێک ژیان لەگەڵ تۆ بە ڕادەی سەرتاسەری تەمەنم بۆ من ئازیزە. بەڵام گومانت لەوە نەبێت ئەگەر تۆ من لەم بینایەدا بە تەنها بەجێ بهێڵیت لەنێودەچم.

- ئازیزم من ناتوانم پاریس بەجێ بهێڵم، من هی خۆم نیم، بە هۆی بەڵێنێک کە بە خەڵکی ئەم سەرزەمینەم داوە ناتوانم ئێرە بەجێ بهێڵم، ئێمە وەکو پەیکەرێک بەیەکتر بەستراوینەوە. بەڵام دەتوانم لە پاریس پەناگایەکت بۆ ببینمەوە و هیچ کەسێک نەتوانێت تۆ ببینێتەوە.

- نەخێر، بەڕای من تۆ لە بیرت کردووە ژن چ توانایەکی هەیە!!!

ڕستەیەک کە باشتر لە هەر شتێک تۆقین و ترسی وێنا کرد.

هێنری وتی:

- من دەبمە قەڵغانت، کەواتە دڵنیابە هیچ کەسێک ناتوانێت موزاحمت بێت.

- "دونا کۆنچا" گومانی لە پەیوەندی نهێنی ئێمە کردووە و...

بوغز قورگیگرت و فرمێسک دلۆپ دلۆپ بەسەر گۆنایدا هاتە خوارەوە. وتیشی:

- هەر ئەوەندە بەسە کە من لە ڕۆژەکانی داهاتوودا نەبم. ئەگەر من لەگەڵ تووڕەیی ئەم شەیتانەدا بە تەنها جێ بهێڵیت کە دەیەوێت بمکوژێت، دیسان ئازیزی گیانی من دەبی. ئێستا وەرە چێژ لەم ساتانە وەربگرین. ڕەنگە بتوانم بە گریان و پاڕانەوە و بەرگری کردن لە خۆم، گیانم ڕزگار بکەم.

- دەتەوێت لە کێ بپاڕێیتەوە؟

- ئیدی مەپرسە!... ڕەنگە بتوانم بە دانایی بەزەیی و دەرفەتێک بۆ خۆم وەربگرم.

هێنری بە ئەدەبەوە وتی:

- زۆرباشە، جلوبەرگەکەمم پێ بدە.

پاکیتا بە حاڵەتێک کە هەستت دەکرد ترساوە بە پەلە وتی:

- نا! نا!... خۆت بە... تۆ یەکێک لەو مەلائیکەتانەی کە فێریان کردم لەوان بێزار بم و لە لای من دێوێکی تۆقێنەریان لەوان دروست کرد.

دەستی هێنا بە قژی هێنریدا و وتی:

- دەزانی من چەندە دەبەنگ و نەزانم! من هیچ نازانم، نە خوێندنەوە و نە نووسین، تەنها فێر بووم بە ئینگلیزی و ئیسپانی قسە بکەم. لەو کاتەوە تەمەنم دوانزە ساڵ بوو دونیای منیان سنووردار کرد.

- زۆرباشە کەوایە چیرۆکی ئەو نامانەی کە لە لەندەنەوە بۆت دێت چییە؟

- نامەکانی من؟...

لەکاتێکدا کە لە ئینجانەیەکی ژاپونی بەستەیەک کاغەزی دەرهێنا وتی:

- وەرە سەیری بکە، هەموویان لێرەن.

ژمارەیەک نامەی دایە هێنری و ئەویش بە سەرسوورمانەوە سەیری دەکردن، نامەکان شێوازێکی سەرسوورهێنەر و نامۆیان هەبوو، هەستت دەکرد باسی مەتەڵێک دەکەن کە بە خوێن دیزان کرابوون و دەربڕی دەستەواژەگەلێکی پڕ لە عەشق و خۆشەویستی بوون. هێنری لەکاتێکدا کە بە سەرسوورمانەوە سەیری نامەکانی دەکرد کە دیار بوو بە ئیرەییەکی موحافیزکارانە دیزان کرابوون، قیڕاندی:

- وای خوایە... تۆ دیلی شەیتانێک بووی؟

- شەیتانی دێوئاسا.

- باشە چۆن دەتتوانی لە ماڵ بێیتەدەر؟

- ئاخ... هەر ئەمە ماڵی منی کاول کرد. هەڕەشەم لە "دوناکۆنچا" کرد لە نێوان مردن و ژیان یەکێکیان هەڵبژێرێت، کەوایە مۆڵەتی دا لە ماڵ بێمەدەر. هەستێکی کۆنجکۆڵی سەرسووڕهێنەرم هەبوو، پێم خۆش بوو دیوارە ئاسنینەکان کە لە نێوان من و دەوروبەرەکانمدا هەیە بروخێنم لەبەر ئەوەی جیا لە مارکی و کریستیمۆ کەسێکی دیکەم نەدەناسی. داشقەچی و خزمەتکارگەلێک کە لەگەڵ من دەهاتن هەموویان پیر بوون، بەڵام من دەمویست پیاوە گەنجەکان ببینم.

- بەڵام هەمیشە پابەندبوونی تەندروستی ئێوە دەخاتە مەترسییەوە...

- ئاخ.... زۆربەی کات شەوان پیاسەم دەکرد، بەڵام لە دەوروبەری شار و لە کەناری ڕووباری سێن.

- بەڕای تۆ جێگای شانازیی نییە کە ئەوەندە بۆ ئەوان بایەخت هەیە؟

- نەخێر! ڕەنگە ماوەیەکی کورت چێژی هەبێت، بەڵام خێرا ماندوو دەبی و هەست بە خنکان دەکەی و لە ڕوانگەتەوە ئەم ژیانە شاراوەیە بەبەراورد لەگەڵ نور، تاریکی ڕەهایە.

- مەبەستت لە نور چییە؟

- تۆ "ئادۆلفی" ئازیزی من! تۆ هەمان ئەو کەسەی کە گیانت خستەوەبەر من. هەموو ئەو کێشە سۆزداریانەی کە بیستم و وێنای دەکەم تەنها بە ئامادەبوونی تۆ زیندوو دەبنەوە. چەندین ساڵ هیچ

شتێکم لەبارەی ژیان و هەبوون نەدەزانی، بەڵام ئێستا بە هەموو بوونم خۆشەویستیم ئەزموون کرد و هەستم پێکرد. پێشتر کەسانێکی زۆر بە ناوی خۆشەویستی هاتنە نێو ژیانی منەوە، بەڵام هیچ کات من عاشقی کەسێک نەبووم. بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆدا بم من هەموو شتێک پشت گوێ دەخەم، سامان، ترس، یاسا و.... من لێرە دوور بخەوە. من وەکو کەلوپەلی کەسی خۆت کە خاوەنیانی هەمیشە لەگەڵ خۆت و لە نزیکی خۆت ڕابگرە و هەر کاتێک بێزار بووی من بەلاوە بنێ.

- دڵنیای پەژیوان نابیتەوە؟

هێنری چاوی بڕییە ئەو، بۆ ئەوەی لە پاکی نیەتی چاوە ئاڵتوونییەکانی ئەو بەڕوونی ببینێت و وتی:

- هیچ کات.

هێنری لەبەر خۆیەوە وتی:

- باوەڕ ناکەم ئەوەندە منی بووێت.

لەبەر ئەوەی هێنری گومانی لە هەقیقەتی قسەکانی هەبوو، بەڵام دەیویست دڵشکانێک و سووکایەتییەک کە ڕوویدابوو بە هۆی خۆشەویستی دەگمەنی لێی خۆش بێت. هەرچەندە پاکیتا لە بەرامبەر ڕابردووی ئەو بەرپرسیار نەبوو، بەڵام بچوکترین بیرەوەری لەڕوانگەی خۆیەوە وەکو تاوانێک بوو. بۆیە هێنری تەنانەت ئەو کاتەی غەرقی چێژ بوو، بیری لە پاکیتا دەکردەوە و ئەوی هەڵدەسەنگاند و هەندێ کات دڵی دەگیرا. بۆ هێنری ئەم کچە هەر ئەو بوونەوەرە بوو کە سروشت، هەموو توانا و داهێنانی خۆی

بەکارهێنا بۆ ئەوەی بئافرێنێت و خۆشەویستی پیشانی دونیا بدات. بە شەوێک بەهرەی ژنانی بوونی بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر پێشکەوت. بەپێچەوانەی نەبوونی هۆگری پیاوی گەنج بۆ شەهوەت و تێربوونی چێژی شەوی پێشوو، لە بوونی کچی چاو ئاڵتوونیدا ڕاکێشانێک هەبوو کە مەعشوقێک بۆ عاشقی دروستی دەکات و هیچ کات ناتوانێت ئەو ڕەت بکاتەوە. ژنێک کە پیاوێکی خۆش دەوێت ژینگەیەکی وەهای بۆ دەستەبەردەکات کە ئەو ناتوانێت دەست بە سنگیەوە بنێت.

پاکیتا هێمای ئەو خۆشەویستییە بێکۆتاییە بوو کە هەر پیاوێک ئاواتی پێ دەخوازێت، ئەو خۆشەویستییە پڕ لە ڕەمز و نهێنی دراماتیک کە لە فاوستدا باسکراوە، زۆر شاعیرانە لە مانفرێد ڕاڤە کراوە، هەمان ئەو شتەی کە دان ژوان پێداگیری دەکرد بەوە ڕاڤەی دڵی ژنان دەکات و ئەو خۆشەویستییە بێکۆتاییە کە ڕاوچییەکانی ڕۆح بە دویـەوەن و زانایان لە زانست و عارفەکان لە خـودادا بە دووی ئەوەوەن. هیوا بە بوونی خۆشەویستییەکی ئایدیال کە هەموو شەڕەکان بە بێ ماندووبوون بەردەوام بێت و بە هێزی خۆشەویستی ئەو سەرکەوتنی لێ بکەوێتەوە، بووە هۆی ئەوەی دومارسە بۆ یەکەمین جار دوای ماوەیەک دڵی بە ڕووی ژنێکدا بکرێتەوە. هێزی زۆر بوو، دیسان گیانی کەوتەوە بەر، ساردبوونی ڕۆح و دڵی لە ژینگەیەکی پڕ لە گەرمی و سووتێنەری ئەو ڕۆحە ئاگراوییە بزر بوو، باوەڕە دۆگمەکانی لەبەرچاوان بوون بوو، خۆشحاڵی سەرتاپای

٥

دەروونی داگرت و ڕۆح و دڵی ئەو هاوڕەنگی خەڵوەتگای سوور و سپی پاکیتا بوو. ئەزموونی پلەیەکی سەرتر لە چێژ، ئەوی گەیاندە شوێنێک کە هەتا پێشتر خۆشەویستی لەودا بەند کردبوو.

نەیدەویست بەو خۆشەویستییە دەستکردە کە لە پێویستییە ڕۆحییەکانی بیچمی گرتبوو لە بەرامبەر ئەو کچەدا شکست بێنێت و بەو لووتبەرزییە پیاوانەی کە دەبوو لە سەرتاسەری شەڕەکاندا سەرکەوتوو بێت، زانی بەڕادەی پێویست توانای هەیە بتوانێت کچێک ماڵی بکات، بەڵام ئەوەندە غەرقی چێژ بوو کە خۆی بزر کرد و بەپێی وتەی خەڵکی ڕەشۆکی ڕۆیشتە نێو دونیای خەیاڵەوە. دلۆڤانی و هەستیاربوونی هێنری بووە هۆی ئەوەی پاکیتا هەتا سنووری شێتی بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە. هێنری بە دەنگێک کە دزەی کردبووە نێو گیانی پاکیتاوە، وتی:

- بۆچی بۆ سۆرنتۆ ، نیس ، یا کیاواری نەڕۆین و باقی ژیانمان لەوێدا نەبین؟ تۆ پێت چۆنە؟

پاکیتا قیڕاندی:

- پێویست ناکات پرسیار لەمن بکەی؟ ئایا پێت خۆشە یا نا؟ من شتێک جگە لە تۆم ناوێت. من تەنها بۆ ئەوە بوونم هەیە کەلوپەلی چێژی تۆ دابین بکەم. ئەگەر دەتەوێت گۆشەیەک بۆ خۆشەویستیمان هەڵبژێری، ئاسیا تەنها سەرزەمینێکە کە خۆشەویستی دەتوانێت ئازادانە بفڕێت.

- ڕاست دەڵێیت. وەرە پێکەوە بۆ هیند بڕۆین، سەرزەمینێک کە

بەهاری ئەو ئەزەلییە و لە زەوینی تەنها گوڵ دەپشکوێت، شوێنێک کەمرۆڤ دەتوانێت بە گەورەیی پادشایەک بژی و هیچ کەسێک دەست لە ژیانی وەرنادات. بۆ وڵاتێک بڕۆین کە هەست بکەی لەنێو نەتەوەی کۆیلەکاندا دەژی، هەمیشە کەشی لەبارە، پەلەوەرەکانی دەچریکێنن و دوای ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستی دەمری....

- هەر ئەو شوێنەی کە عاشق و مەعشوق پێکەوە دەمرن، بەڵام نابێت دوا بکەوین، دەبێ هەر ئێستا بڕۆین... کریستیمۆش لەگەڵ خۆمان بەرین؟

- سوێند دەخۆم ڕابواردن جوانترین چێژی ژیان و ڕازێنەرەوەی ئەوە. وەرە بۆ ئاسیا بڕۆین، بەڵام ئازیزم بۆ تێپەڕکردنی ژیان پێویستمان بە بڕێکی زۆر زێڕە.

پاکیتا لە قسەکەی هێنری تێنەگەیشت، تەنها وتی:

- زێڕ؟ چەندەت بووێت لێرە هەیە.

- ئەمانە هی من نین.

- چ کێشەیەک هەیە!؟ ئەگەر ئێمە پێویستمان پێیەتی هەڵیاندەگرین.

- ئەمانە هی تۆ نییە؟

-بەهەمان شێوە کە تۆ منت ویست و بوومە هی تۆ، ئەگەر ئێمە بمانەوێت زێڕەکانیش هی ئێمە دەبێت.

هێنری پێکەنی و وتی:

- منداڵی بێگوناح! تۆ ئاگات لە دونیا نییە.

پاکیتا بە توندی باوشی بە هێنریدا کرد و قیڕاندی:

- نا، بەڵام تەنها شتێک کە دەزانم ئەمەیە.

کاتێک هێنری هەموو شتێکی لەبیر دەکرد و مەستی گەیشتن بە خۆشەویستی و بەدەستهێنانی ئەو بۆ هەمیشە بوو، لە ناکاو لەنێو ئەو سەرخۆشییەدا شتێک ڕوویدا کە وەک خەنجەر دڵی هێنری هەڵدڕی، کاتێک پاکیتا غەرقی چێژ بوو و بەڕای من بیری لە هێنری دەکردەوە قیڕاندی:

- ئاخ! مارگاریتا!

هێنری بە نەعەرەتەیەکی شێرانە قیڕاندی:

- مارگاریتا!! لەدواییدا هەموو ئەو شتەی کە نەمدەویست باوەڕ بکەم، بۆم ڕوون بووەوە.

هێنری بەرەو قەفەسێک کە خەنجەرێکی درێژی تێدا بوو ڕۆیشت، بەڵام بەهۆی چانسی باشی خۆی و پاکیتا دەرگای قەفەسەکە بەسترابوو. لەو کاتەدا زۆرتر تووڕە بوو، بەڵام ئارامی خۆی پاراست، ڕۆیشت و بۆینباخی خۆی هەڵگرت و بە قیافەیەکی وەها وەحشیانە بەرەو پاکیتا ڕۆیشت کە ئەو کچە چارەڕەشە هەرچەندە نەیدەزانی تاوانی چییە، بەڵام گومانی لەمردنی خۆی نەبوو، تەنها کارێک کە دەیتوانی بیکات بۆ گۆشەیەکی دیکە ژوورەکە ڕایکرد، بۆ ئەوەی لە گرێیەکی تۆقێنەر کە هێنری دەیویست بیخاتە ملی، ڕزگاری ببێت و گیانی ڕزگار بکات. شەڕێک لە نێوانیان دروست بوو، شەڕێک کە هەر دوو لایەنی ئەو لە بواری هێز و چالاکبوونەوە یەکسان بوون.

پاکیتا بۆ کۆتایی هێنان بە دەرگیری سەرینێکی گرتە هێنری و بووە هۆی ئەوەی بکەوێتە سەر زەوی و کەڵکی لەو دەرفەتە وەرگرت و کلیلی مەترسی لێدا. بەخێرایی دووڕەگە ئامادە بوو و دوایی کریستیمۆ هات و هێنری دا بە ئەرزدا و پێیەکی لەسەر سنگی دانا و ئەویتری نایە سەر قورگی. هێنری لە دۆخەکە تێگەیشت و زانی ئەگەر لەگەڵ کریستیمۆ دەرگیری بێت هۆشدارێکی دیکەی پاکیتا تەواوە بۆ ئەوەی لە نێوی بەرێت. پاکیتا وتی:

- خۆشەویستم بۆ ویستت بمکوژی؟

هێنری وەڵامی نەدایەوە. پاکیتا دیسان پرسییەوە:

- کام قسەم تۆی تووڕە کرد. لێت دەپاڕێمەوە قسە بکە بۆ ئەوەی دڵنیا بم هەڵە بیر ناکەمەوە.

هێنری زۆر لەسەرخۆ و بە ڕەفتارێکی خاکەڕایانەی وەکو پیاوێکی بەهێز کە شکستی خۆی قبوڵ کردبوو و بەتەواوی هاوشێوەی بەریتانیاییەکان بوو، لەسەرخۆبوون و بێدەنگی ئەو بەو حاڵەتە تەسلیم بوونی کاتی دەربڕی، ئەم هەقیقەتە بوو کەخۆی لەپێگەی تێگەیشتووە. جیا لەوە بە پێچەوانەوەی ئەو تووڕە بوونە کە سەرتاسەری دەروونی داگرتبوو، لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە دەبێ کاتێک ئەم کچە بکوژم کە دڵنیابم سزایەک لە ئارادا نییە و بە پێچەوانەی ئەو کارێکی دەبەنگانەیە. پاکیتا وتیشی:

-خۆشەویستم قسەم لەگەڵ بکە. بەبێ خواحافیزییەکی عاشقانە

بەجێم مەهێڵە. نامەوێت ئەو ترسەی لە دەروونم دروستت کرد بوونی هەبێت. ناتەوێت شتێک بڵێیت؟

بە تووڕەیی پێی دەدا بە ئەرزدا و دەیقیڕاند:

ـ قسە بکە.

هێنری لە وەڵامی هەموو قسەکاندا سەیرێکی ئەوی کرد کە بە ڕوونی ئەوەی دەردەبڕی:

ـ دەبێ تۆ بمری.

ئەوە بووە هۆی ئەوەی پاکیتا خۆی بدات بەسەر ئەودا و بقیڕێنێت:

ـ زۆرباشە! دەتەوێت من بکوژی؟ ئەگەر مەرگی من چێژ بە تۆ دەبەخشێت خێرا بە و هەستە و بمکوژە.

دوایی پاکیتا ئاماژەی بە کریستیمۆ کرد کە پێی لە سەر لەشی پیاوی گەنج هەڵگرێت و کریستیمۆ بەبێ ئەوەی کە بتوانین شتێک لە دەموچاوی تێبگەین چۆن لەبارەی پاکیتا بیر دەکاتەوە و تەنها بەهۆی ڕێز گرتن لەو خۆی کشاندەوە. هێنری بە حاڵەتێکی حوزنەوە ئاماژەی بە دووڕەگە کرد و وتی:

ـ ئەو پیاوێکی ڕاستەقینەیە. خێرا بۆ بەرگری کردن لە تۆ گەیشت. ئەو برادەرێکی ڕاستەقینەیە.

ـ ئەگەر پێت باشە پێشکەشی تۆی دەکەم. ئەو بە هەمان لە خۆبردوویییەوە ئاگای لە تۆ دەبێت، هەڵبەتە ئەگەر من داوای لێ بکەم.

چاوەڕوانی وەڵامی هێنری بوو، بێدەنگ بوو و دوایی بە شێوازێکی پڕ لە دلۆڤانی وتی:

ـ ئادۆڵف لێت دەپاڕێمەوە قسە بکە... ئەوەندەی نەماوە بۆ سپێدە.

هێنری وەڵامی نەدایەوە. پیاوی گەنج حاڵەتێکی غەمگینی هەبوو، لەبەر ئەوەی خەڵک هەر شتێک کە هاوشێوەی هێزی بێت بە گەورەی دەزانن. هێنری مانای لێبوردن و لێخۆشبوونی نەدەزانی. وەحشیگەری خەڵکی باکوور کە خوێنی بەریتانییەکان زۆر بەو ڕەنگ کراوە لە باوکی بە میرات بردبوو، چ لە خێر و چ لە شەڕدا تەسلیم نەدەبوو، هەتا کۆتایی کاری خۆی جێبەجێ دەکرد. بەڵام هاواری پاکیتا ئەو کاتەی کە خۆشەویستی بانگ کرد بۆ ئەو هەژێنەر بوو، بووە هۆی ئەوەی خۆی لە شیرینترین فەتحی دوور بگرێت، فەتحێک کە لووتبەرزی ئەوی دەڕوشاند.

خۆشەویستی، هیوا و هەر هەستێکی شیرینی لە دڵ و رۆح و مێشکی زیندوو ببووەوە، بەڵام هەموو ئەو مەشخەڵانەی کە ژیانی ئەویان ڕووناک کردبووەوە، بە بایەکی سارد کوژایەوە. پاکیتا غەرقی سەرسووڕمان و خەم ببوو، تەنها ئەوەندەی لە توانادا بوو کە ئاماژە بە چوونەدەرەوە هێنری بدات. لە کاتێکدا دەستماڵێک کە چاوی هێنرییان پێ بەستبوو فڕێی دا وتی:

ـ تێکڕای ئەم تاج و تەخت و ناز و نیعمەتە بە بێ ئەو بایەخێکی نییە، ئەگەر ئەو عاشقی من نەبێت، ئەگەر ئەو رقی لێم بێت هەموو

شتێک بۆ من کۆتایی هاتووە.

ئەو چاوەڕوانی نیگا یا سەرنجێک بوو، بەڵام چاوەڕوانییەکەی بێسوود بوو، نیوەگیان کەوت. دووڕەگە بە شێوەیەکی وەها مانادار سەیری هێنری کرد کە پیاوی گەنج بۆ یەکەمین جار لە ژیانی لەرز دایگرت. ئەو کات نیگای کورتی دووڕەگە بە دەنگێکی پاراوە دەیقیڕاند:

- سوێند دەخۆم ئەگەر عاشقی ئەو نەبی، ئەگەر ئازاری بدەی تۆ دەکوژم.

دووڕەگە هێنری لە ڕاڕەوێکی کەم نور بە چاودێری کردنی ماستاوچیانە هاوڕێیەتی کرد، کە لە کۆتایی ئەودا دەرگایەک بوونی هەبوو، بەرەو باخی سێن ریال دەکرایەوە. دووڕەگە داوای لێکرد بە وریاییەوە لە ڕاڕەوێک کە پڕ لە داری لیمۆ بوو هەنگاو بنێت و لەوێوە گەیشتنە نێو دەروازەیەکی بچوک کە بەرەو شەقامێکی ئارام و چۆڵ دەکرایەوە. هێنری زیرەکانە سەیری هەموو شتێکی کرد. داشقەکە چاوەڕوانی ئەو بوو. ئەم جارە دووڕەگە لەگەڵ ئەو نەهات و کاتێک هێنری سەری لە پەنجەری داشقەوە بردە دەرەوە بۆ ئەوەی سەیرێکی باخی بیناکە بکات، چاوی کەوتە نێو نیگای ساردی کریستیمۆ و ساتێک چاویان خستە نێو چاوی یەکتر. لەنیگای هەر دووکیاندا ئاژاوەیەک، بانگهێشت کردن بۆ ململانێ، ڕاگەیاندنی شەڕێکی وەحشیانە، شەڕێک کە لەودا یاسا مانای نییە و هەر جۆرە خیانەت و فێڵ کردنێک ئاساییە، دەخوێندرایەوە.

کریستیمۆ دەیزانی هێنری سوێندی خواردووە پاکیتا بکوژێت. هێنری دەیزانی کریستیمۆ دەیەوێت پێش ئەوەی ئەو پاکیتا بکوژێت خوێنی بڕیژێت. هەر دوویان بەباشی لە مانای نیگای یەکتر تێدەگەیشتن. هێنری وتی:

- ڕووداوەکە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئاڵۆز دەبێت.

داشقەچی وتی:

- جێنتڵمەن بۆ کوێ دەڕۆن؟

هێنری ناونیشانی ماڵی پائولی بەودا، نزیکەی هەفتەیەک هێنری لە ماڵەکەی دوور بوو، هیچ کەسێک نەیتوانی بزانێت ئەو لە کوێیە و چی دەکات. ئەو سوچەی گۆشەنشینی هێنری لە ئاگری تووڕەیی دووڕەگە دەپاراست، بەڵام دەبووە هۆی ئەوەی کە بوونەوەری دڵڕفێن، کچی چاو ئاڵتوونی، دڵۆپ دڵۆپ بتوێتەوە، کچێک کە بە شێوەیەکی وەها عاشقی هێنری بوو کە هەتا ئێستا هیچ کەسێک خۆشەویستییەکی وەهای نەبینیبوو. دوایین ڕۆژی هەفتە نزیکەی کاتژمێر یانزەی شەو هێنری لەگەڵ چوار کەس بۆ بینای سێن ریاڵ ڕۆیشت.

ڕوون و ئاشکرا بوو کە داشقەچی یەکێک لە برادەرانی بوو، لەبەر ئەوەی زۆر زیرەکانە لە شوێنی خۆی هەستا و ئاگاداری هەموو دەوروبەری بوو، گوێی تیژ کردبووەوە کە بچوکترین دەنگیش ببیستێت. یەکێک لەو سێ کەسەی دەرەوە لە شەقام ڕاوەستا، دووەمیان لە باخ چاوەڕوان بوو، پاڵی بە دیوار دایەوە

و لە دواییدا دوایین کەس کە دەستە کلیلی هەبوو، لەگەڵ هێنری ڕۆیشت. ئەو بە هێنری وت:

- هێنری خیانەتیان لە ئێمە کردووە.

- فراگۆسی ئازیز چ کەسێک خیانەتی لە ئێمە کردووە؟

سەرۆکی مرۆڤخۆرەکان وەڵامی دایەوە:

- هێشتا هەمووان نەخەوتوون، بێگومان کەسێک لەم ماڵە دایە کە نە شتێکی خواردووە و نە شتێکی خواردۆتەوە... سەیر بکە! ئەو چرایە ببینە!

هێنری وتی:

- ئێمە نەخشەیەکی ماڵەکەمان هەیە، دەتوانین بزانین ئەو ڕووناکییە لە کوێوە دێت؟

فراگۆس وتی:

- من پێویستم بە نەخشە نییە، ئەو ڕووناکییە لە ژووری مارکییەوە دێتەدەر.

دومارسە قیڕاندی:

- ئاخ! بێگومان ئەمڕۆ ئەو لە لەندەنەوە گەیشتووە. ژنێک کە لە تۆڵەکردنەوە کەوتۆتە پێش منەوە. گراتینی ئازیز سوێند دەخۆم ئەگەر ئەو کەوتبێتە پێش منەوە، ئێمە ئەو تەسلیمی یاسا دەکەین.

فراگوس بە هێنری وت:

- گوێ بگرە، گوێ بگرە... کارەکە تەواو بووە.

دوو هاوڕێ بە وردی گوێیان ڕاگرت و ناڵەیەکیان بیست

کە تەنانەت دڵی بەوری دەخستە لەرزە. سەرۆک بە حاڵەتێک کە شارەزایەک ئاگاداری کەموکوڕییەک لە بەرهەمێکی هونەری دەبوو، پێکەنی و وتی:

- ماركی بیری لەوە نەدەکردەوە دەنگەکان لە دووکەڵکێش بێنەدەر، شیاوی بیستن بن.

هێنری وتی:

- چاوەڕوانی من بن، دەڕۆم بزانم لە نهۆمی سەرەوە چ شتێک ڕوودەدات. دەمەوێت بزانم شەڕی خێزانی ئەوان لە چ قۆناغێکدایە. سوێند بە خوا دڵنیام ئەویان خستە نێو ئاگرەوە.

هێنری کە ئەوێی بۆ ئاشنا بوو بە ئارامی لە پلیکانەکان ڕۆیشتە سەرەوە و ڕاڕەوێک کە دەگەیشتە شوێنی خەڵوەتگا ناسیەوە. کاتێک دەرگای کردەوەبە بێ ئەوەی بیەوێت لەرزی، بینینی خوێن و ڕشاندنەوەی خوێن تەنانەت دڵی شێلگیرترین مرۆڤەکان دەخاتە لەرزە. دیمەنێک کە بینینی بەڵگەی زۆری بۆ سەرسووڕمان هەبوو. مارکی ژن بوو، تۆڵەی خۆی بەو پەڕی خیانەت و فێڵ و تەڵەکە کە لەلای ئاژەڵە لاوازەکان دەبیندرێت، گرتبوو. ئەو تووڕەبوونی خۆی شاردەوە هەتا پێش ئەوەی کچەکە تەمبێ بکات لە تاوانەکەی دڵنیا بێت. چاوە بێسوودەکانی پاکیتا کە دەست و پەنجەیان لەگەڵ مەرگ نەرم دەکرد هێنرییان بینی و وتی:

- دەرمانی چارەسەری، بەڵام دوای مردن هاتی خۆشەویستی من.

کچی چاو ئاڵتوونی خەڵتانی خوێن ببوو، لە گیان کێشاندا بوو. مۆمەکان وەکو هەمیشە پێکرابوون. هەست بە بۆنی عەترێکی خۆش دەکرا. هەر مرۆڤێک کە کەمێک ئاشنایی لەگەڵ جیهانی خۆشەویستیدا هەبێ بە بینینی ئەو دیمەنانە تێدەگەیشت کە تەنها هێزی خۆشەویستی دەتوانێت کارێکی وای لێبکەوێتەوە. ئاشکرا بوو کە "مارکی" بە زیرەکی لێپرسینەوەی لە تاوانبار کردبوو. ژووری سپی بەڕوونی خوێنی تێدا دەبیندرا، دەربڕی ئەوە بوو کە دەرگیرییەکی دوورودرێـژ ڕوویـداوە. شوێن دەستی پاکیتا لەسەر سەرینەکان بوو. ئەو لێرەدا بەرگری لەخۆی کرد، باوشی بە ژیانیدا کردبوو و چاودێری ئەوی دەکرد. بەشگەلێک لە پەردە کە بەدەستی خوێناوی ئەو ڕاکێشرابوونە خـوارەوە، دەربـڕی دەرگیرییەکی سەخت و دوورودرێژ بوو. دەکرا تێبگەی کە پاکیتا هەوڵی دابوو خۆی بگەیێنێتە پەنجەرە، شوێنی پێی ڕووتی لەسەر لێواری سیسەمەکە بەو مانایە بوو کە هەوڵی دابوو هەڵبێت.

جەستەی بە خەنجەری جەللاد بریندار ببوو، هەموو ئەمانە دەربڕی ئەوە بوو بۆ ژیانێک کە بەهاتنی هێنری بۆ ئەو ئازیزتر بوو بە دڵ و گیان شەڕی کردبوو. جەستەی بێگیانی لەسەر زەوی بوو، لە دوایین ساتەکانی گیان کێشاندا بوو، پوزی پێی "مادام دو سان ریال" کە هێشتا خەنجەری بە دەستەوە بوو، خوێنی لێ دەچۆڕا، گازی لێگرتبوو. قژی مارکی ڕاکێشرابوو، جەستەی پڕ لە شوێنی گازگرتن و شوێنی ددان بوو، لەهەندێ شوێن خوێنی

لێهاتبوو. جلی دڕاوی جەستەی نیوە ڕووت کردبوو، لەسەر سنگی شوێنەواری برین هەبوو، حاڵەتێکی زۆر عیرفانی هەبوو. بە حەزەوە و شێتانە بۆنی خوێنی دەکرد و هەڵیدەمژی. کونە لوتەکانی بۆ هەناسە کێشان تەواو نەبوون و زاری کردبووەوە.

ژمارەیەک لە ئاژەڵەکان بەو پەڕی تووڕەیی دەکەونە گیانی دوژمنیان و ئەو دەکوژن و بە ئارامییەک کە بە بۆنەی سەرکەوتن هەستی پێدەکەن، هەموو شتێک لەبیر دەکەن، ژمارەیەکی دیکە بە دەوری قوربانیدا پیاسە دەکەن و لە ترسی ئەوەی نەکا کەسێک لە دەستیانی دەر بێنێت، چاودێری ئەو دەکەن، دروست وەکو ئاشیلی پاڵەوانی هۆمێر، لە کاتێکدا کە پێی دوژمنیان گرتووە، نۆ جار بە دەوری تێروادا دەسووڕێنەوە. مارکی وەکو ئەوان بوو، هێنری نەبینی. سەرەتا دڵنیا بوو تەنهایە و ترسێکی لەوە نەبوو کەسێک ئەوی بینێبێت، بەڵام دوایی بە بۆنکردنی خوێن بە شێوەیەکی وەها مەست ببوو و حاڵەتێک لە نێوان خۆشحاڵی و ترس ئەوی هەژاندبوو، ئەوەندە بێخود ببوو کە ئەگەر هەموو خەڵکی پاریس لە دەوری کۆدەبوونەوە ئاگای لەوان نەدەبوو. تەنانەت هەورەتریشقەیەک لە ئاسمانیش ئەوی وشیار نەدەکردەوە. تەنانەت گوێی لە دوایین ناڵەی پاکیتا نەبوو، دڵنیا بوو تەرمی بێگیانی کچەکە گوێی لە دەنگی ئەو دەبێت، بۆیە دەستی کرد بە قسە کردن:

- بێ ئەوەی دان بە تاوانەکەدا بنێی مردی.... بڕۆ بۆ جەهەنم

دێوی بێوەفا... بڕۆ و ببە هاودەمی شەیتان... بەهەموو بوونت قەرزداری منی بۆ خوێنێک کە لە ڕێگای ئەودا دات. بمرە... بمرە... بە ئازارەوە بمرە... هیوادارم سەختترین مەرگت هەبێت. من زۆر لە تۆ خۆش بووم و دلۆڤان بووم کە لەودا تۆم کوشت، دەبێ هەموو ئەو ئەشکەنجانەی بە منت دا ئەزموونت کردبا و تۆڵەم لە تۆ کردبایەتەوە. دەبێ من بژیم! دەبێ لە هەژاری و چارەڕەشیدا بژیم. لەمە بەدواوە تەنها عاشقی خوا دەبم.

دوای کەمێک ڕاوەستانی کورت بە پەرچەکردارێکی توندوتیژ لەبەر خۆیەوە وتی:

- ئەو مردووە! مردووە! خوایا! من لە خەمان دەمرم.

مارکی بەڵا لێدراو و بێهیوا خۆی خستە سەر سیسەم و ئیدی نەیدەتوانی قسە بکات. لە ناکاو هێنری بینی. بە ترسەوە بە خەنجەر شاڵاوی بۆ ئەو برد و وتی:

- تۆ کێیت!!!؟

هێنری قۆڵی ئەوی گرت و هەر دوویان چاویان کەوتە نێو چاوی یەکتر. هەڵگەڕان و سەرسووڕمانێکی تۆقێنەر خوێنی لە دەمارەکانی ئەوان ڕاگرت و وەک ئەو ئەسپانەی کە لە ترسی ڕم لە شوێنی خۆیان دەلەرزین. لەڕاستیدا هیچ دوو بوونەوەرێک ئەوەندە هاوشێوە و یەکسانی یەکتر بوونیان نییە. هەر دوویان پێکەوە قیڕاندیان:

- سوێند دەخۆم لۆرد دودلی باوکی تۆیە!

هەر دوویان بە نیشانەی تەئکید سەریان ڕاوەشاند. هێنری ئاماژەی بە پاکیتا دا و وتی:

- کچێکی خاوەن ئەسڵ و پاک بوو.

مارگاریتا خۆی دا بەسەر پێی پاکیتا و بە پەشیمانییەوە قیڕاندی:

- ئەو پاکترین کچ بوو... کچی چارەڕەش! خۆزگا دەمتوانی دیسان ژیانت پێ ببەخشمەوە! من هەڵەم کرد... لێم خۆش بە پاکیتا... تۆ مردی و منیش زیندووم! چارەڕەشتتر لە من بوونی نییە.

لەو ساتەدا دەموچاوی تۆقێنەری دایکی پاکیتا بەدەرکەوت. مارکی قیڕاندی:

- هاتووی پێم بڵێیت ئەو بۆ ئەوە بەمنت نەفرۆشت تابیکوژم. دەزانم بۆ ئەوە هاتووی، ئارام بە دوو بەرامبەر پارەی خوێنەکەت پێدەدەم.

تورەکەیەک زێڕی لە قەفەس هەڵگرت و بە سووکایەتییەوە فڕێی دایە بەر پێی پیرەژن. زرینگەی زێڕەکان ئەوەندە زۆر بوو کە پێکەنینێکی ڕەزایەت لەسەر پێستی ئەستووری دەموچاوی جۆرج دروست بوو. هێنری وتی:

- من لە کاتی خۆیدا هاتم خوشکم، دەبێ لە بەرامبەر پاسادا وەڵامدەر بیت.

مارکی وتی:

تەنها کەسێک کە ئەگەری هەبوو لەبارەی مەرگی ئەم کچەوە بەدواداچوون بکات کریستیمۆ بوو، ئەویش مردووە.

هێنری ئاماژەی بە پیرەژن دا و وتی:

- بەڵام دایکی!؟ تۆ هەمیشە ناچار نیت پارەی پێ بدەی بۆ ئەوەی بێدەنگ بێت؟

- دایکی خەڵکی سەرزەمینێکە کە باشتر لە ژنان ڕەفتار لەگەڵ شتەکان دەکەن و شتێک جیا لە پارەی بۆ گرنگ نییە. ژن وەکو کەلوپەلی نێو ماڵ دەکڕن و دەفرۆشن و تەنها بۆ تێرکردنی هەوەس کەڵک لەوان وەردەگرن. ئەم ژنە بە پێچەوانەی هەموو دایکەکانی دیکە ئەوەندە شەیدای زێڕ و زیوە کە تەنانەت پشت لە خۆشەویستی دایکایەتیش دەکات و ئەوەش بەسەر ئەودا زاڵ دەبێت.

هێنری بە خێرایی قسەی خوشکی بڕی و پرسی:

- تێناگەم ڕوونتر بڵێ.

- ئەو شەیدای قومارە. هیوادارم خوا تۆ لە بەڵای ئەو بپارێزێت.

هێنری سەیری کچی چاو ئاڵتوونی کرد و وتی:

- زۆرباشە... بەڵام بۆ پاککردنەوەی شوێنەواری ئەم تاوانە کە بێگومان یاسا پشت گوێی ناخات، چ کەسێک یارمەتیت دەدات؟

مارکی ئاماژەی بە پیرەژنی جۆرجی دا بۆ ئەوەی نەڕوات و دوایی بە هێنری وت:

- دایکی یارمەتیم دەدات.

هێنری کە نیگەرانی هاوڕێکانی بوو، هەستی کرد ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بۆ لای ئەوان بڕوات وتی:

- زۆرباشە... بەهیوای یەکتر بینینەوە.

- نا براک، ئیدی ئێمە ناتوانین یەکتر ببینین، دەبێ من بگەڕێمەوە بۆ ئیسپانیا و بۆ پەرستگەی لوس دلورێس بڕۆم.

هێنری باوشی بەودا کرد و ماچی کرد و وتی:

- تۆ هێشتا گەنج و سەرنجڕاکێشی.

- خوات لەگەڵ... کاتێک کەسێک هەموو شتێکی تۆ بێت و لەدەستی بدەی دڵداری مانایەکی نییە.

هەفتەیەک دوای ئەو شەوە پائول و دومارسە لە توئیلری یەکتریان بینی.

پائول وتی:

- برادەری فێڵبازی من، چ خەبەر لە کچی چاو ئاڵتوونی؟

- مرد.

- بۆچی؟؟؟؟

- نەخۆشی سیل.

پاریس مارسی ١٨٣٤-١٨٣٥

پائولی ئازیزم ڕۆژێک خۆت
دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کە چەندە
بەتامە ژمارەیەکی نەزان بۆ زانینی
نهێنییە سۆزدارییەکانی خۆیان بخەیتە
جموجۆڵ. من چێژێکی تایبەت لەوە
وەردەگرم لەسنووری خەڵکی نەزان
هەڵبێم. ئەو دەبەنگانەی نە دەزانن
خۆیان چییان دەوێت و نەدەزانن ئەوانیتر
چییان لەوان دەوێت، ڕێگاچارەیان
لەگەڵ ئامانج تێکەڵ کردووە، لەنێوان
ڕق و خۆشەویستیدا لەگەڕاندان، بەرزی
دەکەنەوە و دەیڕوخێنن! چ چێژێکی
هەیە کاریگەری لەسەر ئەوان دابنێیت
و نەکەویتە ژێر کاریگەری ئەوانەوە،
چ چێژێکی هەیە بەسەر ئەواندا زاڵ بیت
و هیچ کات بۆ ئەوان دەستەمۆ نەبی.
هەمیشە دەتوانی شانازی بە شتێکەوە
بکەیت، هیچ کەسێک نازانێت من عاشقی
کێم یان ئاوات بە چ شتێک دەخوازم؟!.